# ئەگەر شانۆ لە کوردستان مردبێ، چی زیندووە؟!





براىم فەرشی



## پێرست

ئایا دارەمەیتی شانۆ لە سەر شانی دەوڵەتی کوردستانە؟!
**مێزۆپۆتامیا و شانۆی باشوری کوردستان؟**
تێروانینی شانۆکارانی باشور لە مەڕ شانۆی وڵاتەکەیان
نوستالژی شانۆکاران
دابڕانی مێژووی شانۆ لە باشور
کێ شانۆی کووشتووە؟
داهاتووی شانۆی باشور و دەرچوون لە قەیران
بنەماکانی فکری و پێش مەرجەکانی گشتی کاری فەرهەنگی و هونەری
**بە سیستم کردنی شانۆ لە کوردستان**
پەروردەکردنی کادری شانۆ
پەروەردەکردنی مرۆڤی شانۆیی لە خوێندنگاکان
پەروردەکردنی گشتی کۆمەڵگا
تەلەوزیۆن
پێکهاتنی شانۆی میللی لە شارەکان
شانۆی زانستگاکان
شانۆی خوێندنگاکان
دەزگای شانۆ
کتێبخانە و موزەی شانۆ
شانۆی کورد و رزگاری نەتەوەیی

**دیالۆگی شانۆکاران لە باشوری کوردستان**
باخچەی مناڵانی سولەیمانی
تیپی نواندنی سولە یمانی
یەکیەتی هونەرمەندانی سولەیمانی
کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سولەیمانی
**دیالۆگ لە گەڵ شانۆکارانی هەولێر**
(ئەحمەد سالار, سفوەت جەراح, سەباح عەبدولرەحمان و ماموستاکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان)

## ئایا دارەمەیتی شانۆ لە سەر شانی دەوڵەتی کوردستانە؟!

تەرمی شانۆ لە باشوری کوردستان هێشتا نەنێژراوە و گۆڕیشی بۆ دیاری نەکراوە، بەڵام بە پێی بیر و لێکدانەوەی گەڵێک لە شانۆکارانی کوردستان، شانۆ لە گیانئەڵا دایە و بەرەو مردن دەبرێ!

ئەگەر ئەو بۆچوونە رەنگدانەوەی راستی بێت؟! ئەوە هەواڵی داڕزانی هونەرێکی پڕ لە شارستانیەت، فەرهەنگ، فکر و هزر و رامان جاڕ دراوە. مردنی جوانی و هونەر و بیر و هۆشی هونەریی هاوار کراوە.

بوونی شانۆ لە ناو میللەتاندا لە کۆنی کونەوە پێناسە بووە بۆ بوونی شارستانیەت و فەرهەنگ. ئەم شارستانیەتە راستەو خۆ گرێدراوی کیانی میللی و نەتەویی هەر وڵات و نەتەوەیەک بووە!

شانۆ کۆی هەموو هونەرەکانی سەردەمی خۆیەتی و هەرواش پێ بە پێی مێژووی ئینسان هاتووە و رەنگدانەوەی کۆمەڵگا و چونیەتی ژیانی خەڵک و بیر و رامانی مرۆڤ و کارەساتەکانی سەدەکان بووە. لە گەڵ هەموو گۆڕانە گەورەکانی ئینسانی، شانۆش گۆڕانی بە سەردا هاتووە. سەکۆی شانۆ لە هەر سەردەمێک دا جێ ژووانی هەموو هونەرەکان بووە. زیندووبوونی شانۆ  نوواندنی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و فەلسەفە و هونەر و سیاسەت و بیر و رامانە، مردنیشی کارەساتە. شانۆ نە تەنیا جێگای بیر و خەیاڵ و فانتێزی بووە، بەڵکو جێگای باس و لێدوان و نوواندنی هەموو کێشەکانی ئینسانی سەردەمەکان بووە،جێگای میعماری و ئارشیتێکتۆر و زانست و هونەری دارشتن بووە، جێگای ئەدەبیات و وشە و سەما و ئاواز و گۆرانی بووە، جێگای ژیان و تەختەیەکی مینیاتۆری لە جیهان بووە.  **ئەگەر لە وڵاتێک سەرجەمی ئەو شارستانیەیتە لە گەڵ شانۆ مردبێت؟ چی زیندووە؟!**

زۆربەی شانۆکارانی باشور، دەڵێن سەردەمی دیکتاتۆری سەدام و بەعس، سەردەمی "زێڕینی شانۆ" لە کوردستان بووە و شانۆ لە سەردەمی دەستەڵاتی کورد خۆیدا داڕماوە و داڕزاوە! ئەم وتەیە هەموو ئەو بۆچوونانە رەد دەکاتەوە، کە دەڵێت **"شانۆ لە ئازادیدا هەڵدەدات"**. ئەم وتەیە دژی ئەم بۆچوونەشە، کە شانۆ بە **"پێناسەی شارستانیەت"** دەزانێ. سەرئەنجامی مەنتقی ئەم بۆچوونە دەبێ ئەوە بێ کە بڵێین: "کورد لە 13 ساڵی رابوردودا خاوەنی کیان و دەستەڵاتی خۆی نەبووە و ئازادیش بۆ چێ کردنی شانۆ و شارستانیەت لە گۆرێدا نەبووە!؟" ئەوانەی کە خاوەنی ئەم بیر و بۆچوونە بن، دەبێ لە نەهایەتدا دەوڵەتی کوردستان بە سەرچاوەی داڕزانی شارستانیەت و ئازادی و مردنی شانۆ بزانن! دەبێ دارەمەیتی شانۆ بە سەر شانی دولەتمەردانەوە ببینن. خاوەنی ئەم بیروبۆچوونە دژ بەیەکانە، دەبێ لایەنی لۆژیک و مەنتقی پێک هاتنی " دەورەی زێڕینی شانۆ" لە سەردەمی دیکتاتۆریدا،روون بکەنەوە و هەروەها دەبێ مەنتقی "گەشەساندنی شانۆ لە ئازادی"دا، رەد کەنەوە! دەبێ هەڵسەنگاندنی روون لە مەڕ داڕزانی "شارستانەت" لە ئازادیدا و گەشەساندنی"شارستانیەت" لە سەردەمی دیکتاتۆری دا بدەنە دەست. سەرئەنجام دەبێ روونی کەنەوە کە چۆن دەکرێ لە سیستمێکی دیکتاتۆریدا "شارستانیەت" هەم لە ناو بچێ و هەمیش گەشە بستێنێ؟!

لە مێژووی کوردستاندا دەخوێنینەوە کە 60 ساڵ لەمەوبەر "یەکەمین **کۆماری کوردستان** لە مەهاباد سەرەتا لە سەر **تەختەی شانۆ** دامەزراو پاشان گوێزراوەتەوە بۆ سەر سەکۆی ژیان."[1] ئەمرۆش لە باشوری کوردستان بە پێچەوانەوە دەبیستین  کە شانۆ لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی کوردیدا مردوە! ئەم نووسراوەیەوە لەم دیاردە دژ بەیەکانە دەدوێن.

## مێزۆپۆتامیا و شانۆی باشوری کوردستان؟

باشوری کوردستان ئەمرۆ بە پێی ژمارەی دانیشتووان و بەرینی خاک، پاش باکور و رۆژهەڵات سێهەم ناوچەی کوردستانە. باشور لەو شوێنە هەڵکەوتووە کە بە مێزۆپۆتامیا ناودێر کراوە. مێزۆپۆتامیا

بێشکەی فەرهەنگ و شارستانیەتی کۆنلە هەزارە و سەدەکاندا بووە. مێزۆپۆتامیا یەکێک لە دەولەمەندترین کانگاکانی ئەفسانە و ئایین ورازگێرانەوە و سەما و ئاواز و گۆرانی و ڕێ و ڕەسم و داب و نەریت و نوواندن و نمایشەکانی ئایینی و سروشتی، نمایشەکانی تایبەت بە قەوم و هۆز و عەشیرەو تایەفەکان، نمایشگەلی تایبەت بە پیشە و جێژن و بۆنەکان بووە.

لە کتێبی گەڕان بە شوێن فەرهەنگی مادەکاندا هاتووە:

*"لە کەناری چۆمی فرات، لە ڕێ و ڕەسمی تایبەتیدا پیاوێکی یەختەکراو، دەبوو پێش خەڵک بکەوێ. منالان و لاوان بە دەم و چاوی ڕەنگ کراوەوە وەشوێنی دەکەوتن و وێنەی ئیلاهەیان بە سواری کەر لە گەڵ خۆیان دەبرد. کاتێک دەگەیشتنە گوندێک شانۆی ئایینی یان پیشکەش دەکرد."* [2]

لە هەمان کتێبدا لە درێژەی گەڕان بە شوێن ڕێ و شوێنی شانۆدا هاتووە:

*"ئەگەر فەلسەفە بنەما بێت بۆ چێ بوونی شانۆ و هونەر، ئەوە بەر لەوەی یۆنانیەکان برژێنە ناو ئێرانەوە(کە باشوری کوردستانیش دەگرێتەوە. ب.ف)، فەلسەفەی زەردەشتی، مغان، خەسرەوانی و فەهلەوی هەبووە".* [3]

لە مەڕ بوونی تالارەکانی شانۆ لە سەردەمی مادەکاندا مری بویس دەڵێ:

*"یونانیەکان زۆر شاری نوێ لە وڵاتی مادەکاندا دروست دەکەن! ئەم شارانە هەمووشت لە وانە تەماشاخانەی هەبووە."* [4]

پاشان لە دەورەی هەخامەنشییەکاندا کە باشوریش بەشێک لەو ئیمپراتوریە بووە ئاوا باس لە شانۆ دەکرێ:

*"لە سەردەمی ئەردەشیری دووهەم شای هەخامەنشیدا <u>کارەکانی ئایینی رواڵەتێکی نوێیان</u> وەرگرت. لەم سەردەمەدا بە پێچەوانەی پێشوو کە ڕێ و ڕەسمی ئایینی لە <u>دەرەوە</u> بەرێوە دەچوو، گەیشتە ناو <u>پەرشتشگاکان،</u> لە زۆر لە شارەکان پەرستشگای ئاناهیتا سازکرا. چەند لەم پەرستشگا بە ناوبانگانە، لە ساڵانی 404 ب.ز.(301ی مادی) هەتا 395 ب.ز.(400ی مادی) بریتی بوون لە: پەرستشگا گەورەکانی هەمەدان، کەنگاوەر و نەهاوەند."* [5]

ناوەرۆک و تێمی شانۆکانی سەردەمی کۆن لە وڵاتی ئێمە، نزیک لە ناوەرۆکی هەمان سەردەم و سەردەمەکانی پاشانی وڵاتی یۆنان بووە:

*" پلۆتارکی یۆنانی لە زاری "کتنرپاس"وە دەگێریتەوە: لە راپۆرتێکدا هاتووە کە ئەردەشیر و کورش دووبرا لە سەر وەرگرتنی دەستەڵات دەکەونە شەڕەوە. لەم شەڕەدا دەزگیرانی کورش ئەسپاسیا دەکەویتە دەست ئەردەشیر. داریوش کوڕی ئەردەشیر دڵی دەچێتە دەزگێرانی مامی واتە ئەسپاسیا. کاتێک داریوش بۆ جێنشینی دیاری دەکرێ، بە پێی داب و نەریت لە دەرباری ئێراندا، دەتوانێ داوایەک لە شا بکات. داریوش داوا لە باوکی دەکات ئەسپاسیا بدرێت بەو. شا ئەم داوایە قەبوڵ دەکات، بەڵام دوایە لە بەر ئیرەیی بردن بە کوڕەکەی خۆی، ئەسپاسیا رەوانەی پەرستشگای هەمەدان دەکات هەتا لەوێ خزمەتی ئاناهیتا بکات و پاک و خاوێن بێتەوە. ئەوەش بڵێین ئاتوسا هەم کچ و هەم ژنی ئەردەشیری دووهەم پاشای هەخامەنشی بوو!* [6]"

لێرەدا هیزی ئەوین، دەستەڵات، ئەوینی برازا و ئامۆژن، بەخیلی و ئیرەیی بردن، سزادان، دوژمنایەتی برا لە گەڵ برا، دەبیندرێ. هەمووی ئەوانە ژیانی رۆژانە و ئاسایی دەرباری شاکانی ئێران دەردەبڕێ و هەر ئەم بابەتانە بوونەتە ناوەرۆکی زۆر شانۆی یۆنانی سەردەمی کۆن و دواتریش. بۆ وێنە شانۆی "فارسەکان" لە نووسینی"ئاخیلۆس"، هەم تێکەڵی یۆنان و ئیمپراتوری ئێران و بە هەمان شێوە نزیکی ماد و یۆنان و پارس و یۆنان دەگەیێنێ و هەمیش بەربەرەکانی فەرهەنگی و کۆمالایەتی و ئەرزشی، لە گەڵ یەکتر دەگەیێنێ، کە شانۆ و ئەدەبیاتی شانۆش دەگرێتەوە. بێ گومان دەبێ بەرپەرچدانەوە و دژکردوە لە لایەن ئێرانیەکانیش لە بەستێنی ئەدەبی و درامی دا هەبووبێ کە بە پێی وتنی شارەزایانی ئەدەبیاتی یۆنانی کۆن، ئەم نووسراوانە ئێستاش دەبێ مابێ.

لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە سەرزمینی مێزۆپۆتامیا بوون ئاوا باس لە تالارەکانی شانۆ دەکرێ:

*"دۆزراوە بەجێ ماوەکانی تالارێکی شانۆی یۆنانی و ماسکەکانی نمایش لە"نسا" پێتەختی ئەشکانیەکان لە نزیک شاری عیشق ئاباد و هەروەها پەیداکردنی نیشانەکان، لە مەڕ پێشکەشکردنی شانۆنامەکانی یۆنانی لە سەردەمی"ئۆرۆپوس" لە شاری کۆنی "سوریا"، کە لەو سەردەمەدا بەشێک لە ئیمپراتوری پارتەکان بووە، بەڵگەیەکی ترن بۆ سەلماندنی ئەم باوەڕە کە شانۆی یۆنانی لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا برەوی هەبووە."* [7]

ئەم بەڵگە مێژوویانە کە بەشێک لە سەرجەم بەڵگەکانن، سەلماندنی بوونی شانۆیە لە سەردەمی مادەکان و پاش مادەکان لە وڵاتی ئێمە کە مێژووی باشوری کوردستانیشە.

مێزۆپۆتامیا یەکەم مەڵبەندی پێکهاتنی دام و دەزگای حکومەتی و بەڕێوەبردنی دەستەڵات بووە. مێزۆپۆتامیا مەڵبەندێکی داخراو نەبووە و میللەتانی نیشتەجێ لەم مەڵبەندە پێوەندیان لە گەڵ ولاتان و مەلبەندەکانی تری ئەو سەردەمە هەبووە. بیرو هزری پێوەندی گرتن و کۆمۆنیکاسیۆن و دەرچوون لە جەعزی ناوچەیی لەم مەڵبەندە، مێژوویەکی فرە کۆنی هەیە. بۆ ئەم خوزیایە یەکەم جار (دەهەزار)10000 ساڵ بەر لە ئێستا یەکەم نیشانەکانی پێوەندی گرتن لە سەر خشتی گڵین لە مێزۆپۆتامیا چێ کراوە.[8] بوونی دەهەزار ساڵ مێژوو بۆ چێ کردنی کەرسە بۆ راگەیاندن و کۆمۆنیکاسیۆن لە نێوان ئینسانەکاندا لە مێزۆپۆتامیا، نیشانەیە بۆ دەهەزار ساڵ مێژووی فکری کۆمۆنیکاسیۆن و دەربڕینی بیر و هزری ئینسانی، کە پاشان قالب و فۆرمی تری بەخۆییەوە گرتووە و هونەر و چەشنەکانی هونەریشی گرتۆتەوە، لەوانە هونەری شانۆ.

مێژووی بوونی ئەفسانە و ئایینەکانیش هەمان مەبەست دەگەێنن. بوونی ئایینەکانی چەند خوایی و ئایینی میترا و زەردەشت لە ناو کۆمەڵە خەڵکی سەر بە بنەچەکی کوردەکانی ئەمرۆ و بوونی دەزگای حکومەتی مادەکان و بوونی مەجلیسەکانی نوواندن و رازگێرانەوە و بەیت خوانی و بەسەرهات گێرانەوە و بوونی کۆمەڵە خەڵکێک بە ناوی موغ و بەیتخوان و ئاوازخوان کە کارو پیشەیان راگرتن و پاراستن و بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی فەرهەنگ و هونەر بووە، نیشانەی ئەوەیە کە باشوری کوردستان لە کۆنەوە مەڵبەندێکی دەوڵەمەندی شارستانیەت بووە. پێوەندی یۆنانیەکان و مادەکان لە رەدەی سەرەوەی دەستەڵات و لە رەدەی بەربڵاوی خوارەوەدا بۆ ئاڵوگۆری کەل و پەل و زانست و فەرهەنگ و هونەر لە 2700 ساڵ بەر لەئێستا، و هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئەو ماڵبەندە و خراکردنی شارەکان و دەزگاکانی خەڵکی و حکومەتی و ئایینی و فەرهەنگی و هونەری مادی و پارتی، لە وانە دەزگاکانی نمایشکردنی ئەو سەردەمە و سازکردنی شاری نوێ و دەزگای حکومەتی و شانۆ و دەزگاکانی هونەری یۆنانی نیشانەیەکی تری بوونی ئاڵوگۆری فەرهەنگی و بوونی شانۆی مادی و شانۆی یۆنانییە لە مێزۆپۆتامیا و لە کوردستان. ئەمەش دەبێ بۆ هەر بیرمەند و مێژووناس و توێژەرەوەیەکی وڵاتی ئێمە روون بێت کە فەرهەنگ، هونەر و ئایین و هەموو بەرهەمەکانی مادی و مەعنەوی ئینسانی لە ناو میللەتان و وڵاتاندا لە هاتن و چوون دان و گۆڕانی تایبەتیان بە سەردا دێت و پاش گۆڕانەکان، رەنگە لە ماوەی هەزارەکان و سەدەکاندا دەیان و سەدان جار بگەڕێنەوە ولاتی دایک و دیسان لە گەڕان دابن. ئەم دیاردەیە لە هەزارەی سێهەم و سەدەی بیست و یەکدا زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر بەرچاوە و خەڵکان ناوی گلۆبالێسمیان لێ ناوە. شانۆش وەک ئایین مەکۆی سەرەتای خۆی لە مێزۆپۆتامیاوە بۆ وڵاتانی تر لە وانە وڵاتی یۆنان بەجێ هێشتووە و لە سەفەرێکی دور و درێژی مێژوویيدا پاش گەڕان بە هەموو جێهاندا لە سەردەم و سەدەکاندا گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی، واتە مێزۆپۆتامیا. هەر ئەم گەڕانەیە، کە سیمایەکی جیهانی بە شانۆ، ئایین، هونەر،فەرهەنگ و خودی ئینسان دەبەخشێ! ئەمانەش بۆیە جیهانین لە بەر ئەوەی رەنگ و بۆن و بەرامەی هونەر، بیر و هزر وفکر و ئەستەتیک، فەرهەنگ و زمان و هونەری هەموو مرۆڤی سەر گۆی زەوی لە خۆ دەگرن و لە هەمان کاتیشدا ناوچەیین و جیاوازن لە یەکتری. شانۆی ئوروپا، ئافریقا، ئاسیا، ئامریکا و ناوچەکانی تر و میللەتان، ناوچەیی و تایبەتین و

هەر دەوەرێک فۆرم و شکڵی خۆی لە ناوەرۆک و جیهانبینی مرۆڤەکانیەوەو وەگرتووە و ساختاری شانۆیی جیاواز لە یەکیان پێک هیناوە. جیاوازی و تایبەتمەندیەکان دەگەنە ئەو رادەیە کە شانۆ بە ناوی تاکە کەسانەوە پێناسە کراوە، کە فۆرم و ناوەرۆک و ئەستەتیکی تایبەت بە خۆیان خوڵقاندووە و پاشان بوونەتە میللی یانی جیهانی. شانۆ لە هەموو جیهان هەم ناوچەیە و هەمێش جیهانیە. پێکاتەی شانۆی ناوچەیەی و جیهانی باسێکی ترە کە لە بابەتێکی تردا باسی لێوە دەکەین.

بە کورتی باشوری کوردستان بە شێوەیەکی سروشتی درێژەی خاک و مێژووی باکور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانە و خاوەنی هەمان شارستانیەت و مێژووی کوردان. شانۆی باشوریش دەبێ درێژەی مێژووی خۆی بێت بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە نە درێژەی مێژووی شانۆی وڵاتێکی دەستکردی تەمەن 80 ساڵەی سامی بە ناوی عێراق.

## تێروانینی شانۆکارانی باشور لە مەڕ شانۆی وڵاتەکەیان

ئەو کتێب و گۆوار و (پرۆگرامە تەلەوزیۆنیانەی) کە باس لە پێکهاتنی شانۆ و سەرهەڵدانی شانۆ دەکەن هەموویان بە خڕی بڕوایان وایە کە مێژووی شانۆ لە باشور لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە قوتابخانەکان دەستی پێکردووە و لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و پاش ساڵانی شەست پەرەی ساندووە و لە سەردەمی دیکتاتۆری سەدامدا، دەورەی زێڕینی پێواوە و ئێستاش بێ ناز و بێ کەس دوا نەفەسەکانی هەڵدەکێشێ.

شانۆی سەرەتاکان، واتە شانۆی مەدرەسەکان، چەشنە نمایشاتێکی ساکار و فەسڵی بووە کە لە لایەنی ناوەرۆک و فەرهەنگیەوە یان پەیوەست بووە بە سیستمی دەستەڵاتی پەروەردە و بارهێنانی عێراق و یان حەول و تێکۆشانی کەس یان کەسانیکی خوێندەوار و باوەڕمەند و ئەدیب و ماموستای کوردی قوتابخانەکانی کوردستان بووە. لە هەر دوو حاڵەتدا شانۆ لە خوێندنگاکانی کوردستان نە بە پێی بەرنامەی دارێژراوی وەزارەت و ئیدارەکانی پەروردەی عێراق بنیات نراوە و نە پرۆژە و بەرنامەی دارێژراو لە لایەن کوردەکان خۆیانەوە بووە. "شانۆ" یاخۆ نمایش هەتا ساڵانی 60 بە شێوەی ساکاری خۆی لە بازنەیەکی تەنگی پێشکەشکەران و بینەراندا، درێژەی بە ژیانی داوە و گەلێک دور بووە لە شانۆ بە مانای ئیستاندارد.

لە ساڵانی 60 بەو لاوە کەسانێک بۆ خوێندنی تایبەت بە شانۆ چوونەتە پەیمانگاکانی بەغدا و پاش گەڕانەوە بە دید وبۆچوونی ئەو سەردەمەی عێراق، لە کوردستان کاری شانۆیان کردوە، کە لە ناو بەشێک لەو کەسانەدا بیرکردنەوە لە شانۆی کورد و نوواندنی کوردی و تێکستی خۆماڵی چەکەرەی داوە و کۆمەڵێک بەرهەمی ئەو رۆژگارانە لە ئارشیوی کورددا ماونەتەوە. لە گەڵ گەورەبوونەوەی شارەکان و زۆربوونی دەزگا دەوڵەتیەکان لە بواری راگەیاندن و فەهەنگ و زانست و پەرورده و خویندنی باڵا و گۆڕینی سیمای فەرهەنگی، گروپەکانی شانۆ زۆرتر دەبن و بیری لاسایی کردنەوەی شانۆی عەرەب و "رۆژئاوا" پەرە دەستێنێ و تاقیکردنەوەی شانۆیی بۆ کەسانێک دەبێتە مەبەست. لەم سەردەمەدا لە پاڵ رەنگاورەنگی چەشنەکانی شانۆ، چەشنێک لە ئاڵۆزی تێروانینی شانۆیی و هونەری پەرە دەستێنێ. هەرچەند لەم سەردەمەدا بە نیسبەتی پێشوو "شانۆنامە" زۆرتر پێشکەش کراوە و "زمانی کوردی" وەک زمانی سەرەکی لە شانۆدا بەکارهێندراوە و "باسی شانۆ" لە گۆشەنیگای خوێندکارانی بەشەکانی شانۆوە پەرەی ساندووە و بە دەیان "تێکستی کوردی" نووسراون و بە دەیانی تر لە زمانی عەرەبی و کەمتر لە زمانی ترەوە هەڵگەرێندراونەتە سەر زمانی کوردی و گروپی سەربەخۆی شانۆ پێک هاتوون و تەلەوزیۆنەکان ئیمکانێکی تازەیان بۆ شانۆکاران خوڵقاندووە، بەو حاڵە شانۆ لە باشور:

- نەبوو بە دەزگایەکی کوردستانی،
- تایبەتمەندییەکانی دیاری نەکرا،

- روالەتی پرۆڤیسیۆنالی بە خۆیەوە نەبینی،
- لە ناو خەڵکدا نەبوو بە کەلتوری گشتی.

لە باشترین حاڵەتدا کەرەسەیەکی زۆرتر "سیاسی _ رۆشنبیری" کۆمەڵە خەڵکێک بوو بۆ باسکردن لەدەستەڵاتی داسەپاوی دیکتاتۆری، هەڵوێستێکی سیاسی رۆشنبیرانە بووە دژی دەزگاکانی دەستەڵاتی دیکتاتۆری. زمانێکی پر لە پێچ و پەنا بووە بۆ درکاندنی مانایەکی سیاسی.

حەولی شانۆکاران لەو سەردەمانەدا بە جێ گەیاندنی پرۆژەیەکی فەرهەنگی، زانستی و هونەری بۆ بنیات نان و دارشتنی شانۆ وەک دەزگایەکی فەرهەنگی، هونەری و زانستی نەتەوەیی و ناونەتەویی نەبووە، بەڵکو حەولی تاکە کەسی و گروپی بووە لە چواچێوەی بیر و رامانی سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتی و شەخسی کە هیچ کات بە یەکبوون نە گەیشتن لە هیچکام لەم بوارانەدا، کە ئەمرۆش هەر وایە.

لە گەڵ ڕمانی دیکتاتۆری لە کوردستان، ماڵی شانۆش وێران دەکرێ،کە لە راستیدا وێران کردنی ئەو "موناسباتەیە" کە زاڵ بووە بە سەر شانۆی کوردستان و شانۆکاراندا. ئەگەر شانۆ لە کوردستان خاوەنی بنیات و دەزگا،بیر و هزر، تێروانینی فەلسەفی و شانۆیی و فەرهەنگی بوویایە و پیشەیەکی جێگیری ناو کۆمەڵگا بایە، پاش ئازادبوونی کوردستان، سەرە رای هەموو جیاوازیەکان، نە تەنیا زار و نزار نەدەبوو بەڵکو گەشەی دەساند و لە مەیدانی فکری و سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتیدا دەوری جیدی دەگێرا.

## نوستالژی شانۆکاران

وا بۆ 13 سال دەچێ کە لە هەموو دەرفەتێکدا پیران و خانەخوێکانی شانۆ لە قسە و باسەکانیاندا باس لە ساڵانی زێرینی رابوردووی خۆیان و شانۆ دەکەن و وای لێکدەدەنەوە کە شانۆی پێشوو مەبەستێکی بەرزی نیشتمانی و سیاسی و ئازادیخوازانەی هەبووە و زۆرێک لە شانۆکاران پێشمەرگەی شانۆ بوون.

بەکارهێنانی وشەی پێشمەرگە بۆ کار و پیشەی هونەری دەبێ نیشانە بێت بۆ لە خۆبردوویی ئەو کەس و کەسانە کە کاری هونەریان لە سەردەمی دیکتاتۆریدا کردوە، بەڵام ئەم وشەیە لە پێوەندی لە گەڵ کار و پیشەی هونەریدا نیشانە نیە بۆ چۆنیەتی و پلەی هونەری، بەڵکو نیشانەیە بۆ کارێکی سیاسی یان حیزبی لە رێگای فۆرمێکی هونەریەوە. لەم چەشنە کارانەدا ناوەرۆکی سیاسی و حیزبی شانۆنامەکان و ئیما و ئیشارەی شانۆکاران و زمانی رەمز وراز زۆرترین باخیان پێدراوە و شانۆ لە پرۆڤسیۆنالیتەتی هونەری نزیک نەبۆتەوە. ئەم شێوە کاری هونەری و بیرکردنەوەیە ئەمرۆش بە سەر هونەر و دەزگاکانی راگەیاندندا زاڵە و لای فرە کەس بۆتە پێناسە بۆ کاری هونەری بە تایبەتی لای حیزبەکان و هونەرمەندانی حیزبی.

شانۆکاران و کارگێرانی پێشووی شانۆ، ئاستی کارەکانی خۆیان لە رابوردودا بەرز دەنرخێنن و بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان بەرزی کارەکانیان لە ئاستی عێراقدا بە نیشانە دەهێننەوە. ئەوەی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی و لە سەردەمی کۆماری و بەعسیەکاندا پلەی شانۆی چەندە بەرز بووە، جیگای مشت و مڕ و لێدوانە. لە هەموو ئەو ساڵانەدا عێراق چ لە دنیای عەرەب و چ لە ناوچەدا لە بواری شانۆدا خاوەنی ناو نەبووە. ئەوەش کە تیپی شانۆی نەتەوەیی عێراق لە لایەن رۆبێرتۆچوولی ئیتالی بەرپرسی شانۆی "مولهایم ئان دێر روهر" لە سەر حیسابێکی مادی و سیاسی ناوبراو، لە دواین ساڵی دەستەڵاتی دیکتاتۆری سەدام، هێنران بۆ ئاڵمان، نیشانەیەکی زەق بوو بۆ شانۆیەکی پلە نزمی دنیای عەرەبی- عێراقی. دیکتاتۆری عیراق بە هەموو ئیمکاناتی مادی خۆی و ئیمکاناتی مەعنەوی میللەتی عەرەب نەیتوانی پلە وپایە بە شانۆی عەرەب زمانی دەستەڵاتدار ببخشێ. چۆنە کوردی ژێردەست و ئاسمیلەکراو و وڵات وێران کراو، پلەی شانۆکەی بە مانای هونەر و تەکنیک بەرزتر و زێرینتر لە نەتەوە

سەردەستەکە هەڵدەسەنگێندرێ؟ شارەزایانی شانۆ بە جێگای نوستالژی دەبێ بەڵگەنامەکانی کاربەدەستان و دەزگاکانی ئیداری و فەرهەنگی حکومەتی عێراق بە تایبەت سەردەمی سەدام بپشکنن بۆ ئەوە زۆرتر ئاگاداری هەلویست و سیاسەت و بەرنامەرێژی سیستمەکە بن لە سەر شانۆ و هونەر و هونەرمەندی کورد لە عێراق. دەبێ جیاوازی سیاسەتی ئەنفال و داپلۆسین و وێرانکردنی وڵات و کیمیابارانکردنی شارو گوندەکان لە لایەک و مەودابەخشین و هەل رەخساندن بۆ گەیشتن بە"سەردەمی زێرینی شانۆ" بۆ ئێمە روون بێتەوە. ئەم تاقیکردنەوە ئەگەر راست بێ، ئێمە یەکەم میللەتین لە سەر گۆی زەوی کە بووچونێکی تر لە سەر فاشیسمی هونەری و سیاسی دەدەینە دەست کە بەم چەشنە دژ بە یەک لە سیستمێکدا کارتێکردنی جیاوازیان هەبووە.

شانۆی عێراق لە هیچ دەورەو زەمانێکدا نەگەیشتۆتە پلەی شانۆی میسر و ئەلجەزایر و مەراکش و سنوری وڵاتەکەی خۆی نەبەزاندووە. ئەوەش کە لە کوردستان ئاستی عێراق بە پلەیەکی بەرزی شانۆ بۆ کوردستان پێناسە بکرێ، نیشانە نیە بۆ پلەی بەرزی شانۆ لە کوردستان، بەڵکو بە پێچەوانەوە نیشانەی نزمی شانۆی کوردستانە لە چەند لایەنەوە:

یەکەم کورد و عەرەب وەک دوو نەتەوەی تەواو جیاواز لە یەک شانۆکەیان نە بنەما و بەیسی وەک یەکیان هەیە و نە مێژووی هاوبەشیان هەبووە. شانۆی عێراق لە باشترین حاڵەتدا شانۆی عەرەبیە و دەچیەتە خانەی شانۆی عەرەبەوە و پێوەندی بە شانۆی کوردەوە نیە. شانۆی کورد لە لایەنی رەگەزی و زمانی و فەرهەنگی و مێژووییەوە دەچێتە خانەی شانۆی هێندو ئوروپییەوە و رەگەزەکانی شانۆی کورد لە میللەتانی سەر بە بنەماڵەی"هیندوئوروۆپی" گەلێک گەلێک نزیکترە، هەتا شانۆی عەرەب و "شانۆی عێراق".

دووهەم لە 80 ساڵی رابوردودا شانۆ لە کوردستان نە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی و زانستی و ئینسانی وەک بەغدا و بەسرە و شارەکانی تری عێراقی هەبووە و نە شانۆ لە کوردستان وەک شانۆی کورد پێناسە کراوە و تایبەتمەندیەکانی جیاکراوتەوە و نە لە فۆرم و تەکنیک و تەنانەت جیهانبینی و ئەستەتیکەوە جیاواز لە بەغدا بووە. شانۆ لە کوردستان جگە لە لایەنە سیاسیەکە خاوەنی رێچکە و سیستمی تایبەت بە خۆی نەبووە، بە پێچەوانە لە باشترین حاڵەتدا درێژەی فەرهەنگ و زانست و مێتۆدەکانی بەغدا بووە، هەر ئەوەش مەیلی سەرەکی رێگادان بە کاری شانۆ بووە لە لایەن دەستەڵاتدارانی عێراقەوە بە کوردەکان. پەیکەری شانۆی کورد لەم دەورەیەدا چەشنێک لە ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و فکری لە خۆیدا پەرە پێداوە،شانۆی کورد و شانۆکاران نە تەنیا ئازاد نەبوون بەڵکو دیلی ناو سیستمەکە بوون، نەمانی ئەم قالب و سیستمە لە کوردستان ئەو چەشنە شانۆیەش مندار دەکاتەوە.

سێهەم ئەگەر کەسانێکیش پێیان وابێ کە کورد و عەرەبی عێراق لە هەشتا ساڵی رابوردودا شانۆیەکی هاوبەشیان پێک هێناوە، دەبێ ئێلێمێنت و عونسر و تایبەتمەندیەکانی ئەم شانۆیە نیشان بدەن و لە تێئۆری و پراکتیک دا بینوێنن.

چوارەم ئەگەریش پێیان وابێ پەیمانگاکانی عێراق لە ژێر دەستەڵاتی فاشیسمی بەعسیدا لە سەر بنەماکانی شانۆی کلاسیک و مودێرنی ئوروپی و جیهانی بەرێوە چووە و هونەر و تەکنیکی شانۆ بە پێی مێتۆد و زانستی شانۆی ئوروپا(رۆژهەلات و رۆژئاوا) لە تئوری و پراکتیکدا فێر کراوە، ئەوە دەبوو پاش رووخانی سەدام دەستکەوت و پلە و پایەی هونەری و زانستی بەرزتری لە خۆی نوواندبا و گەشەی ساندبا. بەڵام بە پێچەوانەوەی وتەکانی دەرچووانی پەیمانگاکانی بەغدا، ئەوە شانۆی نەخۆش و زار ونزاری دەورەی دیکتاتۆری یە کە ئێستا لە سەرە مەرگ دایە.

پرسیارە ئەوەیە ئەگەر شانۆی عێراق لە سەر بنەماکانی جیدی زانستی و هونەری بینا کرابایە و خاوەنی پلە و پایە و مێژووی تەندروست بایە، دەبوو پاش روخانی سیستمی دیکتاتۆری لە کوردستان و عێراق باشتر لە پێشتر مەیدانداری سەر سەکۆکانی شانۆ بایە. بەڵام دەبینین شانۆ لە کوردستانی پاش سەدام و لە عێراقی پاش بەعس نە پەیامی دیار و رۆشنی هەیە، نە شاخسێکی هەیەو و نە زمان و فۆرمێکی

هونەری هەیە. ئەوەش تەواو بە پێچەوانەی تاقیکردنەوەکانی ئەو وڵاتانەیە کە لە بارودۆخێکی دیکتاتۆریەوە کەوتوونەتە بارودۆخێکی ئازادتر کە بۆتە هۆی گەشە ساندنی شانۆیان.
شانۆی کوردستان لە هەوای "ئازادی"دا بەرەو مردن رۆیشتووە!؟ ئەوەش لە چەشنی خۆیدا تەنیا تاقیکردنەوی کوردستانە و بەس. نوستالژی شانۆکاران و پشت بەستنیان بە سەردەمی شانۆی دەورەی دیکتاتۆری وەک دەورەیەکی زێرین، رەنگە وەک کارێکی سیاسی لە جێگای خۆی دابێ، بەڵام بێ پەیامی و بێ بەرهەمی و رمان و تیکشکانی شانۆ لە هەموو کوردستان،رەدکردنەوەی ئەم دەورە زێرینەی شانۆ دەگەیێنێ! هەڵگرانی ئەم بۆچوونانە دور لە نوستالژی شەخسی پێویستە ئەوە روون بکەنەوە کە چۆن دیاردە دژ بەیەکەکان لە عێراق و کوردستاندا بوونیان موومکین بووە! چۆن لە ژێر دەستەڵاتی دیکتاتۆری و پاکتاوی نیژادیدا شانۆی نەتەوەیەکی بن دەست گەشەی ساندووە،کە بە سەردەمی"زێرین"یش پێناسە دەکرێ؟ ئەی چۆنە ئەم شانۆ پلە بەرزە لە سەردەمی دەستەڵاتی نەتەوەی بندەستدا، تووشی نووشستی بووە و ئێستا تەڵقینی مەرگی بۆ دەخوێنن؟ خاوەنی ئەم بیروبۆچوونانە پاش تێپەربوونی 13 ساڵ دەبوو ئانالیزێکی جیدی لە سەر وەزعی شانۆ لە هەر دوو دەورەدا بدەنە دەست و مێدیاکان پڕ نەکەن لە فرمێسکی گەش بۆ شانۆ! ئەو کەسانە شانۆ وەک  کارێکی تاکە کەسی و گرووپی خۆیان دەبینن و دور لە زانست سەیری شانۆ دەکەن و شانۆ وەک دەزگایەکی سیستیماتیکی زانستی، هونەری،تەکنیکی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی نابینن و وەک کوردیش خۆیان دابڕاو لە مێژووی شارستانیەت و شانۆی کورد سەیر دەکەن. بەشێکی تری بۆچوونەکانیان ئەوەیە کە خۆیان لە حاند نووشستی هێنانی شانۆ پاش راپەرین بە بەرپرسیار نازانن و سووچی وەزعی شانۆ دەخەنە ئەستۆی کەسان و ئەو دەزگایانە کە خۆیان بەرپرسی نین. سەیریش ئەوەیە کە هەر ئەو کەسانە خۆیان بەرپرسی وەزارەت و ئیدارات و پەیمانگا و شوێنەکانی هونەری شانۆیی بوون و هەن. ئەوەی ئەمڕۆ بە سەر شانۆ هاتووە بەرهەمی هەر دوو دەزگای دەستەڵاتداری عێراقی و کوردستانی و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی شانۆ و ئاپاراتی سیاسی و حکومەتی کوردستانە کە دەبێ بکەوێتە بەر باس و لێدوان.

## دابڕانی مێژووی شانۆ لە باشور

سەرچاوەی مێژووی شانۆی باشوری کوردستان ناگەرێتەوە بۆ عێراق. شانۆی ئەو بەشەی وڵات هێچ پێوەندییەکی بە عێراق و عەرەب و ئایینی ئیسلام و داب و نەریتەکانی شانۆیی و ناشانۆیی سەرجەم جیهانی فکری و هونەری و فەلسەفی عەرەبەوە نەبووە و نیە. هەر وەک چۆن موسیقا و زمان و فەرهەنگ و هەڵپەرکێ و جل و بەرگی کوردی  پێوەندی بە عەربەوە نیە بە هەمان شێوە شانۆی باشوری کوردستانیش پێوەندی بە شانۆی بەغدا و شام و دنیای عەرەبەوە نیە. سەرچاوەی مێژوویی و فکری و هونەری شانۆی باشور هەمان سەرچاوەیە کە رۆژهەڵات هەیەتی و هەمان سەرچاوەیە کە باکور و رۆژئاوا دەبێ هەیبێ. ئەگەر شانۆکاران و زانایانی شانۆ لە باشور مێژووی شانۆی خۆیان بلکێنن بە مێژووی شانۆی عێراقەوە و وای باس بکەن کە تەمەنی شانۆی وڵاتەکەیان هەر بە قەرا تەمەنی دەوڵەتی عێراقە، ئەوە خۆیان لە سەرجەم مێژووی شانۆی کۆنی کورد دابڕاندوە و تەنانەت سێسەد و چەند ساڵ ژێر چەپۆکی عوسمانیەکانیان لە بیر خۆیان بردۆتەوە، کە لە هەموو زەمینەکانی فکری و هونەری و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە کاری کردۆتە سەر کۆمەڵگای کوردی لکێندراو بە حکومەتەکانی عوسمانلیەوە. ئەگەر لیکۆلەر و توژینەرانی باشور، مێژووی شانۆی باشوری کوردستانیان بە مێژووی شانۆ لە وڵاتی عوسمانیەکان گەراندبایەوە، زۆرتر لە مەبەستەکەی خۆیان نزیکتر دەبونەوە، کە دەڵێن شانۆ لە یۆنان و ئورپاوە هاتووە. تێکەڵی ئەم وڵاتە لە گەڵ یۆنان و ئوروپا بە هۆی جوغرافی و پەیوەندیەکانی ترەوە گەلێک زۆرترە لە وڵاتێکی وەک عێراقی تەمەن 80 ساڵ. لە لایەکی ترەوە رۆشنبیری و تێکەڵاوی کورد لە گەڵ فەرهەنگ و فکر و هونەر و پێشکەوتنەکانی فکری ئوروپا نە لە

ڕێگای بەغداوە بەڵکو لە ڕێگای ئەستانبول و ئانکارا و ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و فکری و هونەری و سیاسی ئەم وڵاتەوە بووە. یەکەمین ڕۆشنبیران و بیرمەندان و نیشتمان پەروەر و نەتەوەپەرستەکانی کوردی سەدەی بیست و سەدەکانی پێشووی باشوری وڵات، لەم وڵاتە پەروەردە کراون و دەروازەی ئوروپا بۆ ئەوان ئەستانبول بووە نە بەغدا. بیری شانۆی چەشنی ئوروپیش بەر لە دروست بوونی عێراق هەر لەو ڕێگایەوە و بە هۆی خوێندکاران و بیرمەندانی کوردی باشوری، دەبێ هاتبێتە کوردستان نە لە ڕێگای بەغداوە. ئەوەی کە دەرچووانی پەیمانگاکانی بەغدا پێیان وابێ کە زانست و تەکنیک و مێتۆدەکانی شانۆی ئوروپی و جیهانی لە ڕێگای بەغداوە گەیشتۆتە کوردستان، چاوپۆشی کردنە لە ئەو پێوەندیە فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و زانستی و سیاسیەی کە کوردەکان بەر لە پێک هاتنی دەوڵەتی عێراق لە گەڵ ئەستانبول و لەو ڕێگایەوە لە گەڵ ئوروپا هەیان بووە. خوێندکارانی کوردی پەیمانگاکانی بەغدا لە باشترین حاڵەتدا شانۆی ئورپییان بە دەستی چەندەم لە ڕێگای عەرەبەکانەوە لە بەغدا پێ گەیشتووە و هێناویانەتە کوردستان.

دەوڵەتی عێراق لە سەرەتایی دروستبوونییەوە هەتا ڕووخانی بە یەک جاری، ژیانی سیاسی و زانستی و فەرهەنگی و هونەرییەکەی لە نێوان بلۆکەکانی شەرق و غەربدا و هەروەها لە نێوان دنیای عەرەب و ئیسلامدا دەستا و دەستی پێکراوە و ئەوەش بۆتە هۆی دروستبوونی قەیران لە هەموو بوارەکاندا، ئەم قەیرانە سەرتاپای فەرهەنگ و فکر و سیاسەت و هونەری گرتبووە، کە شانۆش بە دەست ئەم قەیرانەوە ئیفلیج ببوو. عێراق وەک دەوڵەت نەیتوانی کەسایەتی فەرهەنگی و هونەری خۆی پێک بێنێ، شەڕی دەستەڵات لە ناو حکومەت و حیزبی بەعس و کودتا یەک بە دوای یەکەکان، شەڕی بلوکی شەرق و غەرب کە عێراقی بەعسی سوسیالیست بە ساڵان تێکەڵی بوو، شەڕی عەرەب و ئیسراییل کە عێراق لایەنێکی بوو، شەڕی کورد و حکومەت، شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی کویت و عێراق، شەڕی عێراق و ڕۆژئاوا، شەڕی عێراق و ئامریکا، سیاسەتی ناوخۆیی دژ بە شێعە و دەیان ناکۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تر، کەی ئەو دەرفەتەی ڕەخساند عێراق بیر لە فەرهەنگ و هونەر بکاتەوە؟ پاش ڕووخانی بلوکی شەرق قەیرانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و فکری عێراق قوڵتر بۆوە و حکومەت و حیزبی بەعس تەنیا پێیان کرا سیستمی داپڵۆسین و تواندنەوەی فەرهەنگ و بێ نرخ کردنی هونەر سەقامگیر بکەن. حکومەتی عێراق و کاربەدەستانی کەی لە فکری ئەوە دابوون مێتۆد و فۆرم و تەکنیکەکانی جیهانی شانۆ و پسپۆرانی ئەم بوارە بگوێزنەوە بۆ عێراق؟ لایەنی ماماڵاتی ئەوان ناوەندەکانی زانستی و هونەری و فەرهەنگی جیهان نەبوو بۆ پێشکەوتنی فەرهەنگ و هونەر، ماماڵاتی ئەوان لە گەڵ کۆنسێرنەکانی جیهانی چەک و پسپۆرانی چەکی کۆمەڵکوژ بوو، بۆ لە ناو بردنی کوردەکان و شەڕ لە گەڵ دراوسێکاندا!

هێژایانی کوردی دەرچووی پەیمانگاکانی بەغداش لە ناو ئەو قەیرانەدا بوون و هەمان قەیرانی فکری و سیاسی و هونەریان گواستۆتەوە بۆ کوردستان، دەنا لە ماوەی 80 ساڵدا دەیانتوانی بە پێی پلان و پرۆژە، سیستمی شانۆی باشوری کوردستان بنیات بنێنن و پاش ڕاپەرینیش گەشەی پێبدەن. لە 80 ساڵی چوویدا کام پرۆژە و پلانی سیستیماتیک لە بواری شانۆدا دارشتراو و پیادە کراوە؟ میراتی تئۆری و پراکتیکی و مێتۆدی و فکری و شانۆیی ئەو 80 ساڵە چییە؟ هەر وەک بە دروستی لە لایەن پێشمەرگەکانی شانۆوە باس کراوە و باس دەکرێ: **"لە شانۆ و سەکۆی شانۆ و نواندن و شانۆنامە و بەشەکانی تری شانۆ، بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسی دژی دیکتاتۆری" و بۆ ئامانجەکانی تاکە کەسی و گروپی کەڵک وەرگیراوە. پاش ڕاپەرین ئەم مەبەستە نامێنێ، و شانۆی بێ مەبەستیش حەتمەن دەمرێ.**

شانۆکارانی کورد لە ڕێگای ڕۆشنبیری جیهانی عەرەبەوە، خۆیان تێکەڵ شانۆی ئوروپی و جیهانی کردوە،بێ ئەوەی ئانالیزێکی ڕاستەوخۆیان لە شانۆی وڵاتانی ئوروپی و مێتۆدەکانی هەبێ. میراتی ئەم شێوە کار و بیرکردنەوەیە ئێستاش لە کوردستان بەردەوامە و کەسانێکی پەروردە کردوە کە بە ناوی مۆدێرنیزم و تاقیکردنەوکانی شانۆیی نە تەنیا یارمەتی شانۆیان نەداوە بەڵکو ئاڵۆزی فکری و هونەری و تەکنیکیان لە شانۆی کزو لاوازی کوردیدا زیادتر کردوە. ئەو کەسانەش کە بە شوێن عونسر و

ئێلیمێنتەکانی درامایی و شانۆیی کوردیدا گەڕاون لە نیوەڕێدا ماونەتەوە و میراتی ئەو ساڵانەیان کلاسە و ڕێک و پێک نەکردوە. **شانۆ لە باشور سەر رای هەموو حەز و ماندوبوونەکان بە فکر نەگەیشت و فۆرم و میتۆدی خۆی پەیدا نەکرد.** ئەمرۆ شانۆ لە باشور هەمان چارەنووسی سەرجەم وڵاتی عێراقی بەسەر هاتووە کە بە هەزار چەشنە سرێش و چەسپ دەیانەوێ ساغی کەنەوە. عێراق هەرچی لێ بەسەر بێت، شانۆی کوردستان لە سەر کەلەواکانی عێراقی تازە پێکهاتوو، ساخ نابێتەوە و عێراقی فیدراڵی فرە نەتەوەی دیموکراتیکیش شانۆی کورد پێک ناهێنێ. شانۆی کوردستان ڕێگاکەی جیاواز لە بەغدایە و دەبێ بۆ سەرەتای خۆی بگەڕێتەوە کە چەند هەزار ساڵ بەر لە دروست بوونی تورکیەی عوسمانی و عێراقی عەرەبی و فیدراڵی، بنەماکەی درێژراوە. **شانۆی باشور، دەبێ شانۆی باشوری وڵاتێک بێ بە ناوی کوردستان، نە شانۆی باکوری وڵاتێک بە ناوی عێراق.** <u>**داپچرانی شانۆی باشور بە بیانوی سیاسی لە مێژووی کۆنی خۆی و هەموو کوردستان، داڕزاندنی سەر لە نوێی شانۆی بە دواوەیە، ئەمجار لە ژێر ناوی دێموکراسی و فیدرالیسمدا.**</u>

## کێ شانۆی کووشتووە؟

ئەو کەسانەی کە ژیانیان بە شانۆ دەبەخشی، پاش گەڕانەوەی دەستەڵات بۆ کوردەکان، چیان بە سەر هات؟

یەکەمین دەستە کە خۆیان بە پێشمەرگەی شانۆ دەزانی، پاش ساڵی 1992 لە یەک دابڕان و هەر کام لە ناو دەزگاکانی حیزبی و حکومەتی خۆیاندا، پۆست و مقامیان وەرگرت و شانۆیان بەجێ هێشت.

کۆمەڵێکی دی کە بە حیزبەکانەوە نەبەسترابوونەوە بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان و بەخێوکردنی خۆیان و خیزانیان روویان کردە کاری دی.

کۆمەڵیکی دی لە شانۆکارانی حیزبی و ناحیزبیش نە بۆ کار و مەبەستی شانۆ، بەڵکو بۆ مەبەستی تر وڵاتیان بەجێ هێشت و تەختەی شانۆیان بە چۆڵی ئەسپارد. دەوڵەت و حیزبەکانیش هیچ بەرنامە و پرۆگرامێکی دیار و رۆشنیان بۆ گەشە پێدانی کاری فەرهەنگی و هونەری و پەروەردە، لە وانە بۆ شانۆ نەبوو. لەم سەردەمەدا شانۆ بۆ هێندێک لە شانۆکارانی کۆن بوو بە کارێکی لاوەکی. بۆ ئەو کەسانەش کە تازە بە تازە دەیانویست دەست بە کاری شانۆ بکەن، بوو بە کاریکی دژوار. لە حاڵیکی وادا شانۆ هەر ئەوەی بە سەر دەهات کە ئێستا دەبیندرێ.

گلەیی و گازەندەی ئەو کەسانە کە دەڵێن شانۆ زار و نەزار و مردووە لە کێیە؟ ئەو کەسانەی کە لە شانۆکارەوە بوون بە بوروکراتی حیزبی و حکومەتی، چۆڵی شانۆکان بە سووچی کێ دەزانن؟ ئەو کەسانەی بە حەماسەتەوە ئاخی رۆژگاری"زێڕین" هەڵدەکێشن، ئایا جگە لە ئاخ و حەسرەتی رابوردو پرۆژە و پلانیان بۆ داهاتووی شانۆ پێیە؟ ئەو کەسانە کە" رۆژگاری زێڕین!!" بە بوونی سیاسەت و دیکتاتۆری دەبەستنەوە، چاوەڕوانی" چ رۆژگارێکی تر بۆ بووژانەوەی شانۆ دەکەن؟ **لە هەموو شوێنی جیهان شانۆ لە گەڵ نەفەسی ئازادیدا گەشەی ساندووە، چۆنە لە کوردستان شانۆ لە هەوای دیکتاتۆریدا هەڵیداوە و شانۆکاران لە هەوای ئازادیدا سەکۆی شانۆیان چۆڵ کردوە؟** ئەگەر شانۆ لە وڵاتێک لە ژێر تیغی دیکتاتۆریدا هەڵیدابێت، بێ گومان دەبێ لە سەردەمی ئازادیدا سنورەکانی باڵای هونەری ببڕێ و زیاتر هەڵبدات، چۆنە لە کوردستان بە پێچەوانەیە؟ ئایا ئەگەر لەو وڵاتانی تریش هونەرمەندانی شانۆ وەک کوردستان لە شانۆکارەوە ببوونایە بە بروکرات و فونکسیۆنێری حیزبی و ئیداری، شانۆکەیان نەدەمرد؟ <u>بوروکرات ناتوانێ شانۆ دروست کات، ناتوانێ هونەر بخوڵقێنێ، ناتوانێ فەرهەنگ بەرهەم بێنێ. ئەوەی شانۆی بە چۆکدا هێناوە لە پێشدا شانۆکاران خۆیانن، ئەوجا حیزب و دەوڵەت.</u> حیزبەکان پێویستیان بە بوروکرات و مسئولی حیزبی و ئیداری و وەزیر و وەکیل بوو، شانۆکارانیش وڵامی ئەم پێویستییەیان بە قیمەتی چۆڵکردنی سەکۆی شانۆ داوەتەوە و بوونەتە ئاکتۆری سەر سەکۆی سیاسەت و

دەزگاکانی دەستەڵات. ئێستاش یەک بە دوای یەکدا باسی تراژێدی شانۆ دەکەن بێ ئەوەی بێژن، کێ شانۆی گەیاندۆتە ئەم رۆژە؟! سیاست و حیزب و دەوڵەتی حیزبی چۆکیان بە هونەر و فکر داداوە، هونەرمەندیش لە جەندەکی سیاسەت پیشە و بوروکرات ئاکاردا، خۆی لە سیاسەت و حیزب و دەزگاکانی دەوڵەتیدا تواندۆتەوە و هونەری گەیاندۆتە نزمترین ئاست و پلە. لە وڵاتێکدا ئەگەر هونەرمەند ببێتە دەستەڵاتداری سیاسی و حیزبی و ئیداری، شانۆ و هونەر چۆن پێش دەکەوێ؟!

## داهاتووی شانۆی باشور و دەرچوون لە قەیران

بە بڕوای من ئەو تراژدیە کە لە 400 ساڵی رابوردودا بە تایبەت لە 80 ساڵی چوویدا بە سەر باشور و فەرهەنگ و هونەر و فکر و مێژووەکەی هاتووە،جێگای باسێکی هەمە لایەنی دور و درێژە و دەبێ هەموو شت بە بەرنامەی درێژخایەن هەڵگەرێندرێتەوە سەر بەیس و بنەوانی خۆی و بە کەڵک وەرگرتن لە کەرەسە و زانست و زانیارییەکانی سەردەم رووی پێشکەوتوو و ئەمرۆیی بە خۆیەوە بگرێ. لە چەند ساڵی چوویدا لە باشوری کوردستان بە ملیۆن دۆلار بۆ جەشنوارە و فستیواڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە، بە ناوی حیزبەکان و حکومەتەوە لە بواری هونەری و ئەدەبی و فەرهەنگیدا خەرج کراوە، کە هێچی بۆ دارشتنەوە و ساخکردنەوەی بنەما و ساختاری روخاوی هونەر و فەرهەنگ نەبووە و زۆرتر رواڵەتی پرۆپاگەندەی هەبووە. ئەوەی کە لە کوردستان دەبێندرێ فەرهەنگ و هونەریکی بە ساڵان چەوسوەو و غەدر لێکراوە کە دەبێ سەر لەنوێ بە بەرنامەی کورت خایەن و درێژخایەن ساخ بکرێتەوە. تا ئێستا هیچ بەرنامەیەکی دیار و رۆشن لە لایەن دەزگاکان و لایەنەکانی پەیوندیدار بە فەرهەنگ و هونەر و بوارەکانی رۆشنبیریەوە نابیندرێ و کارەکان بە پێی سیستم و بەرنامەرێژی ناچێتە پێش. وەزارەتەکانی رۆشنبیری، پەروەردە،خوێندنی باڵا، پەیمانگاکان و تەلەوزیۆنەکان خاوەنی بەرنامەی نەتەوەیی و کوردستانی نین. حیزبەکان و کەسانی حیزبی دور لە پیشەی فەرهەنگ و زانست و هونەر هەوساری فەرهەنگ و هونەریان بە دەستەوە گرتووە. سیستمێکی زیانبەخش لە باشور زاڵە بە سەر سەرجەم فەرهەنگ و هونەر و زانستدا. چارەنووسی شانۆ گرێدراوی ئەم وزعە ئالۆزەیە. هەرچەند لە ناو و دەرەوی کوردستان کەسان حەول دەدەن بۆ دیتنەوەی رێگا چارە، بەڵام هیچ مەرجەعێکی کارا و سەڵاحیەتدار لە کوردستان بەدی ناکرێ کە لە رێگای بەرنامە و پرۆگرام و پرۆژەوە قەیرانەکە چارەسەر بکات. ئەو پرۆژانەش کە ئاراستەی بەرپرسان و دەزگاکان کراون بێ ئاکام ماونەتەوە. مێدیاکان و کەسانێک گرفتی سەرەکی شانۆ لە باشور لە نەبوونی مێتۆددا کۆ دەکەنەوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە زۆر لە شارەکانی وەک دهۆک و سولەیمانی و هەولێر و کەرکوک هۆلێ ئیستانداردی شانۆ وجودی نیە و پلانی هیچ زانستگا و پەیمانگایەک بۆ شانۆ لە یەک ناچێ و سیستمێکی هاوبەش بۆ فێربوونی زانستی شانۆ و هونەری شانۆ نیە. وەزارەتەکانی پێوەندیدار بەرنامەیەکی کوردستانی کورت و درێژخایەنیان بۆ شانۆ نیە. ئەوە لە حالێک دایە کە نە بازار بۆ شانۆ هەیە و نە داهاتوویەک بۆ ئەو کەسانە کە شانۆ دەخوێنن یان فێردەبن چاوەڕوان دەکرێ. بەشی هەر زۆری دەرچووانی شانۆی پەیمانگاکان ئەگەر بێکار نەبن وەک شانۆکار دانەمەزراون و ئیشی تر دەکەن. لە حەڵەتێکی وادا ئەگەر گرفتی شانۆ تەنیا لە نەبوونی مێتۆدی شانۆدا کۆبکرێتەوە،چاوپۆشی لە رێگا چارەی بنەرەتی کراوە. خاوەنی ئەم تێزە زیاتر گرینگی دەدات بە فۆرم و شێوەی راهێنانی شانۆگێر و بنیادنانی شانۆ بە فۆرم و مێتۆدێکی تایبەت دەبەستێتەوە. بە هەمان شێوە کەسانێکی تر جێگرکردنی میتۆد و فۆرمێکی دیکە بە گرینگ و پێویست دەزانن. ئەم دید و بۆچوونە تازە نیە و پێشتریش کەسانێک لە رێگای وەرێ خستنی کارگاکانی شانۆوە بیریان لە زاڵکردنی مێتۆدێکی شانۆیی تایبەت بە خۆیان کردبووە کە باوی سەردەم بوو، کە پاش چەند ساڵ ئاسەواری نەما. هێنانی مێتۆدگەلی شانۆی جیهانی و تەنانەت ناوچەیی بۆ کوردستان کاتێک

سوودی دەبێ کە ئەم مێتۆدانە تەواوکەری شانۆی وڵاتەکە بن و بازنەی شانۆ لە لایەنی زانستی و هونەری و تەکنیکیەوە گەورەتر کەنەوە. ئەگەر وانەبێ هەمان بشێوی و ئاڵۆزی کە بە سەر ئابوری و تیجارتدا زاڵ بووە و بۆتە هۆی تێکچوون و لە بەر یەک ترازانی شیرازەی ئابوری کوردستان، بە سەر شانۆش دەهێندرێ، هەمان بەڵا بە سەر موسیقاش هێندراوە. شانۆش لە کوردستان بە واردکردنی کالای شانۆیی چارەی گرفتەکانی ناکرێ. بەر لە هەر شت کوردستان لە بواری شانۆدا پێویستی بە دیاری کردنی هوویەت و ناسنامە هەیە. ناسنامەی شانۆی کورد یان کوردستان چیە؟ مێژووی کۆن و نوێی شانۆ چۆن بووە. لە 80 ساڵی رابوردودا لە مەدرەسەکان و پەیمانگا و دانشگاکان و ناوندەکانی شانۆ چی گوزەراوە. ئەو مێژووە و سەرجەم ئەو کارانەی کە کراون چەندی لە خانەی شانۆیی خۆیی دا بووە و چەندی زانستی و چەندی شانۆیی بووە و چەندی لە دەرەوەی شانۆڕا هاتووە؟ ئایا پێناسەیەک بۆ شانۆ بە گشتی و شانۆ و درامای کورد یان کوردستانی هەبووە و هەیە؟ پاش روونکردنەوە و دیارکردنی هەموو ئەو بابەتانە دەبێ بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەن دابرێژرێ و لە هەموو ئیمکانێکی زانستی و هونەری و تەکنیکی سەردەم لە وانە مێتۆدەکان کەڵک وەرگیرێ. بەڵام دور لە دورنەمایەکی وا بە کارهێنانی هەر مێتۆدێک زیانی جدی بە شانۆ و فەرهەنگی کورد لە ئەمرۆ و دوارۆژدا دەگەیێنێ.

## بنەماکانی فکری و پێش مەرجەکانی گشتی کاری فەرهەنگی و هونەری

ئێمە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە لایەنی رەگەزیی و فەرهەنگی و ئایینی و مێژوویی و کەسایەتیەوە دەبێ بتوانین خۆمان مانا بکەینەوە.
ئەوەی هەر کوردێک تا ئێستا خۆی بە کوردی ئێرانی و عێراقی و تورکی و سوری ناساندووە و بەم چەشنە کەسایەتی خۆی دابەش کردووە و فەرهەنگ و هونەر و پێکاتەکانی خۆی وەلا ناوە و بەهرە و بەرهەمی زۆرتر بۆ فەرهەنگی زاڵ بووە و کەمتر بۆ خۆی، دەبێ گۆڕانی جیدی بە سەردا بێ و وەزعەکە تەواو پێچەوانە بکرێتەوە. واتە دەبێ پێشکەوتنی هەموو پێکاتەکانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سەنعەتی، زانستی و هونەری کورد و کوردستان، مەبەستی سەرەکی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بێ.
باشور دەبێ لە دەستەڵاتی سیاسی و ئابوری خۆی بۆ ئەم پێشکەوتنە لە هەموو بەشەکانی کوردستان کەڵک وەربگرێ و هیچ بیانوویەکی سیاسی و ناسیاسی بۆ سنورکێشان بە دەوری خۆی و بەشەکانی تری کوردستاندا نەهێنێتەوە و لە هەموو هێزو توانای زانستی و فەرهەنگی و هونەری و ئابوری و سیاسی هەموو کوردستان کەڵک وەرگرێ و دەرگای باشوریش بۆ یارمەتی دانی هەموو بەشەکانی تری کوردستان لەو بوارانەدا ئاوالە بێ. کورد یەک نەتەوەیە و چارەنووسی یەکە و فەرهەنگ و هونەرەکەشی گرێدراوی هەمان چارەنووسە.
سڕینەوەی لایەنەکانی دژێوی فەرهەنگی و ئایینی و کۆمەڵایەتی زڕە فەرهەنگی داگیرکەران کە ریشە و لق پۆپی لە ناو فەرهەنگ و عەقلیەت و خوو خدە و داب و نەریت و هەڵسوکەتماندا داکوتاوە و پێی ڕاهاتووین و رۆژانە لە گەڵمان دەژی، دەبێ ئەرکێکی جیدی بە بەرنامە بێ.
داکۆکی کردن لە فەرهەنگی ئینسانی کە لە مێژوو و بنەماکانی فەلسەفی و فکری و ئایینیمانەوە سەرچاوە دەگرێ و لە گەڵ فەرهەنگی ئینسانی سەردەمیشدا دەگونجێ،دەبێ بنەمایەکی فکری- هونەری بێ. ئەم فەرهەنگە دەبێ پەروردە بکرێ و ببێتە پێناسەی فەرهەنگی گەلێک بە ناوی کورد کە لە ئاشتی و ئازادی و هاوخەمی ئینسانیدا دەیەوێ بژی. ئەم فەرهەنگە دەبێ لە رێگای هونەر و دەزگاکانی راگەیاندنی ناخۆیی و دەرەوە، بکرێتە ناسنامەی ئێمە لە ناوچەکە و هەموو جیهان وئێمە لە کەوڵی ئێرانی و عێراقی و تورکی و عەرەبی رزگار بکات و کەسایەتی سەربەخۆی ئێمە وەک کورد و کوردستانی بنوێنێ. سەرەکیترین ئەرکی دەزگا و وەزارەتەکان چەسپاندنی ئەو فەرهەنگەیە لە ناوخۆی وڵاتدا.

رابەرانی سیاسی کورد  لە سیاسەت و هەڵس وکەوت و بەرنامەکانیاندا نە تەنیا دەبێ سنورەکانی جوغرافی کورد دیاری بکەن بەڵکو بە راشکاوی دەبێ هەموو سنورەکانی ئێتنیکی و فەرهەنگی و فکری و ئایینی و هونەری کوردیان بۆ روون و ئاشکرا بێت و دیماگۆگیانە کورد بە ئایین و فەرهەنگ و نەتەوە و وڵاتی ترەوە پێناسە نەکەن.
هیچ کوردێک عێراقی و ئێرانی و سوری و تورکیەیی نیە و هیچ عەرەب و فارس و تورکێکێش کوردستانی نین. بە یەکەوە ژیان و هاوسا بوون بە مانای توانەوەی هیچکام لەوی تردا نیە و سنور دیاری کردنەکانیش بە مانای دوژمنایەتی کردن نیە. خۆپێزانینی کورد وەک موسڵمان بە مانای بەرزبوونی پلەی فەرهەنگی و سیاسی و حقوقی  عەرەب و فارس و ترکی موسڵمان و نزمی فەرهەنگ و زمان و کەسایەتی ئێمەی کورد و کەم نرخی ئایینە کۆنەکانی کورد نیە.
ئایین ویستێکی تاکە کەسیە و هەر ئان دەتوانرێ بگۆردرێ. رەنگە نەتەوەیەک بە یەکجاری خۆی لە ئایینیەک دورکاتەوە و ئایینێکی تر وربگرێ، کە مخابن کورد ئەو کارەی کردوە. کورد ئایینەکەی خۆی کە ئایینێکی ناشەڕانی و دونیایی و ئینسانی بووە وەلا ناوە و ئایینی ئیسلامی قەبوڵ کردوە و بە پیرۆزیشی دەزانێ،ئایینێک کە بە زەبر و زۆر لە ڕێگای خوێنڕشتنەوە بەسەریدا سەپاوە. کورد لەم ڕێگایەوە پێشێلی مافەکانی خۆی کردوە. کورد لە ڕێگای ئایینی ئیسلامەوە دژایەتی ئایین و فەرهەنگ و داب و نەریت و بنەما فکری و رۆحی و دەرونیەکانی خۆی کردوە و هەنگاوی بۆ تواندنەوەی ئیتنیکی خۆی هەڵێناوەتەوە.موسڵمان بوونی کورد یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی پاشکەوتوویی کۆمەڵگا و دۆڕاندنی کیانی کورد بووە. کورد دەبێ لە ڕێگای بە خۆداچوونەوەدا یان ئەو ئایینە بە تەواوی وەلانێ و یان لیبرالیزە و ئەورۆیی بکات و هەموو لایەنە دزێو و نامرۆڤانەکانی لابەرێ و بیسڕیتەوە. دابەش کردنی ئینسانەکان بە کافر و موسڵمان،دیندار و بێ دین،حەڵاڵ کردنی سەر و ماڵ و ناموسی ناموسڵمان و بێ دینەکان، هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە جیهاد و کوشتن و بڕین و کاولکاری، بەکارهێنانی شێوەگەلی نائینسانی و دڕندانە بۆ لە ناو بردنی ئینسان بە ناوی خوا وقورئان و بەکارهێنانی دەیان ئایە و دەستور بۆ تێکدانی کۆمەڵگا و بێ بەشکردنی ئینسان لە ژیان و مافەکانی ئینسانی، نابێ لە ناو کورددا جێگای هەبێ و نابێ بنەمای فەرهەنگی کورد بێ!
ئایینی ئیسلام لە ناو کورددا هەمان کارتێکردنی نیە کە لە ناو فارس و تورک و عەرەبدا هەیەتی و نابێ کارتێکردنی وای هەبێ. سەرچاوەی فەرهەنگی کوردی موسڵمان نابێ فەرهەنگی عەرەب و تورک و فارس بێ هەر وەک چۆن سەرچاوەی فکری ئەو موسڵمانانەش فەرهەنگی کورد نیە.
هەموو ئەو ئایین و ئیدئۆلۆژیانە کە ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤ و مافەکانی لە سەر گۆی زەوی بە تایبەت لە کوردستان دەخەنە مەترسیەوە یان دەبێ گۆڕانیان بە سەر دابێ و یان وەلابندرێن.
کاری فەرهەنگی و پێ ڕاگەیشتن بە فەرهەنگی رەسنی ئینسانی کورد، دەتوانێ پێش بەم چەشنە بیرکردنەوە بەربەریانە بگرێت کە خوێنی 5000 ئینسان بە بیانووی مەجووس بوون  حەڵاڵ دەکا و کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی سەدان هەزار ئینسان بەناوی خوا و قورعان و ئایەی ئەنفال پیرۆز لە قەڵەم دەدات. بنەمای ئەم بیر و فکرە مالیخولیاییە دەبێ لە ریگای کاری فەرهەنگی و هونەرییەوە بنەبڕ بکردرێ.
پێ راگەیشتن بە دەروون، فکر، زەوقیات و جوانی و پەروردەکردنی و بردنە پێشی، ئاستی ژیانی ئینسان بەرز دەکاتەوە کە پێویست و زۆر گرینگە.
لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا کە سیاسەتمەداران و کارگێڕانی ئیداری کەمتر کتێب دەخوینەوە و روو لە هۆڵەکانی شانۆ و سینەما و ئۆپێرا و موسیقا و دەیان چەشنە هونەری تر ناکەن، هەژاری فکری و فەرهەنگی و کارەسات پەرە دەستێنێ، کە نابێ وابێ.
لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا کە تەواوی هونەر لە هەڵبەزی دور لە هەڵپەرکێ و سەما و دور لە موسیقای رەسەن لە تەلەوزیۆنەکان، کۆ دەکرێتەوە، کە بێ بەرییە لە هونەرو فکر و ڕامان و جوانی و

خەیاڵ، دەبێ گۆڕان بە سەر بیرو فکر و تێروانینی هونەری لەو چەشنەدا بێ. ئەم چەشنە بە ناو هونەرە میللەتێکی دور لە خەیاڵ و دور لە فانتێزی و دور لە ویستی هونەری و فەرهەنگی پەورورده دەکات.
لە وڵاتێکدا کە سەرکردەی یەکەمی وڵاتەکە، هەموو کاری هونەری تەلەوزیۆنەکەی لە بڵاوکردنەوی گۆرانی خۆشدا ببێنێتەوە، فەرهەنگ و هونەر پەرە ناستێنێ،دەبێ فەرهەنگ و هونەر خۆی لە بەستێن و فکر و قالب و بەرژەوندی حیزبەکان رزگار بکا و کەمترین سنور بەرژەوندی ئینسانی و نەتەوەیی و کوردستانی بێت.
**مەسەلەیەکی گرینگی تر ئەوەیە کە کۆمەلگای کورد و تاکەکانی کورد دەبێ بەرهەمی فەرهەنگی و هونەری وەک کالا سەیر بکەن کە دەکڕدرێ و دەفرۆشرێتەوە. دەبێ بەرهەمی هونەری بایخ و قیمەتی هەبێ. هەر وەک چۆن تەماتە و پیواز و نان بایخی هەیە و دەبێ بکڕدرێ و پاشان مەیل بکردرێ، بە هەمان فکرەوە دەبێ سەیری بەرهەمی فکری و هونەری بکردرێ.**
بەرهەم و بەهرەی هونەری لە کوردستان هەم دەبێ نرخی مادی هەبێ، هەم بازار بۆ فەرهەنگ و هونەر پێک بێت و ئەم بازارەش دەبێ بە پێی قانوون پێشتیوانی لێ بکرێ و پەرە بدرەێ. بوونی بازاری هونەر و بەرهەمی فەرهەنگی و هونەری دەبێتە هۆی بووژانەوەی فەرهەنگ و هونەر لە هەموو بوارەکاندا. بەرزکردنەوی ئاستی فەرهەنگی و هونەری خەڵکی کورد باشترین زامنە بۆ راگرتنی کیان و سەروەری سیاسی نەتەوەی کورد.

## بە سیستم کردنی شانۆ لە کوردستان

بە سیستم کردنی شانۆ کە قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و کارەساتەکانی سروشتی و نا سروشتی لە بێچمەی دەرنەهێنێ، پێویستی بە بەرنامەی درێژخایەن و کۆنسێپتی عەمەلی هەیە. ئەم پێشنیارانە کە لێرەدا دەخرێنە روو ئامانجی درێژخایەن دەپێکن. جێ بە جێ کردنی هەر کام لەم پێشنیارانە بەرنامە و پرۆژەی تایبەت هەڵدەگرێ کە لەم نووسراوەدا جێگای نەبۆتەوە!
پێشنیارەکان لە سێ بەش پێک دێن، یەکەم پەورورده کردنی کادری پرۆڤسیۆناڵ لە هەموو بوارەکانی شانۆ. دووهەم پەروەردەکردنی مرۆڤی شانۆیی لە خوێندنگاکان. سێهەم پەروردەکردنی گشتی کۆمەڵگا بە فەرهەنگی شانۆ.

### <u>پەروردەکردنی کادری شانۆ</u>

بۆ ئەوەی شانۆ لە هەموو کۆمەلگا پەرە بستێنێ بەر لە هەر شت پێویستیمان بە کادر و پسپۆری شانۆ هەیە. بۆ ئەو مەبەستە چەند چەشنە ناوەندی فێرکردن پێویستە:
1- زانستگا یان مەدرەسەی باڵا بۆ فێربوونی زانستی شانۆ و بەشەکانی تەکنیکی شانۆ! خوێندکاران لەم زانستگایە پاش وەرگرتنی دیپلۆم (ئابیتور) وەردەگیرێن.
2- مەدرسەی شانۆگێری. لەم مەدرەسانە شانۆگێڕ پەورورده دەکرێن و کەسان لە تەمەنی 15 ساڵیەوە هەتا 24 ساڵی دەتوانن وەربگیرێن. ئەم کەسانە پلەی خوێندنیان نابێ کەمتر لە ( کلاسی 8 یان 9 بێ بە پێی سیستمی خویندن لە کوردستان)
3- ئاکادێمی شانۆ پێداگۆگی. شانۆپێداگۆگی ئاوێتەیەکە لە کاری شانۆیی و کۆمەڵایەتی. شانۆگێڕان و دەرچووانی زانستگاکانی شانۆ و پێداگۆگی و مامۆستایانی خویندنگاکان دەتوانن رابهێندرێن بۆ کاری شانۆ لە خویندنگاکان،زانستگاکان،باخچەی منداڵان و هەموو دەزگا و ناوەندەکان، نەخۆشخانەکان،زیندانەکان، ئیدارات و هەر شوێنێک کە مرۆڤی 8 هەتا 80 ساڵەی لێ دەژی یان کار

دەکات. لەم ڕێگایەوە یەکەم هەموو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگای شانۆوە باس دەکرێ و دووهەم فەرهەنگی شانۆ پەرە پەیدا دەکا.
ئەم سێ ناوەندە زانستیە دەتوانێ دەوڵەتی، نیوە دەوڵەتی یان ئەهلی بن. بە هەمان شێوە دەکرێ دەیان چەشنە مەدرەسە و ئەنستیتۆ و ناوەندی فێربوونی شانۆ بۆ فۆرمگەل و میتۆدگەلی جیاوازی شانۆیی بە پشتیوانی دەوڵەت و سەرمایەی شەخسی لە چوارچێوەی قانووندا پێک بێت.
4- پێک هێنانی ناوەندەکانی گشتی فێرکردنی شانۆ سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

***دووهەم پەروەردەکردنی مرۆڤی شانۆیی لە خوێندنگاکان***

لە خویندنگاکان لە ڕێگای شانۆپێداگۆگیەوە هەم خوێندکاران فێری شانۆ دەکرێن و هەم بەرهەمی شانۆیی پێشکەش دەکرێ. لەم ڕێگایەوە سیستمێکی کارا بۆ پەروردەکردنی شانۆگێر و هەروەها پێش خستنی فەرهەنگی شانۆ و باسکردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارەتی پێک دەهێندرێ.

***سێهەم پەروردەکردنی گشتی کۆمەڵگا.***

**تەلەوزیۆن**
لە ڕێگای پرۆگرامی تایبەت بە شانۆ و هەروەها شانۆی تەلەوزیۆنی و پێشکەشکردنی شانۆ لە تەلەوزیۆن دەکرێ فەرهەنگی شانۆ لە کۆمەڵگادا بەرز بکرێتەوە.

**پێکهاتنی شانۆی میللی لە شارەکان**

وەزارەتی ناوخۆ و شارداری و وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێ لە هەر شارێک شانۆی میللی شارەکان پێک بێنن. شانۆی میللی دەبێ ناوەندێک بێ بۆ کاری پرۆفیسیۆناڵ و پیشەیی شانۆ. کارمەندان و کادری ئەم شانۆیانە دەبێ مووچەخۆری دەوڵت بن و لە شارەکانیش ناوەندێک بن بۆ فێرکردنی شانۆ و هاوکاری کردن لە گەڵ مەدرەسەکان و زانستگاکان. بە هەمان شێوە دەبێ شانۆی میللی کوردستان لە پایتەختی کوردستان پێک بێت. بە هەمان شێوە دەبێ ئیمکان بۆ پێکهێنانی ناوەندی شانۆیی ئەهلی و یان نیوە دەوڵەتی پێک بێ.

**شانۆی زانستگاکان**

زانستگاکان بە تایبەت لە پێوەندی لە گەڵ کۆلیجی شانۆدا دەبێ ناوەندی شانۆ و گرووپی شانۆی خۆیان هەبێ و جگە لە تاقیکردنەوەکانی نوێی شانۆیی ساڵانە فستیواڵی شانۆی زانستگاکان بەرێوە بچێ.

**شانۆی خوێندنگاکان**

هەر خوێندنگەیەک دەبێ تیپی شانۆی خۆی هەبێ و ساڵانە فستیواڵی شانۆیی بەرێوە بچێ.

**دەزگای شانۆ**

دەبێ ڕێگا ئاواڵە بێ و ئیمکان بڕەخسێ بۆ پێک هێنانی کۆمەڵەی شانۆکاران لە شارەکان و کوردستان بۆ چاوەدێریکردن و بەستنی کۆڕ و سمینار و کۆنگرە بۆ باس لە سەر شانۆ، هەر وەها دەبێ هەموو مافەکانی شانۆکارانی "پیشە ئازاد" لە چوارچێوەی قانووندا بپارێزرێ.

**کتێبخانە و موزەی شانۆ**

ئەم کتێبخانە و موزەیە لە شارەکان دەتوانێ لە چوارچێوەی شانۆی میللی شارەکاندا بێ و دەتوانێ لە ژێر چاوەدێری زانستگاکانیش دا بێ.

**بۆ هەر کام لەم بەشانەی سەرەوە بەرنامە و پرۆگرامی وردکراوە پێویستە کە لەم نووسراوەدا ناگونجێ و لێرادا تەنیا بە شێوەی گشتی پێشنیارەکان خراونەتە بەر دەست بۆ گۆڕینەوەی بیروڕای پسپۆڕان و کاربەدەستان و کەسانی تر.**

## شانۆی کورد و ڕزگاری نەتەوەیی

ئەوەی لە سەر شانۆی باشور باس کرا بە لە بەرچاوگرتنی جیاوازیەکان مێژوو و داهاتووی شانۆی باکور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستانیشە. کەسایەتی شانۆی کورد لە هەرکام لە وڵاتەکانی ئێران و تورکیا و سوریا و وڵاتەکانی بەجێ ماو لە شوورەوی پێشوو، وەک کەسایەتی مرۆڤی کورد کەوتۆتە بەر شاڵاوی هەمەلایەن. شانۆی کورد لەم وڵاتانە پێناسەی بۆ دیاری نەکراوە و ڕەنگدانەویەکی کز و لاوازترە لە شانۆی میللەتی سەردەست. تا ئەو کاتەی کورد و پسپۆڕانی شانۆ بیر لە پرۆژەیەکی شانۆی کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک ولات نەکەنەوە، هەژاری شانۆ پێناسەیەک دەبێ بۆ هەژاری هونەر و شارستانیەت و فەرهەنگی کورد.

---

1- کورتەباسێک لە سەر شانۆی دایکی نیشتمان — برایم فەرشی (گزینگ، ڕامان، هونەر، ماڵپەری ڕۆژهەلات)
2- 7 گەڕان بە شوێن فەرهەنگی مادەکاندا — برایم فەرشی
8- ناوەندەکانی شانۆ و فستیوالی شانۆ لە ئوروپا — برایم فەرشی

# دیالۆگی شانۆکاران لە باشوری کوردستان

لە درێژەی ئەم نووسراوەدا بیر و ڕای شانۆکارانی کوردستان دەخوێنینەوە کە پاش بە دەستەوەگرتنی دەستەڵات لە لایەن کورد خۆیەوە لە گفت وگۆیەکەی هەمە لایەندا، ساڵی 1994 بەر لە شەڕی نێوان پارتی و یەکیەتی هێناویانەتە سەر زمان.
پاش تێپەربوونی 11 ساڵ بە سەر کاتی ئەنجامدانی ئەم دیالۆگە، ساڵی 2005 لە هەمان ڕێکەوتی نەورۆزدا چوومەوە کوردستان، هەرچەند بارودۆخی ئابوری و تیجاری و سیاسی و رواڵەتی شارەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام هونەر و فەرهەنگ لە وانە شانۆ نە تەنیا جێگای خۆشحاڵی نیە بەڵکو جێگای نیگەرانی یە. ئەمرۆ پێشبینی ئەو کەسانە کە لە گفت و گۆکاندا بەشدار بوون، هاتووتە دی، هونەر دەستەڵاتی سەربەخۆی لە دەست داوە و زۆربەی زۆری خەمخۆرانی شانۆ لە دەرەوی سەکۆی شانۆ دەژین. شانۆ لە بێ ڕێزیدا هەناسە دەکێشێ و کۆمەڵگای باشوری کوردستان بێ ئالترناتیو پەرە بە زڕەفەرهەنگ و زڕە هونەری ناوخۆیی و دەرەکی دەدات.
لە ناو بەشێک لە گفت و گۆکاندا ئەگەر ناوی قسەکەر نەهاتبێ لە جیاتیان ئەم روو گەشە ☹ هاتووە، ئەوەش گرفتی نەناسینەوەی دەنگەکان لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە دەگەێنێ، بۆ ئەوەش داوای لێبوردن لە خاوەنی دەنگەکان دەکەم کە لە هەولێر و سولەیمانی و دهۆک بەشداری گفت و گۆکان بوون. زۆر بە داخیشم کە لە سەفەری کورتی یەک هەفتەیی نەورۆزی سالی 2005دا چاوم بەو ئازیزانە نەکەوتەوە. یادی کاک سمکۆ عەزیز  کە لە ناوماندا نەماوە پیرۆز بێت.
**بەشدارانی گفت و گۆکان بریتین لە بەرێزان: محەمەد رەزا بەرپرسی پەروەردەی سولەیمانی، ماکرۆی کاسپاریان،بەیان رەشید، شەهلا ئیبراهیم، ئەمیرە سالح،سمکۆ عەزیز، ئەرسەلان دەروێش ، عەبدولی حەمە جوان، حیکمەت هیندی، مەهدی حوسێن،  بەهائەدین هەڵەبجەیی ، دڵشاد ، محەمەد رەشید، ئومێد حوسین ،ئاری حەسەن دڵسۆز ، فەرهاد محەمەد قادر ،جیهاد دڵپاک ، رووخۆش سابیر ،ئاشتی کەماڵ، کەماڵ سابیر ، روح سابیر، عەلی لەتیف، سەردار عەلی،فەرهاد محەمەد سابیر،حسێن عەلی قەرەداخی،ئەحمەد سالار, سفوەت جەراح, سەباح عەبدولرەحمان و ماموستایانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر و دهۆک و بینەرانی شانۆنامەی کاوەی ئاسنگەر لە یەکیەتی هونەرمەانی کوردستان لە سولەیمانی.**

برایم فەرشی  پووشپەری ساڵی 2705

## باخچەی منالانی سولەیمانی

ها! ڕێوی فێڵەباز ئەوە چی دەکەی؟ چا بۆی تۆپیوی ها!دا پێم بڵی مریشکە ڕەشت چۆن فڕاند؟ جوجە لەکانت چۆن قوت دا؟ وەرن منالینە بەردە بارانی کەن ئەو ڕێویە فێڵەبازە!

ئەوە مام هۆمەری تەمەن 5سالانە کە لە سەر سەکۆی شانۆ دەنگی ڕێوی فێڵە باز دەدا. بەیان خانم نووسەر و دەرهێنەری شانۆنامە کە بە هاوکاری ئەمیرەخانم بە شێوەیەکی موزیکاڵ ئامادەیان کردوە! خانمی ماکرۆی کاسپاریان بەرپرسی باخچەی منالانی سولەیمانیە دە ڵی

ماکرۆی: ئەوەڵ هۆڵی شانۆ نە تەنیا لە سولەیمانی بەڵکو لە عێراقدا لەم ڕەوزەیە بووە, بە واستەی نیشاتاتی فەننی کە زۆر یارمەتی ئێمەیان کردوە, وەک کاک سمکۆ, کاک ئازاد شەوقی, ئەوان ئەم مە سرەحەیان بە دە ستی خۆیان دامە زراندوە. هەموو ساڵێک چالاکیمان هەیە, دایکان و باوکان دێن و بەرهەمی منالە کانیان دە بینن!

برایم چەند باخچە مندالان لە سولەیمانی هەیە ؟

ماکرۆی سێزدە!

برایم چەند منداڵ لێرەن؟

ماکرۆی بە واستەی ئەم تەغزیە مناڵ زۆر دێن, ئێمە130 مناڵمان هەیە پار و پیرار 50 کەس نەدەبو, بە واستەی ئەم تەغزیە هەموو هجوم ئەکەن بۆ ڕەوزەکان!

برایم یانی لە باخچەی منالان تەغزیە ئەدەن؟

ماکرۆی بەڵێ بەڵێ!

برایم وە کو چی؟

ماکرۆی بەیانان شیر,ڕۆژیک نیسکینە, ڕۆژیک شۆرباو. جەدوەلمان هەیە و بە پێی ئەوە تەغزیە ئەدەین. جێگەی تایبەتی خواردن مێزو هەمووشتیک هەیە!

برایم ئەم شتانە لە لایەن کێوە ئەدرێ؟

ماکرۆی ئەم مونەزەمانە!

برایم ڕێکخراوەکان خۆیان بلاوی دەکەنەوە؟

ماکرۆی بۆخۆیان چۆن! ئێمە مەرکەزمان هەیە! لە تەربیەوە خەبەرمان پێئەدەن, ئێمە ئەچین هەمووی وەردەگرین و ئەیهێنین ولە خۆمانەوە ناتوانین هیچ شتێک بکەین.

برایم ئەو شتانەی لێرە فێری منداڵ دەکرێن چین؟

ماکرۆی ریازیات, یاری, وەرزش, ڕەسم, ژووریکی تایبەتمان هەیە بۆچیرۆک خوێندنەوە. ئێمە زۆرشتمان هەبوو هەموویان تالان کردا! بەس نەبوو ئەم پیانۆیەیان نەبرد, ئەمە هەدیەی وەزیری تەربیە بوو.

برایم هەر باخچەی منالانیک پیانۆیەکی وایان هەیە؟

ماکرۆی وەلاهی نا, بەس ڕەوزەی پەری یەکی وای هەیە!

برایم منداڵ لە چەند سالانەوە دەتوانن بێنە ئێرە؟

ماکرۆی لە چوارساڵ, دوو ساڵ لێرە دەبن!

من بەیان ڕەشید, فێرکار, ماوەی چوارمانگە هاتوومە ئەو ڕەوزەیە خۆم مەجمع جەمیلەم تەواو کردووە. لە مەجالی شانۆدا زۆر ئیشم کردووە. لە ئەسنای دراسە دا, خۆم داوام کرد بۆ ڕەوزە. حەزم کرد مناڵ فێری شانۆ بکەم. ماموستای بەرێزم ئەحمە دسالار بۆ شانۆ رای هێنام منیش حە زدەکەم جێگەی ماموستای بەرێزم بگرمەوانی کە فێری مناڵ بکەم لە مەجالی شانۆدا. کە بیانخەمە مێشکیانەوە کە شانۆی کوردی پێشکەوتووە! شانۆگەرییەکی بچکۆلانەم

دانا بە ناوی ڕێوی و مانگەشەو؟ هێندێک لە شێعرەکان هی ماموستای بەڕێزم کاک حەمەرەزایە, ئاهە نگەکەی هی ماموستا ئەمیرەیە کە پیانۆ ئەژەنێ.

**برایم** چەند ساڵە کاری شانۆ دەکەی؟

**بە یان** لە 81ەوە .

**برایم** لە چ تیپێکدا بووی ؟

**بە یان** لە تیپی سالار بووم, کە لە 84دا دامەزرا. یەکەم ئافرەت بووم کە لە تیپە کە کاری شانۆم دەکرد. پاشان لە گەڵ تیپی کۆمەڵدا یارمەتیم

دەدان, وەک میوانێک. دوای ئەوە بووم بە ماموستا تۆزێک دورکە وتمەوە

نەک بڵێم لە دڵەوە, زروفەکە وای لێکردم لە دەرەوەی شار بووم بەس

لە گەڵ منالآنی ئەوێ هەر خەریک بووم. شانۆگەری و ئۆپریتم لە گەڵیاندا کار دە کرد.

ئێستاش لێرەم حەزدە کەم لەم ئیشەدا بەردەوام بم!

**برایم** تا ئێستا لە چەند شانۆدا بەشداریتان کردوە؟

**بەیان** زۆرە تەقریبەن 30 شانۆ!

**من ناوم شەهلا ئیبراهیمە** , مورشیدەم, لە ساڵی 80ەوە لێرەم, یارمەتیم

داوە, وەک گۆرانی, حەرەکات, تەنزیم, جل و بەرگ!

**من ناوم ئەمیرە سالح محەمەدە** دەرچووی خانەی ماموستایانم لە ساڵی 1979, سێ ساڵ لە دەرەوەی شاربووم, پاشان هاتمە رەوزەی سولەیمانی ,ئەمە 11ساڵە لێرەم, بە لآم بە هۆی زروفی خیزانەوە, چوارمنداڵی وردم هەیە, زۆرجار دورکەوتومەتەوە لە پیانۆکە, ئەگینا زۆر حەز لە کارەکەم دەکەم!

**برایم** لێرە کاری موسیقا دەکەن؟

**ئەمیرە** ئەمن ماموستام, کە هاتمە ئێرە ماموستا وەردی لێرە بوو, دوای

ئەوە کە ئەو نەقڵ کرا ئیتر من لە جێگەی ئە و دانیشتم.

**برایم** پیانۆ لە کوێ فێربووی؟

**ئەمیرە** لە خانەی ماموستایان دەرسیکمان هەبوو بە ناوی موسیقا, لەوێ

فێربووم!

**برایم** تایبەتمەندی موسیقای منداڵان چیە ؟

**ئەمیرە** بەرهەمی منالآن ئاوازی ساکارترە!

**برایم** بۆ موسیقای شانۆی منداڵان بە تایبەتی دەبێ چ بکرێ؟

**ئەمیرە** ئەمن لەحنەکەم بۆدائەنێن من هەر پیانۆکە لیئەدەم!

**برایم** کاربۆ منال و لە گەڵ منال دژوارە, چۆن میلودی یەک لە گەڵ منال کاردە کەن؟

**ئەمیرە** منال موسیقای پێخۆشە, رۆژێک پیانۆکە نەبێ ئەوە تاقەتیان نابێ!

**بەیان** ئەو چێژەی نابێ!

**برایم** دژواری کار لە گەڵ منداڵ چیە؟

**ئەمیرە** لە بیریان ئەچێتەوە, یان غایب ئەبن, ئەبینی ئەو دەورە

رەییسیە کە ئەبینێ ئەو رۆژە نەهاتۆتەوە!

**برایم** واهەیە وەرەزبن؟

**ئەمیرە** هەیە کە تاقەتی نامینێ, هەشمانە زۆر حەز دەکەن!

**برایم** ئێوە بە سالآن لە گەڵ گەورەکان کاری شانۆتان کردوە بۆهاتوون بۆلآی کاری منداڵان؟

بەیان   خۆی زەرورە  ئەو منالانە پێبگەیێنین, ئێمە خوێندومانە, فێربووین, بۆ هەر بۆ گەورەکان بێ, باجیلی تازەش فێربن!
برایم  بەیان خانم جیاوازی شانۆی منالان و گەورەکان لە چیدا دەبینن؟
بەیان    دنیای منالان, دنیایکی ترە, دنیایکی زۆر خۆشە, عالەمێکی پاکە
ئەو منالە  لێت تێدەگا, ئەچێتە ناختەوە. ئەچمە ناخیانەوە,  جاری وابووە هە ستم نەکردوە دادە بەیانم, هەموو شتیکی دەرەوەم لە بیر ئەچێتەوە.
برایم     وابووە لە گەڵیاندا هەست بە ماندوویی بکەن ؟
بەیان    نا, وەختی تریش لە مەجالی شانۆدا هەستم بە ماندوویی نەکردووە. یانی سەرکەوتوش نەبووم, خۆم هیلاک کردووە, دەقەیەک نەمکوتووە  ئاخ!
برایم     رۆژیک لە رۆژان کاک ئەحمەد سالار ماموستای ئێوە بووە,ئێوە ئێستا ماموستای ئەم منالانەن, دیارە ئەوانەش رەنگە سبەینێ ماموستای یەکی تر بن. ئەم وەرگرتن و دان و وەرگرتنە چۆن ئەبینی؟
بەیان    حەزدەکەم ئەمانە پێبگەیێنم, حەزدەکەم بچنە مەجالی شانۆوە.لە من باشتریش دەرچن. حەزدەکەم ئەم منالانە لە من باشتربن!
برایم     منال, ماموستا, کورد, کوردستان,هەمووی ئەوانە چۆن لە یەک گرێ دەدەی؟
بەیان    ئەوە مەجالیکی چاکە بۆ چیرۆکیک, لە گەڵ منداڵدا لە مەجالی شانۆدا بۆ کوردستان!
برایم     چ تایبەتمەندییەک بۆ شانۆی منال قایلی و شانۆنامە بۆ منالان لە سەر چ ئە ساسیک هەڵدەبژێری؟
بەیان    شانۆی منال مەجالی سیاسی نابی ببێت. کوردو کوردستان قەی ناکا. نیشتمان و کوردستانی پێناسینی.بەلام وشەی سیاسی بۆ منال لە شانۆدا حەتتا لە گۆرانیش دا, کاریکی باش نیە.ئەبێ منال مێشکی بۆ شتی تر فەراوانتر بێ, بەس کوردستان و ولاتەکەی وخۆی بناسێ, ئەوە کیفایەتە !
برایم     ئێوە لە چیرۆک و موسیقای کوردی کەڵک وەردەگرن؟
بەیان   ئێمە لە وانە کەڵک وەردەگرین, ئە و شانۆگەریە رێوی و مانگەشەو لە کتێبی چیرۆکی کوردی وەرگیراوە!
برایم  لە شاری سولەیمانی چەند کەس وەک ئێوە لە رەوزەکان کاری شانۆ دەکەن؟
بەیان    هێندێک لە رەوزەکان کاری شانۆ دەکەن!
برایم     بۆ کاری شانۆ پێوەندیتان لە گەڵ یەکتر هەیە؟
بەیان    بەڵێ من سێ مانگە هاتووم, پێوەندی دەگرین مەجالیک
بڕەخسێ لە سەر شانۆی منالان قسە بکەین!
برایم  لە هێندێک شوێنی دنیا گەورەکان لە شانۆی منالاندا  دەور دەگێرن
هەشە دەڵێن شانۆی مندالان دەبێ منال خۆی دەوری تێدا بگێڕێ!
بەیان لەو بارەوە دەڵێ چی؟
بەیان  من لە وشانۆیە دا دەوری راوی دەبینم, لە زۆر لە رەوزەکان دادەکە خۆی دێتە سەر شانۆ, من ئەوەم دانەناوە, من نایەمە سەر شانۆ. مادام جەوەکە هی منالە با شانۆگەرەکەشی منال خۆی بێ.محاولە
دەکەم دەرنەکەوم بەس دەنگم دێت. لە زۆرجێ گەورەکان دەور
ئەگێڕن من ئەوە بە راست نازانم!

**برایم** له زۆر شوێنی دنیا راوی له شانۆی منداڵاندا هەیه  که تۆش به کارت هێناوه .ئەوه به پێویست دەزانی؟

**بەیان** بەڵێ, ئەڵبەت ئەگەر راویەکه خۆی مناڵ بێ باشتریشه! من حەزدەکەم مناڵ خۆی له رێویدا, له راویدا, له باوکدا, له دایکدا ببینێتەوه.

من خۆم کاتی خۆی له شانۆدا  دەوری مریشکم بینیوه!

**برایم** ئێوه باسی ئەوەتان کرد که له شانۆی مناڵدا نابێ سیاسەت بێته ناو,

له هێندێک وڵات مناڵ به بیرو وبۆچون و ئیدولوژی تاقمی دەستەڵاتدار

پەروەردە دەکرێن و وەک کەرەسەیەک بۆ ئامانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرن بۆ وێنه له شەڕی ئێران و عێراقدا, ئێوه ئەم باسه چۆن دەبینن؟

**ماکرۆی** فەرق دەکا, سیاسەتیان بردۆته ناو مەکتەبەوه, ئێمه حەز ناکەین ئەم شتانه بکەوێته دەماغی مناڵ, ئێمه دەبێ به مناڵ بڵێین هەمووبران, رەفیقن. نابێ بڵێین تۆ حزبێکی, من حزبێکم, له رەوزەی ئێمه ئەوەی تێدا نیه. حەمویان کوردن. وەتەنیان کوردستانه, ئەوه دەبێ بزانن .نەوەک  تۆ هی فلان قاعیدی,  ئێمه ئەوەمان نیه له رەوزه! بەس ئێمه نیشتمانمان کوردستانه.! من کچێکی ئەرمەنیم. من فەرقم نەخستۆه. بەس مناڵ ئەبێ بزانێ وەتەنی کوردستانه, نابێ بڵێ ماموستاکەم حیزبیه! له زۆر مەکتەبەکان ئەوه هەیه!نابێ ئەوه ببێ!

**بەیان** بۆچی من بیخەمه مێشکی ئەو مناڵەوه, باخۆی که گەوره ئەبێ به

قەناعەت و رای خۆی بیر بکاتەوه. بامن له مناڵیەوه نەیخەمه مێشکیەوه, ئەمه غەڵەته, به زۆر بیخەمه مێشکییەوه. که گەوره بوو خۆی تێئەگا و ئەتوانێ ئیختیار بکا!

**برایم** بۆ ئەوەی ئەم نیەتەی ئێوه سەربگرێ ئەبێ چ بکرێ؟

**کاک حەمەرەزا بەرپرسی ئیدارەی پەروردەی سولەیمانی دەڵێ:**

حەز دەکەم تەوزحیک بدەم .میللەتی کورد له هەموو پارچەکاندا له ئەنجامی زۆروپاڵه پەستێو, حەوڵیان داوه پەروەردە له ئەنجامی مەقسەدی خۆیان بێ و ویستی خۆیان رابکێشن ئێمه ماوەی زۆرمان ئەوێ که پەیرەو و پرۆگرامێکی تایبەتمان هەبێ. من ئەڵێم ئەبێ له منداڵەوه دەست پێبکەین, چونکه ئەگەر له مناڵەوه دەستمان پێکرد ئەوه بناغەی شتەکه دەست پێدەکرێ. بۆیه من دەڵێم ئەبێ له رەوزەوه دەست پێبکەین. ساڵ به ساڵ ئەگەر هەر یەک له ئێمه له ئاستی لیپرساوەتی دابین وەکو ئەو خوشکانه  که باسیان کرد. ئێمه ئەوه نەبێ خوای نەخواسته حەزمان له لایەنێک نەبێ و یا حەزمان له لایەنێکی تر بێ. حەز دەکەم له دوارۆژدا خەڵکی کورد یەک دەنگ بێ, میللەتی کورد هەمووی یەک سەنگەر بێ. ئەبێ کارێکی وابکەین کەس نەتوانێ تێکمان بدا! ئەمەش به هیمەتی ماموستای راست دەبێ که قوتابی باش دروست بکا! قوتابی باش دوباره دەبێ به ماموستای چاک, ئەبێ به دوکتوری چاک, ئەبێ به پاریزەری چاک, ئەبێ به یاسا ناسی چاک, ئەبێ به رابەری چاک! سبەینێ له پارلەمانماندا, له مەجالسی دووەلیمان دابێ! ئەو کەسانەی که نوێنەرایەتی ئێمه دەکەن, به راست و دڵسۆزانه هەموو شتێکمان له پێناوی میللەتەکەمان به گشتی بێ. ئەو کاته ئێمه وامان لێ دێ خۆمان بیر له میللەتانی تر  بکەینەوه, وەک چۆن ئێستا میللەتان دەبینین گەیشتونەته ئەو ئاسته بیر له کورد دەکەنەوه.  ئەڵێ کورد پێویستی به یارمەتی هەیه! ئێمه پەروەردەێکی تایبەتیمان هەیه. هیوام ئەوەیه نەوەیەکی پاک و خاوێن دروست کەین به خۆشەویستی وڵاتەکەوه, خۆشەویستی میللەتی کورد و نەتەوەی کوردەوه  له هەموو کوردوستانەکان!

**برایم** له دەرەوەی وڵات قسه لەوه دەکرێ غەیره کوردەکان دەرفەتی  ئەوەیان بۆ نارەخسێ خۆیان بنوینن, ئازاد نین, مافیان دەخورێ!

**ماكرۆی** من 38 ساڵه لەم ڕەوزیەم, وائەزانم جوزئێك لە سولەیمانیم, یەكێك بە منی نەوتووە, ماموستا بێ یا دراوسی بێ كە ئەتۆ ئەرمەنیشی ئا ئیحترامی من زیاتر دەگرن لە خۆیان, ئا پیریژن و شتی وا ناڵێم!



## تیپی نوواندنی سوله یمانی

**برایم** كاك سمكۆ تیپی نوواندنی سولەیمانی كەی دروست بوو؟

**سمكۆ** لە شەستەكاندا هاتنە لای من, نیازیان ئەوە بوو فیلمیكی كوردی دروست كەن. بەڵام من رام وابوو فیلم وەختی زۆری دەوێ, پارەیەكی زۆری دەوێ كاتی خۆی كۆمەڵەی هونەرە جوانەكان هەبوو. رژیم دایخست. وتم هەوڵی ئەوە بدەین تیپێكی شانۆیی پێك بێنین, .چەند كۆبونەوە و دانیشتن كرا. چەند رێژەیەكی ناوخویی گشتیمان هێنا و سەیرمان كرد, دوای ئەوەی دراسەمان كرد. چەند برادەرێك وەك من و كاك بورهان و كاك حەسە ن تەنیا و كاك عومەر عەلی و كاك ئەنوەر قەرەداخی و نوری ئیسماعیل و كامیل ئەحمەد و سەید ئەحمەد دەنگ گەورە, ئەوانە بریاری ئەوەمان دا كە تیپی نوواندن دابەمەزرێنین. لە ئەوڵ كاتا كە دامەزرا لە ساڵی 69 لە ژێر ناوی تیپی نوواندن و موسیقای سولەیمانی دابوو. دوای ماوەیەك بەرژەوەندی گشتی وابوو, پێویستی ئەوە بوو, تیپی موسیقا جیا بۆوە و تیپی نوواندن بە تەنیا مایەوە و دەستی كرد بە كاركردن وبەرهەم پێشكە شكردن. وە گەلێك بەرهەمی قەشەنگ و جوان جوانمان پێشكەشی جەماوەر كرد. تەنانەت لەو بەرهەمانە ماموستا نمازی بامەرنی یادی بەخێر كە ئێستا لە فەرانسەیە, كاك عەزیز قەساب كە ئێستا لە لەندەنە وەك گەنجێك هاتنە ریزی ئێمەوە! چەندەها دلسوزانی تری هونەرمەند وەك فازل جاف و ئەوانە نزیك بوونەوە و زۆر كەسی دلسۆز كە ناوەكانیانم لە یاد نیە, نزیك بونەوانێ لە تیپی نوواندن, گەلێك بەرهەمی چاكیان پێشكەش كرد. بۆ وێنە لە موستەوای مەسرەحی عێراقیدا كاك بەكر رەشید شانۆگەری قەرەجی پێشكەش كرد. خەڵاتی یەكەمینی وەرگرت. خوشكە تریفەخان كە دەوری كچەكەی دەبینی بە شانازیەوە ئەڵێم كە وا میدالیایەكی گەورەی وەرگرت لە چاكترین دەوریا, ئەوە شانازیە بۆ تیپی نوواندن. پێویست ناكا لە سەری برۆین چەندەها بەرهەم وەك ,,نرخی ئازادی,, وە چەندەها شانۆگەری جیهانی و میللی, بێجگە لە وە چەند بەرهەمێكی تەلەوزیۆنی چاك چاك پێشكەش كرا!

بۆ نمونە یەكەمجار بوو كە تیپی ئێمە زنجیرەی ژاڵەمان دەست پێكردو لە 8 حەلقەدا بوو, كە سرنجی جەماوەری شاری سولەیمانی و كوردستانی راكێشا. ژاڵە سریالیك بوو زۆر لە دانیشتوانی كوردستان بە دڵیان بوو. ئێستاش تیپی نوواندن بەردەوامە لەو ریبازەدا. مەبەستی پاكی تیپی نوواندن ئەوەیە كە هیچ شتێكی تر نیە تەنیا پێشخستنی هونەری شانۆیی و هونەری تەلەوزیۆنی و هونەری سینەمایی لە كوردستاندا!

**برایم** پاش دەرباز بوونی ئەو هەموو ساڵە پێتان وایە شانۆی كوردی بەرە و كوێ رۆیشتوە؟

سمكۆ  وەڵاهی لە سەرەتاوە دیارە شانۆ بە چاویكی ڕێزەوە سەیری نەدەكرا. تەنانەت ئەو ئەكتەرانەی كە دەوریان تێدا ئەبینی, لە بەرچاوی
خەڵكی نەوعێكی تر سەیریان دەكردن. ئێستا گەیشتۆتە رادەیەک كە خەڵک ڕێز لە هونەرمەند و شانۆ دەگرن. جاران شتی سادە و ساكارپێشكەش دەكرا, ئێستا چۆتە قوڵایی ئیشەكەوانێ. كە ئەو فیكرە ئەو مەبەستە پێشكەشی ئەكا جێگەی خۆی بگرێ و كاریگەر بێ! خەڵكەكەش چاوی كراوەتەوە یانی بە واتایكی فراوانتر بڵێین, توانراوە  بینەری شانۆ یا تەلەوزیۆن دروست بكەین. لە پێش دا خەڵكی وای دەزانی نوواندن یا تەمسیل كردن یا  تە لەزیۆن هەر بۆ ئەوە دەبێ تەماشای بكەی و پێی پێبكەنی. یا تۆزیک خەفەت بخۆی! نە ئەوەی   فیكرێک مەبەستێک لەم ئیشكردنەد اهەیە. بەس تەنیا ئەوە هەیە كە ئێستا ئێمە لە تەكنیكی شانۆدا نەگەیشتوینەتە ئەو رادەیە, شانۆییكی پڕو چڕمان هەبێ, كە هەموو
مەرجێكی هونەری تێدا بێ. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر كۆڵ نەدراوە. ئەگەر لە سەر سەكۆیەک بوو بێت, تۆ مەبەستەكەی خۆت پێشكەش بە  جەماوەر كردوە!

برایم  ساڵان  خەڵک بە شانۆ گێڕیان دەگوت چی, چ نێوێكیان لە سەردانابوون؟

سمكۆ بۆ نمونە ئەگەر تەمسیلێكی پێكەنینی بویایە, یا شتێكی میللی كە ئەچوویە سەر جادە, خەڵقی پێدەكەنی و گاڵتەی پێدەكردین, فلان كەس كە دەوری مەكری ژنانی بینیوە. بۆ نمونە كاک سەلاح باڵا بەرزمان هەیە. مناڵان گاڵتەیان پێدەكرد كە تەمسیلی كۆمێدی هەبوو. من لەتەمسیلەكەدا مقەست دێنم سمیڵ ببڕم. مناڵەكان ئەیانوت ئەوە نەوەكەیە. حەتتا كاک سەلاح بەردێكی هەڵگرت بیكرێتە مناڵەكان كە من دەستیم گرت, وتم قەی ناكا ڕۆژێک دێت ئەو مناڵە تەقدیری تۆ دەكا. ڕێز لە تۆ دەگرێ. جیاوازی لە بەینی كۆن و ئێستادا ئەوەیە كە شانۆ یا ئیشی هونەری و تەلەوزیۆنی گەیشتۆتە رادەیەک كە سمكۆ عەزیز ئەبینن, ئەڵێن ئەوە كاكە سمكۆیە ڕێزی تایبەتیم لێدەگرن. بۆ نمونە كابرایكی فەرانسی هات بۆ شانۆ كاتێک من لە جامعە بووم لە ساڵانی 70كاندا. كە بە سەیارە  بە جادەدا ئەڕۆیشتین, ئەیان گوت ئەوە كاک سمكۆیە, ئەوە سمكۆعەزیزە كابرای فەرانسی فێر ببوو ئەیگوتەوە, ئەوە سمكۆ عەزیزە,ئەوە سمكۆعەزیزە! مەبەستم ئەوەیە ئێستا وەک جاران نیە! جاران ئەو ڕێزە لە هونەرمەند نەدەگیرا.

برایم  لە موكریان لە دەورەی كۆمەڵەی ژ.ک دا بەو كەسانەی كە كاری شانۆیان دەكرد ,پێیان دەگوتن شەكەرۆكە  یان پاشان دەیانگوت لۆتی لێرە چیان دەگوت؟

سمكۆ  وەڵا پێیان ئەوتین لۆتی! (پێدەكەنێ)یانی ئەوە  كورت و موختەسەرەكەیەتی.

برایم   لە مەیاندا هاوبەش بووین!

سمكۆ  بۆ نمونە كابرایەک هەیە موسەقەفە! حەسەنی سەید ئەحمەدی پێدەڵێن. من سەیارە كۆنێكم هەبوو, ئۆپێلێک. ئەمبرد بۆ لای فیتەرێک ئەیگوت پاسقاڵەكە هات بە توركی وابزانم پێیدەڵێن پاسقاڵ بە مومەسیل!

برایم      كاک حەسەن تەنیا ئێستا لە كوێیە؟

سمكۆ  حەسەن تەنیا دور كەوتۆتەوە لە ئیشی هونەری, ئێستا نازانم لە
كام دایرە كارئە كا!

برایم  ئەوانەی كە  لە گەڵ ئێوە  كاری شانۆیان دەكرد ئێستا چ دەكەن؟

سمكۆ  سەید ئەحمەد دەنگ گەورە ستۆدیۆی هەیە ستۆدیۆی جەوان. مامۆستا عومەر عەلی كۆڵی نەداوە و لە ئیزاعە و تەلەوزیۆن ئیش دەكا، كاک كامیل ئەحمەد ئەو تەشكیلی بوو, خەریكی ئیشی خۆیەتی, كاک ئیسماعیل ئەویش هەر تەشكیلی بوو, ئێستا خەریكی ئیشی تەشكیلیە, كاک ئەنوەر قەرەداغی تەبعەن ئیشی موسیقی بوو لە تیپی موسیقای سولەیمانیدا,

کاک بورهان مستەفا هەر لە گەڵ خۆمان دایە. لە ئەکتەرە کۆنەکان زۆربەیان چونە دەرەوە و زۆربەشیان لە گەڵمانن.

**برایم** ئێستا ئێوە چی دەکەن؟

**سمکۆ** خەریکی بەرهەمێکین لە ژێر ناوی رۆشنا لە نووسینی ماموستا کاوە ئەحمەد کە بە شێوەی تەلەوزیۆنی پێشکەش دەکرێ.

**برایم** ئەرکی ئێوە ئێستا لە شانۆی کوردستاندا چییە؟

**سمکۆ** ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە وا خەریک بین هەوڵ بدەین ئیشی شانۆخافل نەکەین, بێجگە لە ئیشی تەلەوزیۆنی بەردەوام, ئەگەرێین بەدوای شانۆنامەیەکی چاک, شانۆنامەیەک کە لە گەڵ کات و ئەو شوێنەی کە پێشکەشی ئەکەین بگونجێ. چونکە خۆت ئەزانی هەموو بەرهەمێک

وەکو عەرەبەکە دەڵێ زەمان و مەکانی هەیە!! کات و شوێنی.!جا ئێمە دایمەن دەگەرێین بۆ ئەو شانۆگەریانە بەرهەمی تەلەوزیۆنانە کە لە گەڵ کاتەکە بگونجێ..

**برایم** ئەگەر لاو بیتەوە و بگەرێیتەوە ساڵەکانی 50و 60 چی دەکەی؟

**سمکۆ** لاو بینەوانی و بچینەوە ساڵەکانی 50 و60(بە پێکەنینەوە) وەک مەسەلەیەک هەیە ئەبێ عەرز بدرین, یانی دەبێ شتێکی ئەوندە چاک بکەین کە زۆر زۆر بەرە و پێشەوەمان بەرێ.

**برایم** یانی دیسان هەر کاری شانۆ دەکەی یا کاریکی تر؟

**سمکۆ** وەڵا هەر کاری شانۆیی ئەکەم!



## یەکیەتی هونەرمەندانی سولەیمانی

ئەم دەمە تەقەیە لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆی کاوەی ئاسنگەر لە یانەی یەکیەتی هونەرمەندانی سولەیمانی لە گەڵ بینەران کراوە.

**برایم** ناوی ئەم تیپە چییە؟

**بینەر** وەڵاهی نازانم!

**بینەر** وابزانم دەزگای راگەیاندنی یەکیەتی نیشتمانی بوو!

**بینەر** (خۆی نازانێ لە یەکی تر دەپرسێ): تیپە کە ناوی چییە؟

**بینەرێکی تر** شانۆگەری لاوی پینەچی!

**کاک حامید** نا! تیپەکە ناوی چییە؟

**بینەر** کامە؟



**حامید** ئەم تیپە کە ئێستا شانۆ پێشکەش دەکا!

**بینەر** پێشمەرگەی تایبەت!

**بینەرێکی تر** پێشمەرگەی ئیزاعە!

**برایم** پێشمەرگەی!

**بینەر** پێشمەرگەی ئیزاعە !

**برایم** ئێوە زۆر دێن بۆ تەماشاکردنی شانۆ؟

**بینە ر** ئا!

**برایم** یانی لە ساڵدا چەند جار؟

**بینە ر** وەڵاهی هەرچی مەسرەحی پێشکەش بکرێ!

**برایم** سێ مانگی رابوردو چەند جار هاتوی بۆشانۆ؟

**بینەر** ئەمە سەری دووهە مجارمە, چونکە حەفلە و شتی تری واش هەبووە!

**برایم** یەکەمین جار چ بوو؟

**بینەر** یەکەمجار دادگا بوو!

**برایم** نووسینی کێ بوو؟

**بینەر** وەڵاهی نازانم نووسینی کێ بوو!

**برایم** دەرهێنانی کێ بوو؟

**بینەر** دەرهێنانیشی نازانم کێ بو!

**برایم** لە سێ مانگی رابوردودا چەندەمین جارە دێی بۆ شانۆ؟

**بینەر** ئەمە یەکەمجارە!

**برایم** پێشتر زۆر هاتووی بۆ شانۆ؟

**بینەر** بەڵێ



**برایم** ئیشت چییە؟

**بینەر** کاسبم!

**برایم** ئەتۆ چی؟

**بینەر** من پێشمەرگەم!

**برایم** ئێستاش پێشمەرگەی؟

**بینەر** بەڵی!

**برایم** دەرست خوێندوە ؟



بینەر　بەڵێ!

برایم　تا پۆلی چەند؟

بینەر　تا سێم تەواو کردووە!

برایم　تۆ چی؟

بینەر　منیش ئەعدادی سەناعەم تەواو کردووە!

برایم　ئێستا ناخوێنی؟

بینەر　نە خیر!

برایم　ئێوە چی؟

بینەر　نەخێر منیش ئێستا پێشمەرگەم ناخوێنم!

برایم　ئێوە لە سێ مانگی رابوردودا چەند جار هاتوونە شانۆ؟

بینەر　ئەوە یەکەمجارە! ئێمە هەر لە بەغدا بووین!

برایم　خەڵکی کوێی؟

بینەر　خەڵکی خانەقین!

برایم　زۆر دێیت بۆ شانۆ؟

بینەر　لە بەر ئەوە شانۆکە هی خۆمان هی ئیزاعەیە, ئیتر ئەمە یەکە مجارە!

برایم　مەبەستت لە هی خۆمانە هی ئیزاعەیە چییە؟

بینەر　هەموو پێشمەرگەین!

برایم　چویەتە قوتابخانە؟



بینەر　بەڵێ تا چوار!

برایم　زۆر سپاس , تۆچی؟

بینەر　من بۆیاخچیم!

برایم　زۆر دێیت بۆ شانۆ؟

بینەر　ئەرێ وەڵا!

برایم　لە سێ مانگی رابوردودا چە ندجار هاتووی؟

بینەر　دووجار هاتووم, ئەمە سێ رۆژە پێشکەش دەکرێ　هەرسێ رۆژەکە هاتووم.

برایم　لە بیرتە تا ئێستا چ شانۆنامەیەکت دیتووە؟

بینەر　بەڵێ, مەسیح و مانگرتن و عەبەی ناقۆڵا!

برایم　مان گرتن چۆن بوو؟

بینەر　مانیان گرتبوو؟

برایم　لە سەرچی مانیان گرتبوو؟

بینەر　لە سەر ئیش و کار!

برایم　زۆر سپاس!



## کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سولەیمانی

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان مەڵبەندی گشتی سولەیمانی بەشی نواندن, ئێستا لە خۆئامادە کردن دایە بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەری,, لە مردن گەڕایە وە,, لە نووسەری رۆمانی,,ویکتۆر ئە فتیۆیە,, ئەم شانۆگەریە کاک کەماڵ سابیر وەریگێڕاوە و کۆمەڵەیەکی هەڵبژاردە لە کۆمە ڵەکەمان بە شداری تێدائەکەن لە بەشی نواندن, لە وانە ماموستا عەبدولی حەمە جوان, ماموستا حیکمەت هیندی و کاک ئاشتی کەماڵ و خوشکە روح سابیر و خوشکە تەلار و هەروەها دەرهێنەری شانۆکە منم ئەرسە لان دەرویش.! وە لە ئیدارەی مەسرەحی کاک ئاری حەسەن دڵسۆز و کاک بەهائەدین هەڵەبجەیی بەشدارن لە گەڵمان, هەروەها لە مەسایلی دیکۆر و هونەریدا بەشی موسیقا و بەشی شێوەکاری هاوکاریمان لە گەڵ دەکەن. بە هاوکاری هێندێک هونەرمەندی تر وەکو ماموستا عەلی لەتیف و خوشکە سەردار عەلی و کاک بریار و ئەوانە.

دیارە ئەم نووسەرە لە ئوروپا ناسراوە هەرچەند ئەمە یەکەم دەقە کە دێتە سەر زمانی عەرەبی و کوردیش! ئیشەکە ئیشیکی کۆمیدی و ئنتیقادیە, لە سەر مەسەلەی ئینتیخابات ,هەڵبژاردن. ئەوەی کە ئەمرۆ مەبەستمانە, وەکو قۆناخێکی ئەمرۆی گەلەکەمان, مەسایلی دیموکراسی و مافی مرۆڤ وهەڵبژاردن و ئەمانە گرینگێکی تایبەتی هەیە, بە نیسبەت ژیانی ئەمرۆوە. پێمان خۆشە هونەر ئەمرۆ ئەو دەورە گرینگە بگێڕێ لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی خەڵک و میللەتەکەمان هەرچەند سەربەرزانە لە یەکەم تاقیکردنەوەدا خۆتان ئەزانن سەرکەوتنێکی وا بەدەست هات کە هەموو وڵاتانی دەورو بەر شایەتی حاڵن! شانۆگەرێکمان بە کورتی باسی دیاردەی هەڵبژاردن ئەکا. بەڵام تەبعە ن بە شێوەیکی راستە وخۆ نا, لە قالب و چوارچێوەیکی کۆمیدیدا. ئێستا ئێمە لە خۆ ئامادەکردن داین بۆپێشکە شکردنی ئەم شانۆگەریە لە سەرەتای مانگی نیساندا!

☺ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە1969,12,31کاری خۆی دەستپێکرد. تا ئێستا کۆمەڵەکەی ئێمە کۆمەڵێکی خیرخوایە و لە سەرانسەری کوردستاندا لق و بەشمان هەیە.لە کاتی خۆیدا لە کەرکوکیش لقمان هەبوو بەڵام سەدام دایخست. ئێستاکە لە هەولێرو رەواندزو کۆیێ و تەلار و چەمچەماڵ لقی کۆمەڵەمان هەیە. کۆمەڵەی ئێمە دەزگایکی فەراوانی هونەریە, هەموو بەشەکانی لە خۆیدا گرتووە. بەشی شێوە کاری, بەشی نواندن, بەشی گۆرانی و موسیقا. هەموو تائێستا سەدان پیشانگا و دراما و چیرۆکی کورت پێشکە ش کراوە. بەشی گۆرانی و موسیقاش. هەر بەشە لە ئاستی خۆی بە کارەکە هەڵدەستن!

برایم حەز دەکەم بە گشتی باسی سەرەتای شانۆ لە سولەیمانی بکرێ, ئەگەر ئیمکان هەیە!

☺ بە داخەوە هاتنی جەنابتان پێشتر پێمان نەگوتراوە بەڵکو ئامادە بونایە. ئێمە لە کۆمەلە بەشی ئارشیومان هەیە, هەمووی بە فراوانی باسی کراوە!

**حیکمەت هیندی** سەرەتای شانۆ!؟ ئێمە بڵێین کورد شانۆیکی تایبەتی هەبێ, کورد شانۆیەکی تایبەتی نیە! ئەم شانۆیەی ئێمە وەرگیراوە و تایبەت بە کورد نیە! ئە م شانۆیە کە وەکو مافی هەموو میللەتانی شەرقە وەکو عەرەب و فارس و تورک, وەرگیراوە! ئێمە ئەم شانۆیەمان وەرگرتوە بەڵام لە ساڵەکانی 1926وە بە تایبەت لە سولەیمانی هونەرمەندێک بوو بە ناوی کاک فواد رەشید کە ئێستاش هەر ماوە, ئەو یەکەم تەجروبەی شانۆی لە سولەیمانیدا کردووە. تەبعەن ئەم تەجروبەیە ماوەیەک بەردەوام بووە, ماوەیەک بە هۆی هێندێک حالەتەوە وەستاوە, لە ساڵەکانی چلدا شانۆ زیاتر دەستی پێکرد و دوایە لە ساڵەکانی 50 کە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی پێشوو دامەزرا, چەند ئیش و کاریکی دەقی

بیانی وبیگانە وەکو ,, بسکەی تەقدیر,,و شتی کوردیش لە کاتی خۆیدا پێشکە ش کراوە. لە ساڵی 1967_1960بە هۆی مەرحەلەیکەوە وەستا. ئەو وەستانە لە ساڵی 68بە هۆی کۆمەڵێک هونەرمەند کە من بەشانازیەوە یەکێک لەوان بووم دەستی پێکردەوە. لە پەیمانگای ماموستایان بووین,کۆمەڵێک ماموستا بە هۆی هونەرمەندێکەوە کە دەرچووی موسیقا بوو بەس زیاتر گرینگی بە موزوعی شانۆ ئەدا , تیپی نواندن و موسیقای سولەیمانی دامەزرا,ئەوە سەرەتا بوو بۆ دروستکردنی شانۆ. لە گەڵ ئەوە کۆمەڵی وەێژەی کوردی دامەزرا. ئیتر دوابە دوای ئەوە گەلێک تیپی تریش دروست بوو. کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە ساڵی 80وە دروست بووە, ئەوەی گرینگە بیزانین وا جەنابت باست کرد کە وا دەنگ و باسی شانۆ ناگاتە ئاڵمان یا ولاتانی دەرەوە! قەزیەی شانۆ ئیش و کاریکی چاکی بۆ دەکرێ, کۆمەڵێک هونەرمەندی چاک لە شانۆدا کار ئەکەن, ئەگەر بڵێم زیاتر لە 300, 400 هونەرمەندی شانۆ هەیە, بێجگە لە موسیقا و لە شێوەکاری. ئەمانە هەموو لە بواری خۆیاندا کاری خۆیان ئەکەن! و ئەگەر بڵێم کۆمەڵێک شانۆی هەمە جورەی مەدارسی مەوجودە لە کلاسیکی لە واقیعی وە, شانۆی برێشتی, شانۆی فەقیرەوە, حەتتا ئەزمونگەری هەیە, کە بە هەموو جیاوازیکەوە کۆمەڵێک کەس کاری تێدا ئەکەن و ئیشی تێدا ئەکەن و تا رادەیەکی گەورە, ئەو هونەرمەندە گەورانە توانیویانە تەئسیری ئەو شتانە بکەن و شانۆ لە لای خەڵک خۆشەویست بکەن! ئەو جەماوەرەی کە لە شاری سولەیمانیدا بۆ شانۆ هەیە لە شارەکانی تر کەمتر هەیە. ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ تێکۆشانی ئەو کۆمەڵە هونەرمەندەی کە وا خزمەتی شانۆیان کردوە, تا ئێستا هەر بەردەوامن. کۆمەلێکمان پیر بووین, کە هاتینە ئەم کارەوە قوتابی بووین, ئێستا سەرمان سپی بووە. پیرین لە قەزای شانۆدا. و ئێستا کۆمەڵێک گەنج کە هەموو پسپۆر و شارەزان هاتوون رۆلی خۆیان ئەبینن! تەبعەن کۆمەلێک تیپی رێک و پێک لە شارەکەدا هەن. کۆمەڵێک هونەرمەندی بە توانا هەن کە ئەوانیش کار دەکەن. و حەز دەکەم بزانن کە لە 27ی مانگدا رۆژی یەک شەممە رۆژی شانۆی جیهانی لە سولەیمانی جێژن ئەکرێ, شانۆ پێشکەش ئەکەین و رێز لە هونەرمەندێکی کۆنی شارکە کە ئێستا بەردەوامە ئەگرین. وتار ئەخوێنینەوە, وتاری شانۆ بە بۆنەی ئەو رۆژە وە! یانی ئێستا شانۆ خۆشەویستە بۆ خەڵک جگە لەوە فستیوالی شانۆ لە سولەیمانی, فستیواڵی شانۆی هونەرە جوانەکان هەیە. وەزارەتی رۆشنبیری بەڵینی داوە نەک لە سەر ئاستی شارەکە بەڵکو لە سەر ئاستی کوردستانی رزگارکراوە هەموو ساڵێک میهرەجانات بکرێ.

میهرەجانی شانۆیی بکرێ. میهرەجانی موسیقا بکرێ. هەروەها لە بیرمان نەچێ چالاکی قوتابخانەکانیش رۆڵی خۆی دەبینێ لە خزمەتی شانۆدا. لە مەرحەلەیەک دەوری چاکی بینیوە. وەکو ئێمەش ئەبینین ئێستاش سەرباری کۆمەڵێک مەعانات و مەشاکل و سەرقاڵی حەتتا لە روی گرانی و برسیەتی و نەبوونی, حەزی شانۆ هەیە و درێژە بە کاری شانۆ ئەدرێ.

ساڵی 1985 یەکەم دەستە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانیان تەواو کرد, کە بریتی بوون لە 42 کەس! ئەم 42کەسە بۆ یەکەمجار لە شاری سولەیمانی خۆشەویست بە شێوازێکی علمانی وتوانای خۆیان و ماموستایانیان توانیان ئەوەڵ دەستە بن کە شەهادەی دیپلوم وەربگرن! ئەوانە شان بە شانی20تەلەبەی شێوەکاری, لە 85موسیقی نەبوو,ئەتوانم بڵێم بوون بە نەواتێک کە زۆر زۆر رێک و پێک بلاوبوونەوە بە هەموو شوێنێکی کوردستاندا, چون هەموویان خەڵکی شاری سولەیمانی خۆشەویست نەبوون. خەلکی هەولێری دێرینی تێدابوو. خەڵکی کەرکوکی تێدا بوو, حە تتا بادینانی تێدابوو, خەڵکی دهۆکی تێدابوو. ئەمانە بوونە ئەو بنیادانە کە ئەوەندەی تر شانۆی لای خەڵکی کوردستان خۆشەویست بکە ن.

جەنابت دەفەرمووی کە وا عەلەل ئەساس دەنگی شانۆ کزە ناگاتە ئەوەی! چون ئەو کەسانەی کە لە ئاڵمانیاوە دێن بۆ ئێرە, شانۆیی نین. تۆ هاتووی موتابعەی شانۆ بکەی. ئەو کەسانە دێن, بەداخەوە ئەلێم ,ئەو مونەزەمانە دەیانبەن خانوی روخاویان پێنیشان ئەدەن, بۆ ئەوە قیمەتێک پارەیان دەست کەوێ! ئەی دەست کەوتنێکی مادیان هەبێ! بە ناوی مونەزەمە یا مونەزەمەیکەوە ئەیبەن کێوشاخی نیشان ئەدەن ,یان هەڵەبجەی شەهیدی نیشان ئەدەن. ئەمە ئەکاتە حالەتێکی عاتفی بۆ ئەوەی هەموو ئاڵمانی و غەیری ئاڵمانی وەکو ئەو مونەزەماناتانە بکەن! بەڵام هیچ کەسێک نایانهێنی بۆ مەڵبەندێکی وەکو ئەم جێگایە! ئێمە بە بێ نان ئەم جێگایەمان بنیاد ئەکەین. ئەم جێگە کە جێگەی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانە! ئەوەتانێ ئەم شوێنە لە مزگەوت مقەدەس ترە چونکە میللەتەکەمان ئە لێرەوە وانەی عیلمانی فێرئەبێ ئا لێرەوە حەرەکەی ئازادیخوازی فێردەبی. ئا لێرەوە فێر ئەبێ وجودی هەیە و ئەزانێ کێیە؟!. لە 1993,3,29لە دارمشتات,لە هانۆفر, مەعرەزی 63فەننانی کوردمان هەبووە! فەریدون قازی هەیە لەوێ کردویەتەوە! مەعنای ئەوەیە جەنابت ئاگات لەوە نیە! هەموو فەنانی کوردستانی ئازاد هاوکاریان تێداکردوە! نازانم بۆچ شوێنێکی تر چووە! بەڵام 3,29لە محافزەی هانوفێر کردبویەوە! ئەو پیشانگایە, لە هانوفێر و دارمشتات بە هاوکاری کوڕێک بە ناوی شمیت میشیل,ئەم برادەرە بە هاوکاری میدیکۆ ئینتیرناشناڵ بە موشتەرەک ئەم مەعرەزەیان بردوو هەموو ئاڵمانیان گەراند!

پیشانگا ئاسان دە بردرێ، خۆت ئەزانی تیپێکی موسیقی ئەگەر لە سولەیمانیەوە دەرچێ, یا تیپێکی شانۆ6 , 7 کەسین, یا ئێمە 20 کەس لێرەوە برۆین ئەم شانۆیە لە ئاڵمانیا تەقدیم بکەین, برۆین بە ئاڵمانیای بناسینین ناکرێ, ئەوەیە لێرە ویدیوکاسێت تەرتیب دکەین, فەرموو بینیرە. ئێمە لە حاڵی حازر هونەرمەندمان هەیە لە ستوکهوڵم, عەدنان کەریم پێرێ بەسرپێرێ کاسێتێکی گۆرانیەکانی بۆ ناردین, لێرەوە لە حنی بۆ دەکەین ئەینێرینەوە بۆ ستۆکهوڵم , لە وێ گۆرانیەکەی ئەڵێ, بۆمان ئەنێرێتەوە, جارێکی دیکە دوبارەی دەکەینەوە! ئێمە لە دوای راپەرینەوە حەزمان بەوە کردووە کە ئێمە هەین. ئێمە هەین و وجودمان هەیە, هەوای ئازادیمان چێشتووە, لەوە پیش دەست خرابووە قوڕگمان. وەک جەنابت وتت ئێمەی کورد, پێیان وتووین عەرەب, پێیان وتووین تورک یان فارس. ئەمەیان ئێرانیە ,ئەمەیان عەرەبە و ئەمەیان تورکە بەم شێوازە مامەلەیان لە گەڵ کردووین. بەڵام ئەمرۆ حالەتێکی دیکەیە, ئەم حالەتە راستیە بگەێنە بەو جێگایە کە جەنابت لێی هاتووی! وەک فەن هەیە, ئینسانیەت هەیە, مافی مرۆڤ هەیە, کورد میللەتێکن حەزارەتیان هەیە , ئیمانیان بە هەموو حالەتێک هەیە!

**برایم** حەز دەکەم جەنابتان دۆستان بناسینی!

**ئەرسەلان** پێشەکی کاک **عەلی** سەرۆکی هونەرە جوانەکانە, هی ئەم دەزگا هونەریە, ماموستا **عەبدولی حەمە جوان** بەرێوەبەری هونەری کۆمەلەکەمان! ماموستا **حیکمەت** هیندی بەرێوەبەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانە! تەبعەن ماموستا **عەبدول** بەرێوەبەری رۆشنبیری سولەیمانیە! کاک **بەهائەدین** هەڵەبجەیی ئەندامی کۆمەلە! کاک **دڵشاد** رپورترە بۆ رۆژنامە! کاک **محەمەد رەشید** دەرچووی پەیمانگا لەو ئیشەدا لە گەڵمان بەشدارە! ماموستا **ئومێد حوسین** ئەندامی کۆمەلە و دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان. یەکێک لەوانەی کە چەندها خەڵاتی وەرگرتووە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان! کاک **ئاری حەسەن دڵسۆز** بەشدارە لە گەڵمان و ئەندامی کۆمەڵەکەمانە! کاک **فەرهاد محەمەد قادر** ئەندامی دەستەی بەرێوەبەرە, بەرێوەبەری بەرهەمەکەمانە! کاک **جیهاد دڵپاک** میوانی کۆمەلەکەمانە و بەخێربێت, سکرتێری یەکیەتی هونەرمەندانی یەکگرتووە! خوشکە **رووخۆش سابیر** دۆستی

کۆمەڵە و بەشدارە لە شانۆگەرییەکەدا! کاک ئاشتی کەماڵ ئەندامی کۆمەڵە و بەشدارە لە شانۆگەریەکەدا! من ریپۆرتاژێکم لە گەڵ زۆربەی ئەم بەرێزانە و زۆربەی هونەرمەندانی شارەکە بە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەوە سازکردوە, تەقریبەن چوارسەعاتە تەسویر کراوە, لە سەر بزوتنەوەی شانۆی کوردی لە دوای راپەرین, ئەوە تەسجیل ئەکەین و دەیدەین بە جەنابت. شانۆگەریشی لە گەڵدا هەیە! کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان هەر لە سەرەتاوە دەستپیشخەر بووە کە ئارشیویک دانێ بۆ شانۆ. لەم بوارەشدا کۆمەڵێک ئەندامی بەرێزمان لەو بارەوە خۆی ماندوو کردووە, لەوانە ماموستا فایق عومەر کە تەنیا بیبلوگرافیاو شتی ئارشیوی هەیە, ئەویش هەر لە خزمەتتاندایە. هەروەها هێندێک مەجەلاتمان هەیە لێرە دەرچووە, گوڤارێکی تر کە تیپی ئەزمونگەری شانۆی کوردی ژمارەیەکیان لێ دەرهێناوە. لە دوای راپەرین. دانا رئوف کە ئێستا لە سوئیدە وکومەڵێک برادەر دەریان کردوە, ژمارەیەکی ئەویش لە خزمەتتان دایە. بە نیسبەت پەیمانگای هونەرە جوانەکان چون خۆم دەرچووی ئەوێم, ئەوانیش ئارشیویکیان هەیە! چالاکی قوتابخانە کانیش وابزانم ئارشیوی خۆیان هەیە!

ئێوە باسی ئەو هەموو هونەرمەندە چاکەتان کرد کە لە کوردستاندا هەن بە لام باسی ئەوەش بکەین, کوردستان هۆلی شانۆی تێدا نیە تا ئێستا! ئێمە ئەو کارە هونەریانەی کە پێشکەشی دەکەین بە ناچاریە, ئەگینا نە قەناعەتمان ئەوەیە کە هۆلی شانۆ لە مستەوای مەتلوب دایە و نە بینەر مورتاحە لە و شوێنەی کە دانیشتوە, چون ئێمە هۆلمان نیە!.

بە هەموو سولەیمانی قاعەی یەکیەتی هونەرمەندان هەیە, کە ئەویش کەرەسەی هۆڵێکی کە بەکەڵک بێ تێدا نەماوە, هیچی تێدا نیە! یانی ئەو رۆژانەی کە باران ببارێ هاووڵاتی ناتوانێ بچێ بۆ بینینی شانۆکە, چونکە لە هەموو لایکەوە ئاوی پێدادێتە خوار. تا ئێستا بە هۆلی ئیمتحاناتی قوتابیان رازی بووین کە شانۆمان تێدا پێشکەش کردوە, لە بەر ئەوە ئەگەر هەوڵێک بدرێ وپەیامەکە بگەیێندرێ و لە شارەکاندا شانۆمان بۆ دروست بکرێ. و کارەکان لە موستەوایەکدا بکرێ کە شانازی بکەین کە کورد خاوەنی هونەری خۆیەتی! چونکە ئێمە ئەتوانین بڵێین لە زۆر هونەرمەندی زۆر وڵاتی تر ئازاترو شارەزاتر و چاکتر ئەچینە ناو ئیشەکەوە, زیاتر لەوانی تر موعاناتمان پێیە!.ئێمە لە دروست بوونی کارە هونەریەکان لە کوردستاندا دەستیان ئەنایە بینمان, ئەیانویست تەعەدامان لێبکەن.

ئەیانویست بمانکوتن, نەهێڵن کاری هونەری بکەین, زمانمان ببڕن, ئێمە شان بە شان لە گەڵ ریزە سیاسیەکان و شۆرشەکە دەستە و یەخە بووین بە ئاشکرا! ئێمە پێشمەرگەی ئاشکرا و راستەقینە بووین.لە ناو شاردا! کە دەستە و یەخە بەرانبەر بە رژێم کاری هونەریمان ئەکرد و هەمووشمان ناسرابووین! هەموو تیپێک و هەموو هونەرمەندێکی ئەو کوردستانە هەموو دەقەیەک زەربی پێداهاتوە بۆ لێدانی! بەڵام هونەرمەندی کورد قەت بە چۆکدا نەهاتووە! ئێمە بە تیکۆشانێکی 25ساڵە خۆمان ئەم بینایەمان دروست کرد کە بینیوتە! تەبعەن شتی زۆرماوە تەواو بێ. کە ئێمە بۆمان ناکرێ! بەم رۆژگارە ئەکروزێینەوە, ریکخراوە نەماوە سەری پێدا نەکەین, لە دەرگای نەدین! لە هۆڵەندا پێش دوو مانگ کۆبوونەوە هەبوو, ئەو پرۆژانەی کە موافیقەیان کرد بۆ کوردستان یەکیان بیناکەی ئێمە بوو, بەس بەداخەوە ئەڵێم چونکە ناوی شانۆی تێدا بوو, داواکەیان خستە ناو خۆلەکەوە, هیچ جوابێک بە ئێمە نەدراوە! ئێمە کەس لێمان ناپرسێ, کەس هەوڵ نادا شانۆ بۆ هونەرمەندان دروست کا! وادیارە زەقییەک لە کارەکانی ئێمەدا هەیە! ئێمە لە بەر ئەوە هونەرمەندین, رۆشنبیرین, چاوساغی میللەتەکەین, دیارە دوریمان لێدەکەن! ئەگەر هەوڵ بدرێ, ئەو ریکخراوەی کە دێت وەک ئەو گروپەی کە جەنابتانی لە گەڵ هاتوون هەر کام 5 دەقیقە سەریان بکردایە بە جێگەیەکی

وەکو ئێرەدا, لە چوار لاوە یارمەتیمان بدەن ئێستا شانۆکە تەواوەدە بوو. ئەگەر ئەو شانۆیە تەواو ببێت, لە سەدا60,70ی موشکیلەی هونەری شانۆ لە سولەیمانی حەل دەبێ.,چونکە ئەم هۆڵە پێداویستی هونەرکە و بینەریش دابین دەکا ئێمەش داوامان ئەوەیە, ئەو داخوازیەی ئێمە بگەینن. ئێمە ئەمەمان هەیە! تیپەکانی کە ئێستا لە ژووری کریدان! لە ژورێکدان ,دەزگایەکیان نیە, ئە ندامەکانیان روی تێبکەن!

**برایم** ئەو تیپانەی کە ئەڵێن دەتوانن ناویان بینن؟

تیپی نوواندنی سولەیمانی, تیپی ئەزمونگەری, تیپی شانۆی سالار, هیچیان بارگایان نیە.,بە کرێ لە ژووریکدان! ئەو دەزگا گەورەیەی ئێمەش دوای 25ساڵ کورسیکمان نیە کە ئەندامەکان لە سەری دانیشن! لە تەلەوزیۆنەکانەوە چەندەها جار وتوومانە,چاوپێکەوتنمان کردووە, ئەم حاڵەتانەمان وتوە, سەرمان بە هەموو ڕێکخراوەکانداکردوە! راستە یارمەتیان داوین بەڵام ئەوە نیە کە ئیشەکەی پێتەواو کەین! ئێستا جاریکی تر پەلاماری دەوایری دەوڵەتیمان داوە تا بتوانن یارمەتیمان بدەن. ئەگەر چوارچێوەکەشمان بۆ تەواو بکرێ, هیچ ئالەتێکی پێویستی شانۆمان نیە, هیچ لێرە دەست ناکەوێ و هیچیش نەماوە! ئیمکانیشمان نیە بکرین! ئێمە وەک کۆمەلەیەکی خێریە ئیش دەکەین. سەندوقەکەمان هیچی تێدانیە, تاکو بتوانین یەک گڵۆپی پێبکرین!

ئەمە وەک پەیامیک بیگەیێنن بەو ریکخراوانە ئەم جارە بە دوای قەبرەکاندا نەگەرین و بە دوای شاخی سووتاو و داری سوتاودا نەگەرێن با بێن بە دوای هونەرەکەدا بگەرێن.! پەیامنێریک هات ئافرەتێک بوو, چوار رۆژ لە کۆمەلەدا مایەوە, تا ئەو کارانەی زەرورە بۆمان بگەیێنن.! .ئیشالا ئێوەش سەرکەوتوو بن, ئەوسا بتوانین تیپێکی شانۆیی بنیرینە ئاڵمانیا و کاریکی شانۆیی کوردی پێشکەش بکا. تا وەکو ئیسپاتی بکا چەندی لە تواناداییە! ئەوەی کە دیت بۆ شانۆکەمان لە دەرەوش هاتۆتەوە یا بێگانەشە, ئەگەر زمانەکەشمان نەزانێ چاک چاک تێمانگەیشتووە, ئێمە ئیمکاناتیکی چاکمان هەیە, بەڵام کە وەسایلمان نەبێ چی بکەین؟!

ئەگەر ئێمە جێگەمان تەواو بایە لێرە دادە نیشتین؟ لێرە پرۆبەمان ئەکرد؟ ئەمە جێگای پرۆبەیە؟ ئەمە جێگەی دانیشتنە؟ ئەم کورسییانە کامیان بە کەڵک دێن؟ وەکو 25ساڵ تەمەن ئێمە دەبوو خاوەنی ئەو چوار کورسیە شکاوە باین؟ ئێمە شانازی دەکەین حەتتا لە چاو وڵاتە دراوسیکانمان, بێ ئەوەی حکومەت فلسیک یارمەتیمان بدات خۆمان راگرتووە! بە تێکۆشانی هونەرمەند خۆی ئەمە دروست کراوە, دیارە رێکخراوە سیاسیەکان و دەوڵەتی کوردستان هێندێک یارمەتیان داوین, بەڵام ئەمە یەک میلیون دیناری دەوێ. خۆمان خاوەنی هیچ نین. لە گەڵ ئەوەشدا کەسمان نە وەستاوین, ئێمە وتومانە هیچمان ناوێ وەرن ئەم هۆڵەمان بۆ تەواوکەن! ئەم کۆمەڵە دەزگایێکی حکومی نیە, کە سبینێ بە ئارەزوی خۆی بیدا بە یەکێک! ئەندامانی ئەم کۆمەڵە بە بێ چاوەروانی ئیش ئەکەن, لە گیرفانی خۆیان ئەبرن بۆ ئێرە.ئێمەش پێویستیمان بە پشگیری هەیە!

**مەهدی حوسێن** پرسیاریکتان کرد لە روانگەی شانۆی کوردی حەز دەکەم

وەڵامتان بدەمەوە, یاخۆ تێبینی خۆمت پێبڵێم! لە ساڵانی 20ە وە لە سەردەستی کۆمەڵێک ماموستای بە توانای ئە م شارە شانۆ لە دایک بووە لە وانە ماموستا فواد رەشید بەکرو ماموستا نوری و تەها بابان, ئەوە تەنیا چالاکی مناسبات بووە! تاکو کۆمەڵێک قوتابی بەهرەمەند لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیران. دوای تەواو بوونی ئەم قوتابیانە بزوتنەوە شانۆییە بەردەوام بوو, تا وەکو ئەمرۆکە تۆ ئاگاداری لێی!

لەم رۆژەدا قوناغەکە ئەکرێ بە دوو بەشەوە, یەکیان پیش راپەرین,یەکیان دوای راپەرین!.بزوتنەوەی شانۆی کوردی پیش راپەرین گەلێک دڵخۆشکەرتر بووە.لە بەر ئەوەی ئێمە لە ژێر بارو زروفیکی سیاسی دا لە دایک بووین. ئەو بارو زروفە توشی حاڵە تێکی کردوین, کە سەربەستی توزێک پێشێل کراو با بڵێین بە تەواوی پێشێل کراوە. هونەرمەند ویستویەتی لەم روانگەوە چی خەم و ئازاری نەتەوەکەی هەیە بەریگەی بزوتنەوە شانۆکەوە دەری ببڕێ! بۆیە قوناغی پێش راپەرین لە بارتر بووە, دڵخۆشتر بووە! قوناغی دوای راپەرین ئەو خەمانە دامرکاوە! بزوتنەوەکە بە قوناغیکی تردا ئەگەرێ, بە دوای حاڵە کۆمەڵایەتییەکاندا! بە دوای حاڵی دیندا, بە دوای حاڵی سیاسیدا, لەو حاڵەتی پێشوو جیاوازترە! پرسیارێکت کرد بۆچی دەنگمان ناگات بە دەرەوە؟ من حەزدەکەم جەنابت لەوە دڵنیابی, خۆشت رەنگە هەستی پێبکەی, کە ئێمە لە چوارچیوە ی چوار سنوردا ئەژین, هەر چوار سنورەکەمان داگیرکەرە, چ سوریا, چ تورکیا, چ ئیران چ عیراق! ئێمە لە لایە ن چوار رژیمەوە دە ست خراوەتە گەروی هونەرەکە! تەنانەت نەک نەیانهێشتوە دەنگمان بە وڵاتی دەرەوە و ناوچەکانی تر بگا, بگرە زۆرجار هونەرەکەیان تەشەید کردوین بۆ نمونە چ لە روی دەقی شانۆییەوە بێ, یا لە روی ئاهەنگی گورانیەوە بی. یا لە شیعرەوە بێ! لە هەر چوارپارچەکەوە ئێمە لێمان دزراوە! ئەو هونەرە کەم کراوەتەوە, بۆیە توشی دامرکاندنەوە بووە, نەمانتوانیوە دەنگمان بگا بە دەرەوە. بەڵام حالەتێکی تر هەیە کە ئەمرۆ دوا قوناغە ولە هەموویان دڵخۆشکەرترە. لە بەر ئەوەی نەفەسەکە دورودریژترە! کاتێکیش ئەبی بە خاوەنی شانۆی خۆت کە کۆمەلێک سیماوهەبێ!یەکێک لە وسیمایانە بۆ نمونە نووسەری بە توانات هەبێ لە و روانگە وە ئێمە گەلێک قەڵەمی نەبەردمان هەیە! لەم شارە خوراگرەدا. لە روی بیناوە لە سەر رۆڵی هونەرمەندانەی دڵسوزی گەلیک وەک ئەو کۆمەلەی ئێمە و کەسانی تر بینا دروست ئەبێ, تەنانەت تاکە شتێک هەیە کە گەورەترین سەرمایەیە بۆ دروست بوونی, شانۆ ئەویش مێژووە! تاکو ئێستا مێژووکەمان شێوێندراوە لێیان گۆریوین, ئێستا ناتوانین بگەینە ئەوەی کە ئایا مێژوویەکی راستەقینەی خۆمان هەیە؟ لە بەر مل ملانی حیزبایەتی و ململانی سیاسی! ئێستا بەرە و پاک بوونەوەی ئەو مێژووە ئەرۆین, کە مێژوو پاک بۆوە , نووسەرەکان قەڵەمی سەربەستیان کەوتە کار هونەرمەند لە ئازادیدا لە دایک بوو, ئەوە دیارە من بە دڵنیایەوە لە گەڵ ئەم هەنگاوەم کە شانۆی کوردیش ئەبێتە خاوەنی شانۆییکی تایبەتمەند بە خۆی و بە هیمەتی دڵسوزانەی ئێوەش ئەم دەنگە ئیتر هەروا کپ نابێ و بێ دەنگ نابێ! ئەم دەنگە ش بۆ رۆژگاریکی داهاتوو ئەگاتە زۆر وڵات و هونەرەکەشمان هەروا؟ زۆرسپاس.

**برایم** لە سەر ژن و شانۆ کوتراوە و نووسراوە خۆتان ئەڵێن چی؟!

**تەلارمحەمەد** ئافرەت لە شانۆدا! من بە لای خۆمەوە دەڵێم, من حەزم نە کردوە دابپرم لە شانۆ! یەکەم هەنگاو کە فێری کردم کە لە سە ر شانۆ رابوەستم پە یمانگای هونەرە جوانەکان بوو! ماموستاکان باسیان کرد. بەڵام من وەک خۆم باسی ئەکەم! بە گشتی ئافرەت زۆر دورە لە شانۆ, ئەویش هەمووی تەئسیراتی کۆمەڵایەتیە, تەئسیراتی سیاسییە, ئەوانە هەمووی بۆی هەیە زیاتر ئافرەت هەوڵ ئەدا بۆ ئیشە هونەریەکان ئەوە رەنگە دوو هۆی هەبێ یەکەم ئەوەی لە ناو پەیمانگا دەرجەی لە سەرێیە, دووهەم بە هۆی گرتینی ژیان کە لە ناو پەیمانگا هەیە!

بەڵام کە پەیمانگا تەواو ئەکەین. سست دەبینەوە لە ئیشی شانۆدا ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە دەرەوەی شار ببیتە ماموستا لە شوێنێکی دور! ئەمە ئەو تەئسیرە گەورەیە کە ئەکەویتە سەرشانی ئافرت! ئێستا خۆم حالییەن لە شوێنێکی دور دەوام ئەکەم, بەیانی ئەچم

نێوەرو دێمەوە ئیرە! هاتوچۆ ئەکەم. بەڵام هاورێی خۆم لە شوێنێکی دورتر داندراوە کە ناتوانێ بێتەوە, لەوانەیە مانگێک جارێکیش نەتوانێ بێتەوە. هی وایان هەیە لە وانەیە 2مانگ جارێک نەتوانێ بێتەوە! ئەگەر بە فر ببارێ لە کێوکانەوە ناتوانی بیتە وە.! ئیتر ئەوە تەئسیرێکی زۆر گەوەرە ئەکاتە سەر ئافرەت سست بێ لە شانۆدا! یان زۆربەیان کە تەواو دەبن شوو ئەکەن و لەوانیە خیزانەکانیان رێگریان بێ! ئەمەش تەئسیرێکی گەوەرەی هەیە کە بڵێین ئافرەت دوربێ لە شانۆ!

تەئکید بۆ قسەکەی خوشکە تەلار باسی 85 بکەین کە وتمان نوقتەیەک بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان, دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ژمارەی ئافرەتان یەک لە سێی کوڕان بوو بەڵام لە ساڵانی86_87 ژمارەی کچان زیاتر بوو لە کوڕەکان! ئێستا ئەگەر ئێمە

تەماشای ساڵی 94 بکەین کچان و کوڕان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەردوکیان یەک رێژەیان هەیە. بە قەدەر یەکن ئەمەش مانای ئەوەیە بێجگە لەوەی کە تەوایان کردوە بە راستی عائلە دروست دەکەن دور ئەکەونەوە! پێوەندی ناکەن بە تیپە هونەرییەکانەوە. ئەگەریش بیکەن لە زمنی ئەوەی کە دایرەکەی پێویستی پێیەتی ئیش ئەکا! نایات بۆ ئەم لاو ئەولا ئیش بکا! ئەمە وای لێدەکا دورکەوێتەوە, خوشبەختانە ئەمرۆ شان بە شانی ئەکتەرە پیاوەکان ژنانیش زۆرن, زۆریشن و ئەتوانم بڵێم لە زۆرحالەتدا مونافیسەی پیاویش ئەکەن.
لە سەر شانۆکاندا بەڵگەش ئەو فستیواڵ و میهرجانانەن کە وا پێشکە ش ئەکرێن!

رووخۆش من خۆم حەزم لە شانۆیە لە گەڵ ژیانم تێکەڵ بووە! بۆ ئێمەلە شانۆ جیا ئەبینەوە؟ ئێمە خورافەکە وای لێکردوین! یانی لە کۆنەوە ژن دەستی بە سەردا گیراوە! مانای ئەوەیە ئافرەت نەچۆتە شانۆوە! حەتتا پیاوان دەوری ئافرەتیان بینیوە یا لە تەلەوزیۆنەکاندا! ئەمە وای لێکردوین ئافرەت بێن بڵێن بۆ پیاو دەوری ئافرە ت بگێڕی؟ بۆ وەک وڵاتانی تر ئێمە ئافرەت خۆمان دەور نەبینین! ئێمەش ئەتوانین بوونی
خۆمان بسەلمێنین! کە وا سەیر ئەکەین تا ئێستا سیمیناریک نەکراوە ,بێت
لە تەلەوزیۆندا باسی بکا بڵێت ئافرەت وایە! بۆ ئافرەت شانۆ ناکات؟ بۆ ئافرەت ئەمە ناکا؟ یانی بە راستی حەقمان خوراوە ! جار جار باس دەکرێ ئافرەت وایە وایە بەڵام بۆ وایە؟ باسی ناکەن! قسەکە ئەکەن بەس نایسەلمێنن! قەی چ دەکا با لە تەلەوزیۆنەکە باسی بکرێت. بڵێن با ئافرەت بێتە شانۆوە! بڵێن دەورێکی وای هەیە! بەڵام بە قسە ئەکرێ و دیار نیە! ئەمە ئەم لایەنە! ئێمە حەزمان لە شانویە بەڵام سەیر ئەوەیە زروفەکە ناهێڵێ! زروفی سیاسی حەتتا ناهێڵێ بیتە شانۆوە! کە هاتی ئەڵێن ئەتۆ سەر بەو لایەنەی. ئێمە ئیش لە گەڵ ئەو کەسانە ناکەین! ئەمە وات لێئەکا تۆ بەلای ئەم تیپەدا نەچی! بەم کۆمەڵەدا نەچیت! چونکە لە گروپەکەی خۆت نیە! لە بەر ئەوە ئێمە ئەکێشنەوە دواوە! یان زروفی تر هەیە سەیر ئەکەی هونەرمەندمان هەیە, زۆر زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ هونەرمەندێکی پیاو هونەرمەندێکی ژن بێنێ! بۆ ئافرەتێک شوو نەکا بە هونەرمەندێکی پیاو؟ بۆ ئەبێ نەبێ؟ خۆم بیستومە دور لەم مەجلیسە ,, ئەڵێن بۆ فلان کەس ناهێنی؟ ئەڵێن لایبە ئەمە تازە چۆتە شانۆوە, ئەوە بە کەڵکی ئێمە نایات!,, بۆ بە کەڵک نایات؟ بۆ بە کەڵکت دێت کە ئیشی پێدەکەی؟ بۆ بە کەڵکت دێت شانۆی پێدەکەی؟ لە گەڵتایە, بۆ بۆئەوە ئەبێ؟ بۆ ئەمە نابێ؟ کاتێک پیاو کە خۆی کاری شانۆ ئەکا ئیتر ئەبێ چ بڵێین؟ ئەمەم زۆر بیستوە, حەتتا بە منیان وتووە مەچۆرە شانۆ!
ئەوە وایە. کێ پێی وتووم؟ هونەرمەندی پیاو پێیوتووم! ئەمە حاڵەتە کۆمەلایەتیە هەیە!
ئەرسەلان ئەوەی کە رووخۆش خان باسی کرد زۆر لە جێی خۆیەتی! بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا خوشبەختانە ئێمە نمونەی تریشمان هەیە, لە وانەی کە هونەرمەند پێوەندی بە

هونـەرمـەنـدەوە کـردووە  وژیـانێکی سـەرکـەوتویـان هـەیـە لـە روی هونـەریـەوە لـە روی کۆمەڵایەتیەوە لەوانە خوشکە شادان  فواد و کاک شەماڵی عەبەرەش کە هەردووکیان ئەندامی کۆمـەڵـەکـەمـان بـوون, هـەروەهـا ئـەوانـەی لـە دەرەوەی وڵاتـن نیگـار و شـەمـاڵ, یـانی ئـەو نمونانەش هەیە! بەڵام بە حەقیقە ت بمانـەوێ کورتی کـەینـەوە کێشەی ئـافرەت ئـەمرۆ لـە شانۆدا ,یەکەمیان رووە کۆمەلایەتییەکەی  خوشبەختانە بـەرە و پێشەوە ئـەروا! دووهـەمیـان موشکیلە موشکیلەیەکی گشتی شانۆیە, شانۆ تا ئێستا لای ئێمە شانۆی ئارەزومە ندان بووە! شانۆی ئیعترازی نیە! لە بەر ئەوە هیچ پشتگیرییەکی مادی و مەعنەوی نیە بۆ شانۆکاران! ئەمەش وا دەکا بە تایبەتی ئافرەتان نەتوانن, ئەو وەختەی تایبەتی خۆیانە تـەرخـانی بکـەن بۆ شانۆ! بۆ؟ لە بەرئەوەی بە راستی هیچ دەعمێک نیـە بۆیـان! یـانی دەعمـی مادیـەکـە نیـە! ئێستا وەکو تەلارخان کە ماموستایە کە باسی کرد ئەگەر دەعمێک هەبێ، اعتراز هەبێ بۆئـەو, بێتەبواری پسپۆری خۆی کە شانۆگەریە لە کۆمەلێکی ئاوا ئەگەر دەعمێکی تەواو هەبێ. لێرە ئیشی خۆی دەکات و مانگانە ئەو مووچەیە وەردەگرێ و حەقی خۆیەتی وەکو هونەرمـەنـدێک! نەک وە کو ماموستا بێت و زیاد لە ئیشی خۆی زیاد لە ئیشی رۆژانەی هونەرکە ئـەکـا! یـانی دوو ئەرکی بە سەر شانەوەیە! ئەمەش ئەگەر لە خۆبردوویی نەبێ لە  هونەر و شـانودا دوری ئەخاتەوە! بە راستی بە تایبەتی لە گەڵ ئەم بوارە قورسەی ئەمرۆدا وەزعی ئیقتسادیمان زۆر زۆر قورسە لە دوای راپەرین. بەوەی ئەو گەمارو ئابوریانەی لە سەرمانە!

**برایم**   پێمخۆشە  دەنگی ئەو خۆشەویستانەی لێرەن بەلانی کەمەوە لای من هەبێ!

**بەهائەدین هەڵەبجەیی,** حـەز دەکـەم شتێک لـە بـارەی هـەڵـەبجـە بڵێم, کـاتی خـۆی کـە لـە هەڵەبجە ئیشمان کردوە, عەین ئەو ئیشەمان کردوە کـە لـە شـاری سولـەیمـانی کـراوە!  دوای کارە ساتە دڵتەزینە کیمیابارانەکەی ساڵی 88 هەڵەبجە, وەکو هەڵەبـجـیـیـەک  لـە کۆمـەڵـەی هونەرە جوانەکان لە سولـەیمـانی بـاوەشیان بۆکردمـەوە تـا بتـوانم بـەردەوام ببم لـە کـارە هونەریکەمدا! هەموو کات خۆم بە مناڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان دەزانم!

**فەرهاد محەمەد سابیر**  لە سەرەتاوە زۆر حەزم لە موسیقا بوو, زۆرئیـشی موسیقاشم کـردوە بە تایبەت لە ساڵەکانی 70دا!.هەر لە مناڵیەوە شانۆم زۆر خـۆش دەویـست هـەر لـەو روەوە کە خۆم ناسی هەموو شانۆکانی دوای ساڵەکـانی 60 لـە سولـەیمـانی هـەمووییم بینیـوە! لـە سەرەتـای ساڵی 76ەوە لە ریزی کۆمەڵەدام! کۆمەڵە بە ماڵی دووهەمی خۆم ئەزانم!

**حسێن عەلی قەرەداخی** لە 69وە خەریکی ئەم بوارەم! لە تیپی موسیقای سولـەیمـانی دەسـتم پێکرد دوایە چوومە بواری هەڵپەرکێ, پاشان لە گەڵ کۆمەلە لە 75 خەریکی شانۆم.!





## دیالۆگ لە گەڵ شانۆکارانی هەولێر

**لەم دانیشتنە دا ئـەم بـە ڕیزانـە بـە شدار بـوون: ئـەحمـەد سـالار, سفوەت جـەراح, سـەبـاح عەبدولرەحمان و چەند ماموستای تری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر.**

**ئەحمەدسالار**

**ئەو دوو فیلمە سینەماییە کە کراوە, لە سەر ئەرکی خەڵکی بووە,نە دەوڵەت ونە بـەرهـەمێکـی ڕیخۆوڵە کێشی بووبێت! ئە وئیشە گەیندراوەتە ئەنجام و ئیشەکانیش بـاش بـووە! نیـرگس برا لـەندەن, سوئید ولە دوو سێ شوێن پیشاندرا! هێرۆش لە ونیزیا لـە فستیواڵی سینەماییـدا نیشاندرابوو! لە بەر نەبوونی سینەما پەنا دەبێنە بـەر ئیـشی ویـدئۆ, دەنـا ئـەو کارانـەی کـە بەویدئو ئەکرێ خۆی لە جەوهەردا سینەمابن, ئیشەکـە بـۆ سینـەمـا دانـدراوە! بـەڵام لـە بـەر نەبوونی بە ویدو کراوە. ئەگەر دوا بەرهەم بە کامەرای سینەما کرابا ئەوە بەرهـەکـە کـارێکی سینەمایی بوو, چونکە هێندەی سینەما پێوەی ماندو بوون!**

**☹ خۆی ئیشی سینەماییە کە دەکرێ بەڵام لە بەر ئەوە کامێرامان نیە, شوێنی شوشتنەوەی فیلم, مونتاژکردنی فیلم نیە لە کوردستان, پەنا ئەبین بۆ کـامێرای ویـدئو. کـامێرای ویـدئۆش خۆت ئەزانی کاتی مونتاژکردن سەقەت دەبێ, چۆن بڵێین کەم دەبێتـەوە. ویـدئۆ شـتێکی مـاڵـە. ئەو ویدئۆیە توشتێکت تەسویر کردوە, ئـەگـەر بتـەوەێ بیکـەیـە دوو بـەش و لـە سـەر یـەکـی ساخی کەیەوە بەشی دووهەم ڕەنگەکەی وەکی بەشی یەکەم نابێت ئەمە یەک ملاحـزە!.دوو تـۆ بتەوەێ هەمووی لە گەڵ دیالۆگی ئاکتۆرو موسیقا تەسویرکەی, موزیک لە گـەڵ خـۆی دابنێـی ئەمە ناکری. لە ئیشی سینەما ئەکرێ! ئەو ئیشانەی کە کراوە لە هەولێر یا سولەیمـانی یـا دهۆک ئەگەر تۆ بیبینی بە ئیشی سینەمایی کراوە بە سیـستەمـی سینـەمـایی کـراوە. عـەینـەن**

کامێرا دانێ, تێکستی عەمەل , نەک بڵێی دوو سێ کامێرا داندراوە! نا ئەمە نیە! داخەکەم تۆ بەیانی ئەرۆی وئەگەر سێ چوار رۆژ پێشتر بمانزانیبایە. دەتتوانی ئە و ئیشانەی ماموستا سەباح, کردویانە ماموستا فەتحی کردویانە, یا ماموستا ئەحمەد سالار کردویان بە چاوی خۆت بتدیبایە. دەردەکەوت موستەوای چەندە! ئەوکات تۆ ئەزانی ئەمە موستەوای فەننی خۆمانە! من رەخنەم هەیە لەو فستیوالەی کە ئێستا ئەکرێ لە ئاڵمانیا(*ئەم فستیواڵە لە لایەنی بەشی هونەری ناوەندی بەڵگەنامەی کورد لە بۆن کرا کە زۆربەی فیلمە کوردییەکانێ ئەو سەردەمە لە ساڵی 1994 پیشان دران. بەرێوەبەرانی ئەم فستیواڵە ئاوات دەوڵەت و برایم فەرشی بوون*)! من رێزم بۆ بەرهەمەکان هەیە و نازانم بەرهەمەکان چۆنە بەڵام یەک لەو بەرهەمانە کە لە خارج کراوە و بە ئێمە گەیشتوە ئاسۆ لە سوئید کراوە یانی ئەم فیلمە نە لە ناحیەی هونەری, بە سینەما دەچێ, نە لە ناحیەی نواندن و نە کاری ئەکتەرەکان ئوسوڵی سینەمایی تێدایە. ئەو قەوانین و ئەو شتانە کە لە سینەما ئەبێ تێدانیە. باشە بۆ ئەو بچێتە ناو فستیوالێک لە شوێنێک پێشکەش بکرێ کە خەڵک بیانی سەیری بکا؟ بۆ ئەو شتانەی کە ئێمە دەیانکەین و بە موستەوایە لە ناحیەی دەرهێنان لە ناحیەی نواندن لە ناحیەی هونەریەوە. کە هەمووی بە دەستی کوردەکان کراوە نەچێ؟ خۆمان لێرە ژیاوین, لە واقیعەکە داین. ,بۆ ئەوانە نەچێتە فستیوال؟ بۆ ئەو بچێت بییەوێ باسی واقیعی کوردستان بکات؟ چوە لە ناو دارستانیک لە سوئید تەسویری وەزعی کوردستانی کردوە! کوردستان لە کوێ ودارستانی سوئید لە کوێ! تۆ ئەگەر بڵێی ئەم شەخسە لە لادێ ژییاوە یان لە هەولێر,یان لە سولەیمانی. چۆن دە توانی واقیعی ئەم لادێیە نیشان بدا؟ ئەگەر نەفسی لادێکە ببینی, ئەبێ نەفسی فولکلۆرەکە ببینی, یا کولتورەکەیان ببینی.ئەمە یەک لە خاڵەکانە! ئەو برادەرە ئیتالیە کە هاتبوو, سەردانی کردین لە سێ چوار فیلم توانی یارمەتیمان بدا. بۆ ئێستا ئەم یارمەتیە نایاتن بۆ ئێمە.؟ پێش جەنابت کە دانیشتین موناقشە لە گەڵ ماموستا ئەحمەد سالارو لە گەڵ ماموستا سەباح بوو, باسی ئەوە کرا وتی من لە پارلەمان دائەنیشم هەموو رۆژیک وەفدێک دێت بەس باسی مەوازع دەکەن هیچ وەفدێک نایات باسی هونەرمەند بکات!

**ئەحمەدسالار** کەسێکی یابانی بوو, ئەو وەختە لە وە زارەتی رۆشنبیری بووم. کە هات, خۆ پیناسین بوو پێم وت ئەکتەرم و لە شانۆدا ئیش دەکەم, بۆ ئەوەی بە لای هونەردا بێت, ئەو باسی توتونی لە من پرسی, باسی توتنم کرد, بەڵام وتم توتن پێوەندی بە رۆشنبیریەوە نیە. بە شۆخی وتم تۆ ئەبێ بچی بۆ وەزارەتی کشت و کاڵ لە وێ باسی توتن بکەی. هەر ویستم بێتەوە سەر هونەر و شانۆ, هەر نەئەهات!

**برایم** ساڵ نیە لە ئاڵمانیا دە دوازدە کتێب لە سەر کورد نەنووسرێ, بە دەگمەن لە کتێبیکدا دەتوانی ببینی باسی کولتوری کورد کرابێ, باسی ئەدەبیاتی کوردی کرابی. تەنیا ئەو کوردانەی کە بە زمانی بێگانە شتیان نووسیوە بەشێکی کەم باسی کولتور و هونەریان کردوە! ئەوەی ئەوان باسی دەکەن یان نیشانی دەدەن, شاری وێران, دێی وێران و کێو وشاخ و پێشمەرگە و هەڵات هەڵات, گریان, بەدبەختیە هەر چەند ئەمە واقعی کوردستانیشە! بەڵام لایەنی شارستانیەت لایەنی فەرهەنگی و هونەری وونە! ئەوانەی کە لە گەڵ ئێمە هاتوون ماموستان و ئەندامی یەکیەتی ماموستایانی ئاڵمانن, ئەوان دەڵێن کاری ئێمە تەنیا دروستکردنی مەدرەسە نیە بەڵکو ئەوەیە کە لە نێو قوتابخانەکاندا چ دەگوزرێ! ئێمە دەبێ لایەنی ناوەوەی ئەم کۆمەڵگایە یانی لایەنی زانستی, لایەنی فەرهەنگی لایەنی تێگەیشتن و لایەنی هونەری و شارستانیەت نیشان بدەین!

**سەباح عەبدولرەحمان** ئەو کۆسپەی کە لای ئێمە ئێستا گەورەترین کۆسپە یەک نەبوونی هونەرمەندانی شانۆیە بە گشتی وادیارە لە دەرەوەش ئەو لایەنە هەر زاڵە! وەکو بدایەت باسم

کرد ئەم نەزەریەمان نەبوو لە شانۆی کوردیدا, ئەوە خەریکە وردە وردە لە یەک جیا دەبینەوە! ئالمان حەدی ئەقڵ نەزەریان هەیە, مەدارسیان هەیە, دەیان پیاوی شانۆییان هەیە کە ئێستا عالەم هەمووی دەیانخوێنیتەوە, قەواعدیان هەیە! ئێمە هێشتا لە سەر پێی خۆمان رانەوەستاوین خەریکین بە شەلە شەلە شان لە شانی یەکدەدین کە ئەو بخەین وئەم بخەین! مەسەلە فیکریەکە لە یەکمان جیادەکاتەوە! بە تەسوری من ئێوە لە دەرەوە ئازادیکتان هەیە کە وا تەرح بکرێ, بە شێوەیکی جەدید بە شێوەیکی زیندوو, رەنگە لای ئێمە زەحمە ت بێت, لە و زروفەی ئێستا! ئەورۆ مەسەلەی بیلایەنی حەتتا بە نوکتە وای لیهاتووە پێشێل کرایە! لە لایەن ئەوانە کە وا پێوەندی لایەنێکی سیاسیان هەیە. ئەگەر بە زۆری هێندێک جار بتوانی لە مەجالێکی گچکە خۆێ بنوینی, مەسەلەی بێ لایەنی ئەمرۆکە زۆر زەحمەتە کە ئەسڵەن تەرح بکرێ. حەتتا لە سەر کوردایەتی کە دادەنیشی راستە ئەوان داوای ئەوە دەکەن, حەزدەکەین هونەر بێ لایەن بێ, هونەرمەند بێ لایەن بێ, هونەرمەند تەنیا خۆی برەخسینی بۆ خزمەتی میللەتەکەی بەڵام بە واقیعی فیعلی وانیە! هەموو هەر دەیانەوێ هونەرەکە تەوزیف بکەن لە بۆ بەرز کردنەوەی ڕێبازێکی سیاسی دیار کە ئەوان حەزیان لێیە! . من لە گەڵ ئەومە کە هونەرمەند قەت لە سیاسەت دور نەکەوێتەوە, ئیمکان نیە چونکە ئەوە کێشەیەکی میللەتەکەیە! یانی کە دور کەوتەوە مانای ئەوەیە لە گەڵ میللەتەکە نەماوە, بەڵام لە گەڵ ئەوەش نیە کە هونەر موەزەف بکرێ بۆ سیاسەت, بەعەکسەوە سیاسەت بە شێوەیکی هونەری تەرح بکرێ, ئەوکاتە تۆ زیاتر جێگەی خۆت دەکەیەوە لە ناو کۆمەڵ زیاتر جێگای خۆت دەکەیەوە لەناوخەڵک. ئەو تەرحانە, ئەو جۆرە بۆچوونانە, مەقسود وایە لە دەرێ ئێوە محاولە بکەن شکلێکی بدەنێ رەنگدانەوەیەکی هەبێ لە بۆ ئێمەش کە چی ئێستا ئێمە حس دەکەین لە دەرێش هەر ئەو وەزعەیە!

**برایم** لە ئوروپا بە تایبەت ئالمان هەرشت لە جێگەی خۆی دایە و هەر کەس قاڵە لە ناو کاری خۆیدا. لە کوردەکان کەم کەس لە بواری خۆیدا کار ئەکا. کەسێک کە 8 سەعات یا زۆرتر کاریکی تر دەکا چۆن دەتوانێ هونەرمەند و نووسەر و رۆژنامەوان وشتی تریش بێ؟
ئەگەر هونەرمەند بوون, رۆژنامەوانی و نووسەری کارە ئەوە وەختی کاریش دەخوازێ! کەسێک کە لە زانست و خوێندن و فێربوون و تەجروبە وەرگرتن دور بێ, چۆن دەتوانێ نێوە شەو وێنەی هونەری بخولڤینی؟ کارێک کە ئێمە لە دەرەوە دیکەین! لە لایەکی تر کوردەکان, هەر ئەو کوردانەن کە لێرەوە چوونەتە ئەوێ, لە وڵاتیکی دیکەوە نەچوون, لە دنیایەکی دیکەوە نەچوون,لێرەوە چوون!.

**سەباح عەبدولرەحمان** رەنگە ئێمە لە عاقڵاتمان تۆزیک حەزارەتریش بین.چونکە بە حەیاتمان تەحەمولمان زۆرە!.

**برایم** ئەو کەسانەی لە دەرەوی وڵاتن,هێندێک نازیان زۆرتر دەبێ! دڵ ناسکتر دەبن. زۆر زوو لە یەکتر دور دەکەونەوە, دەبوو بە پێچەوانەوە بایە. لە دەرەوەی وڵات دەبێ شتێک بۆ نەتەوەکەت بکەی, زۆرتر لە یەکتر نزیک بیتەوە, بەڵام بەداخەوە وانیە!
هونەر ناتوانێ بێ لایەن بێت! هونەری بێلایەن من نازانم چیە! بەڵام هونەری حیزبی ئەگەر هونەریش بێ ئیتر هونەری ئەو سەردەمە نیە! سەد بریا سیاسەتی کوردیش قوڵ و زانستی وپروقسیونالٚ بایە! رەنگدانەوەی مەسەلە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان کاریکی ئاساییە, نە بەو جۆرەی ببێتە شعار یان کاری رۆژنامەیی!

**ئەحمەدسالار** تەبعەن هونەر خۆی بیرە, بەیانێکی سیاسەتە, چونکە داوای گۆرین ئەکا, داوای مەبەست دەکا, فەلسەفەی تێدا هەیە ,لایەنیکی گرینگی بیر و بۆچوونە! بەڵام نە بەو زەقیە بیت, چونکە ئەگەر بەو زەقیە بێت, زمانی هونەر ون دەکا, کە زمانی هونەری ون کرد,

بایخێکی هەرە گرینگی هونەری ون دەکا, جا جیاوازی هەیە لە بەرهەمی هونەری کە بە زمانی هونەر ئەگوترێ و بەرهەمێک کە بە زمانی هونەر نادوێت, ئێمە ئەوەی کە بە زمانی هونەر نادوێت زەوقی لایەنێک ئەخاتە رو, ئەوە خانەیکی ترە لە خانەی هونەردا نیە! ئێمە گرینگی ئەو بەرهەمانەی کە لە سەردەمێکدا پێشکەش کراون, لایەنێکی هەرە مەزنی ئەو بەرهەمانە ئەوە بووە کە بە زمانی هونەر دواوە! لە بەر ئەوەی سانسۆریشی زۆر هەبووە, ویستویەتی دەرباز بێ و بیرێکی چاکیشی پێبووە! مەبەستی زۆر پیرۆزی لە ناخا بووە! زمانیشی پڕ بە پڕی زمانی هونەر بووە, بە زمانێکی هونەری دواوە! باسی کێشەی نەتەوەکەشی کردوە, باسی کێشەی کەسانێکی زۆر و گەلی کوردستانی تێدا کردوە!

بەڵام ئەوەی هێندێک جار دەیبینین, ئەوە ئێمە نایخەینە خانەی هونەرەوە. ئەوە لایەنێکی تری پروپاگەندەیە! کە جوریکی تر, ئەچێتە بواری خانەکانی ترەوە! بەڵام هێشتا بەو شێوەیە, بەورادەیە نییە هونەرمەندێکی شانۆ سەر بە لایەنیکە بییەوەێ تەواو تەرخانی کردبێت, چونکە بەرهەمەکەی گەواهی ئەوەیە! جا ئەوەش بە هونەرمەند کەوتووە! هونەرمەندی رەسەن هەیە کە خاوەنی زمانی هونەرە, ئەزانێ چۆن بەرهەمەکە پێشکەش ئەکا, کەرەسەکانی فەرهەنگەکەی جودایە!

☹ دوو جورە هونەرمەندمان لە کوردستان هەیە, هونەرمەندمان هەیە حزبیە! هونەرمەندیشمان هەیە, دەقی شانۆی کوردی پێشکەش ئەکا, لایەنە حزبایەتیەکەی وەلائەنێ! مەسەلەن ئێستا مەجموعە هونەرمەندێک پەیدا بوون, هونەرمەند نین, بەس تفولینە بە واسیتەی حیزبەکانەوە, لە پاڵ حیزبەکان خۆیان ڕاپێش ئەکەن و ئەوە ئەکەن! نە سەقافەی مەسرەحی و نە سەقافەی ئەوەیان هەیە! بەس بۆ حیزبەکەیان ئیش دەکەن! فەرموو ماموستا ئەحمەد سالار لە عەمەلێک لە عەمەلەکانی تەلەوزیۆنی گەلی کوردستان دەوری بینی کە 8 سەعاتە, خۆی ئەندامی پارلەمانیشە, لە لیستی زەرد, لە سەر لیستی کەسکیش دەوری هەیە, مەعنای ئەویە, ئەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەو, هونەرمەندە ئایا ئەو هونەرەی کە ئەیکا خزمەتی هونەری کورد ئەکا؟ ئەگەر وایە دەبێ بیرە تەسکە حیزبایەتییەکەی وەلا بنێ, چونکە ئەوە زۆر زۆر لە حیزب گەورەترە! دەبێ حیزب بێ ئیستیشارە بە من بکا, نەک ئێمە ئیستشارە بە حیزب بکەین! ئینسانە سیاسیەکان بەس یەک بیریان هەیە بیری سیاسی وتەواو! یانی تەماشای ئایدولۆژییکی خاس دەکەن! بەس ئێمە حیسابیکی شمولییە, کە مەسەلێکی قەومییە, کە مەسەلەکە سەقافیە, هەر میللەتێک ئەگەر سەقافەت و حەزارەت و ئەو شتەی نەبێت, تاریخی نەبێ و فولکلوری نەبێت ئەوە بە میللەت حیساب ناکرێ! هونەرمەند ئەگەر بێت و وەدوی بیری تەسکی حزبی کەوێت, نە دەتوانێ خزمەتی میللەتەکەمان بکا, نە دەتوانین خزمەتی حەزارەتەکەمان بکا! ئێمە دەبێ خزمەتی. میللەتی خۆمان بکەین, خزمەتی تاریخ, خزمەتی شانۆی میللەتی خۆمان بکەین! ئەوجا ئەو مەجموعە هونەرمەندە تفولییە هونەرمەند نینە! ئەو ئیشانەی ئەیکەن. لەو حیزبانەش کە پشگیریان ئەکەن ئەوانە بۆخۆیان ئەتاوینەوە!

**برایم** ئێمە چی بە شانۆی کوردی دەزانین, شانۆی کوردی چیە؟ تایبەتمەندی شانۆی کوردی چیە؟

**ئەحمەدسالار** شانۆی کوردی, شانۆی کێشەی کوردە! دروست بوونەکەی ئەگەرێتەوە بۆ رۆژانیک, کە رۆژانی ئاخاوتنی نەتەوایەتی بوو, رۆژانی بوژاندنەوەی ناوچەکە بوو. کورد لەو رۆژانەدا لە روییکی زۆر هوشیاریوە چۆتە دەوری شانۆ, چۆتە جیهانی شانۆوە واتە وەک کەرەسەیەک وەریگرتووە بۆ داکوکی کردن لە بوونی خۆی! بۆ ئەوەی پێی بگاتە مەبەست و ئامانجەکانی. لە دروستکردنی خۆیا جاریکی کە بەو مەبەستە روی لە شانۆ کردوە, واتە

هەنگاوی تێکوشان بووە, بۆیە هەر ماوەتەوە. لەو رۆژانەشدا کە نەتەوەی کورد توشی کویرەوەری و چەرمەسەری وهەموو نەهامەتێک بووە,کاری شانۆ داکۆکی کردن بووە لە نەتەوە. ولە مان و لە ژیانەوە رەنگی داوەتەوە تێدا, کە واتە ئەتوانین بڵێین سیما و رەنگ و رواڵەتێکی شانۆی کوردی, مۆرکێکی گەلەکەی پێوەیە, چونکو شانۆ شانۆی کێشە بووە, کێشەی گەل و زۆربەی خەڵک خۆی تێدا دیوەتەوە! لە سەرجەمی قوناغەکاندا ئەوە بوو. بەڵام پتر لە قوناغی دوایدا کە زیاتر کەوتۆتە بەر لێشاوی لە ناوچوون, ئەوە بۆتە رەنگی جیاکردنەوە وجیاوازی و ئەوە بۆتە مەبەستیکی سەرەکی! شانۆی ئێمەش وەکو هەموو شانۆی نەتەوەکانی تر, شانۆیکی رەسەن نیە بلێیی لە خۆیدا زگماگ بوویێت, یا لە دایک بوویێت, بەڵکو ئێمەش وەک گەلانی تر وەرمان گرتووە لە رێگای نەتەوەکانی ترەوە. کە رەچڵەکەی یونانیە بە ئێمەش گەیشتووە! بەڵام ئێمە هاتووین بەکارمان هێناوە, پەلەشی تێدا نەکراوە بە قوناغەکاندا رۆیوە, جا گەیشتوتە ئەو قوناغەی کە کەرەسە تەواو کارەکانی بۆ میسر بێت و زامن کەری دروستکردنەکەی بێت, چ لە کادیرانی, چ لە کەرەسە تەواو کەرەکانی تری, گەیشتۆتە ئەوە کە, رەنگ و رواڵەتێک دروست کا, ئەو رەنگ و رواڵەتە ئێمە ناوی ئەنین شانۆیەکی کوردەواری, چونکە زیاتر پێویستی ژیانی کوردەواریە. و لە نێوان ئەوەوە ئاوزی داوەتەوە سەر کولتوری کورد, سەر کەلەپوری دێرینەمان بە مێژوو و بە داستان و بەیت و حەیرانمانەوە. بە هەموو لایەنەکانەوە. هەروەها پێویستی زمانەکەمان کوردی کە یەکێکە لە و زبانانەی کە گەلێک شیرینە, کە مەوداکانی وەک زمانێکی شیعری وایە, مەودای فراوانترە, کە من جیای دەکەمەوە لە گەلێک زمان کە زمانی کوردی وەک زمانی شیعر وایە, تەنها مەودایکی نیە. بەڵکو چەندەها مەودای هەیە, چەشنەها بوار لە خۆ ئەگرێ, لە بەر ئەوە لە بارترە بۆ زبانی شانۆ بۆیە یەکێک لە کەرسە و توخمە سەرەکیەکانی شانۆی کوردی زمانە کوردیەکەیە! کوردیش لە بەر ئەوەی , ئەو نەتەوەیە کە بە پێی باری ناوچە و باری ژیانی زۆر شێدای ئاواز بووە, شێدای موسیقا بووە, شێدای هەموو لایەنە ئێستاتیکیەکان بووە! منالی کورد لەو رۆژەوە کە لە دایک ئەبێ, بە ئاواز گۆش ئەکرێ و بێشکەی رائەژیندرێ و گۆرانی بۆ ئەگوترێ و تا پێئەگا و گەورە ئەبێ و کە ماڵئاواییش ئەکات و کۆچی مەرگیش ئەکا هەر بە ئاواز و گۆرانیوە لە سەر ریتمێکی تایبەتی بەرێ ئەکرێ. یانی لە شێوەنا, لە شادیدا ئاواز و گۆرانیمان هەیە, شایی کردنمان هەیە, لە مەرگ و کۆچیشدا ئاوازمان هەیە, گۆرانیمان هەیە, وشایی کردنیشمان هەیە, سەمای تایبەتی لە دیرەکان ماندا هەیە! بە تایبەتی وەکو کومەڵگایەکی کشت و کاڵی کە لەناو تیرە کۆنەکاندا ماوەتەوە, دەیان بەیتی فولکوری مان هەیە, وەک بەیتی جەوامێر و بەیتی شەریف و وەکو بەیتی شێوەن و شاییەکانی کۆتەڵی جافەکی و لایەنەکانی تر زۆرە و لەناوچە چیایەکانیشدا رەنگە زیاتربێ. ئەمانە هەمووی کراوە بە کەرسە, خۆ مێژوویەکیشمان هەبووە, بە دریژایی ململانەیەکی گەوەرە, بۆ بوون وژیانمان, ململانەش واتە ئەو زۆران بازیە کە گەوهەری بوونی درامایە! لە کولتوری خۆشمانا دەیان شت ئەبینین, ئەتوانم بڵێم پتر لە سی گۆرانی هەیە بۆ باران گووتراوە، چۆن پێداویستی وا هەبووە؟ میللەتێکی کشت و کاڵی بووین پێویستمان بە باران بووە. ژیانمان گرێدراوی باران بووە. دەیان گۆرانی بوکە بەبارانی مان هەیە, یا کۆسە بەبەی دەشتی هەولێر و ناوچەکانی ژرا. کۆسە بەبارانە خۆی توخمی درامی تێدایە, لە بەر ئەوە لە دراما دور نەبووە, نیمچە درامامان هەبووە, یانی دراما ویچونمان هەبووە. ئەمە پێویستی بەوە کردوە کە رۆژگارێک بێ بخەملێ و گەڵاڵە بێ. لە قوناغەکاندا کەرەسە تەواوکەرەکانی دروست بووە, واتە نەتەوەکە گەیشتۆتە ئەو بارو ئاستە! لە لای یۆنانیەکان لە پەرستشگاکانەوە گۆرایەوە, لە باریکی ئایینی پوختەوە رۆیشتە بارێکی تر و دراما لە داب و نەرێت و عەن

عەناتێکی ئایینی دیونیوسی یۆنانی گۆرا بۆ شانۆ, بە هەمان شێوە لە لای ئێمە ئەوە کاتێکە کە دەستەڵاتی لایەنە ئایینیی یەکان ,دەستەڵاتی پرستشگاکان بەو شێویە نەما و جێگرەوی هاتە ئاراوە و ئەبوو بچێتە دۆخێکی ترەوە. لای ئێمەش ئەو داب و نەریتانە, پێویستی بەوە دەکرد بارودۆخێکی بۆ بڕەخسێ تاوەکو بچێتە لایەنێکی ترەوە! ئێمە راستە پێمان گەیشت, بەڵام کە پێمان گەیشت کەرەسەیەک هەبوو کە بوو بە رێخۆشکەر بۆ دروست بوونی شانۆی کوردی! لە بەر ئەوە ئێمە ئەڵێین ئەو شانۆیە نەتەوەی ئێمە خۆشی ئەوێت, رەنگ و رواڵەتێکی خۆشی تێدایە ,بۆیە بەرە و ئەوە ئەچین شانۆیکی کوردەواریمان هەبێ, شانۆیەکمان هەبێ, مۆرک و توخمی کوردی پێوە بێ!

☹ کاتێک باسی شانۆی یۆنان, ژاپۆن, تورکیا, ئێران ,ئەکەین تایبەتمەندی هەر کام لەو وڵاتانە ئەبینین بە تایبە ت یۆنان و ژاپۆن .شانۆی ئوروپی هاتۆتە ناو ئێمە, رەنگە مەبەست ئەوەیە کە هاتنەکەی نامۆ نەبووە, یان ئێمە نامۆ نەبووین پێی! شتەکە بە رەسەن هی ئێمە نەبووە!؟ بەڵام ئێمەش نامۆ نەبووین پێی! بۆ؟ چونکە هێندێک لایەنی هاوبەش هەبووە, لە یەک چوون هەبووە, هێندێک شت لە خەزێنەی مێژوویی نەتەوەکەماندا هەبووە پێوەندی بەم شتە تازەوە هەبووە.

لە بەر ئەوە دەتوانین بڵێین لایەنێکی دەرونی رێخۆشکەر بووە بۆ وەرگرتنی! ئێمە کە ئەڵێین شانۆی کوردی، یا ژاپۆنی یا شانۆی ئاڵمانی بە چیدا ئەناسرێ؟ بە تێکستە شانۆیەکە!؟ سەردەمانێک تێکستمان نەبوو. تێکستەکان ئامادە وەرگیردراو بوون, یانی رەسەن نەبوون, تا ئەوەی تێکست بە زمانی کوردی نووسراوە. ئێستا نووسەری شانۆ هەیە, دەقی شانۆ بەزمانی کوردی هەیە. دەقە شانۆیەکانیش چەند جۆرێکە, جۆرێک رەنگ و رواڵەتێکی کوردەواریانەی تێدایە, رەنگ و رواڵەتەکەی چ وەکو توخمە کەرەسەی پێکهێنەرەکانی, وەکو ئەو شتانەی دراماکەی لێ دروست بووە کوردین, بە رەچەڵەک کوردین و رەسەنن. ئەو رەنگدانەوەیە, رەنگدانەوەیەکی ژیانیکی راستە و خۆی گەلەکەمانە, لە نێوان پێوەرێکی کوردیدا, ئەوە کوردیە و بەمە جیادە کرێنەوە! ئێمە جاری وایە گوێمان لە ئاوازێک ئەبێت, کە بزانین ئامێرەکانیشی بێگانیە و ئاوازەکەشی ناچێتەوە سەر ئەو ئاوازە رەسەنانەمان کوردی نیە, لە جولانەوەیدا لە رەنگی دا, لە شتێدا ئێمە تێدەگەین, هاوار دەکا کە کوردی نیە! جارێکیان ئێمە کاسێتێکی موسیقامان دا بە کەسێکی کە شارەزایی لە کۆمەڵگای کوردەواری دا هەبوو, گوێی لێگرت وتی کوردی نیە! وتمان راست ئەکا, چونکە نە باڵەبان, نە نایە , نە کرنا, نە ساز, نە سەنتور و نە ئامێری کوردی تری تێدا بوو. بەڵکو سایزێر و کۆمەڵێک ئامێری تر بوون و ئاوازەکەشی نەدە چۆوە سەر مەقام و بەستە کوردیەکان! و لە جۆری رەزمەکەیا ئەو رەزمانە زۆر دابڕە لە رزمە کوردیەکان! لە بەر ئەوە راست دەکا کوردی نیە! کوردی مورکێکی خۆی هەیە وەکو زبانێک وەکو هەموو لایەنێکی کە هەیەتی! جا ئەبێ لە دەقەکەدا رەنگ و رواڵەتی ئەوەی تێدا بێ و ئەو شێوانەی تێدا ببینین! بوونی ئەو شێوانە رەنگدانەوەی هەیە لە شانۆکەدا، ئێمە شانۆمان هەیە ریالیست نیە, ئێمە شانۆمان هەیە جۆرێک لە جورەکانی ریالیستیە, کە پەیوستە بەو کەرەسانەوە, کە لە باکگراوندی بوونی ئێمەدا هەیە. یانی باکگراوندێکی دورودرێژ, بە درێژایی و بە قوڵایی مێژووی بوونی نەتەوەکەمان!

برایم حەزدەکەم هێندێک بۆ دوواوە بگەرێینەوە ,کورد پێش ئیسلام, ئەو کاتە کە زەردەشتی بوون یا خۆ ئەو کاتە کە میترایی بوون! ئەو کاتە کە لە ئاورگاکاندا پەرەستشی دەکردو بۆ ئەوەش رێ و رەسمی تایبەتی خۆی هەبوو کە دەستپێک و درێژە و کۆتایی هەبووە.,بەراوەردێکی ئەو رێ و رەسمانە لە گەڵ رێورەسمەکانی باوی دوایە لە یۆنان زۆرشتی هاوبەش دەردەخەن. کە نیشاندەری شوێنەواری شانۆیین! بچینە سۆراخی موسیقا ,

هەڵپەرکێ, شیعری کوردی کە چند گل لە گلەکانی پێک هێنەری شانۆن, رەگەز و عونسری شانۆیی ناویان بدۆزینەوە, کارێک کە یۆنانینەکان بۆ پێکهێنانی شانۆی خۆیان کردیان. ئێمەی کورد دەوڵەتمان نەبووە و گرێدراو بووین و ئیزنی ئەوەمان نەبووە تێکستەکانمان بنووسینەوە, بەیت پەیدا بووە, رۆمانیکی دوورو درێژ کە بە دەنگ گوتراوە زۆرجار کایە کراوە. یۆنان لە سایەی بوونی دەوڵەت و ئازادی هەم بۆتە خاوەنی تێکستی نووسراو هەم شانۆی پێشکەش کراو .لە لایەنی کێشەی درامیەوە سەیری بەیتەکانی خۆمان و تێکستە نووسراوەکانی کۆنی یونان بکەین, ئەبینین عونسوری دراما لە هەر دوو لادا هەیە, ئەو توانیویە بیونووسیتەوە, رێک و پێکی بکا و بەرە و پێشەوەی بەرێ ئێمە تەنیا توانیومانە دەما و دەم بیپارێزین هەروە ک هەڵپەرکێ و کایە کوردیەکان و داب و نەریتەکان. کە وایە ئایا ئەتوانین بڵێین درامای کوردیمان هەیە؟ یا نیمانە؟ ئەگەر هەمانە تایبەتمەندیەکانی چیە؟ ئەگەر تێکست بەشێکی شانۆ بێت ,بەشێکی دیکەی حەرەکەتە! بۆ وێنە هەڵپەرکێی کوردی, ئەم هەنگاوانە کە لە هەڵپەرکێدا هەیە سیستمیکی جولەی ریتمیکە و سەرجەمی کایە کوردییەکانی مناڵ و گەورە بەشێکی تری ئەم سیستمەیە کە ناسنامەی حەرەکەتی لەشی مرۆڤی کوردە و تەمەنی بە قەت خۆی و شوێنی ژیانی درێژە. لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی لە سەر ئەو دوو هێڵە ئەتوانێ ئێمە لە تایبەتمەندیەکانی شانۆی کوردی نزیک کاتەوە و دەتوانێ ئێمە بگەێنێتە دروستکردنی سیستمیکی راهێنانی ئاکتەری شانۆی کوردی! فێرکردنی شانۆ لێرە بە پێی سیستمی ئوروپاییە! جا ستانسیلاوسکی بێ یا هی تر پرسیار ئەوەیە ئایا رۆژیک لە رۆژان حەولی ئەوەمان داوە سیستمیکی راهێنانی خۆمان پێک بینین؟.

سالار بەرێزت لایەنێکت باس کرد هەمیشە ئەوە یاسایە هونەری باو و بڵاو, ئەوەی باو بێ و هەبێ, ئەوەی بشنی و بژی, هونەری دەستەڵاتە! بە پێی چەند هۆیەک ئێمە دەستەڵاتی سیاسیمان نەبووە! بەڵام جێگرەوەی ئەوەمان هەبووە, لە شێوە ی دروست بوونی کۆمەڵگای کوردەواریدا بە هەموو لایەنەکانیەوە! ناتەوای هەبووە, بەڵام لایەنێکی رۆشنی ئەوە بووە کە پاراستونی, چونکە ئێمە ئەو ژیانە ئەو بوونە سیاسیەمان نەبووە, ئەو پاراستونی! لایەنی دووم جولانەوە ,لە رێگای چەند کەسێک کە ئاشنا بوون بە هەڵپەرکێ تێگەیشتم کە ئێمە لە هەموو نەتەوەیەکی تری جیهان هەڵپەرکێمان زیاترە. هونەرمەندێک ماوەیەکی زۆر خەریکی هەڵپەرکێ بوو, ژمارەیەکی زۆر زۆری کۆکردبۆوە, بە تەما بوو لە فستیواڵی سەماکردن و هەڵپەرکێ لە ئەستانبوڵ بەشداری بکا. منیش هونەرمەندێکم لە بانە بینی, پورمهراب کە لە لایەنی تەکنیکەوە پسپۆر بوو, 68 هەڵپەرکێی ناوەچەی سنە و ئەوناوەی کۆ کردبۆوە! لە هەڵپەرکێکاندا چەند شتێکی جیاوازی لە جولەکەدا ئەبینی, جولەی شان, جولەی قاچ, جولەی گەرمی, رەزمی هەموو لایەنەکانی جیا کردبۆوە, کە تایبەتمەندی هەبوو! ئەکتەری ئێمە دەتوانی ئەو مەشقانە فێربێ کە داندراوە! ئێمە هیچ جیاوازیکمان نیە لە سەر رێبازی ستانسیلاوسکی ,چونکە رێبازیکی زانستییە و هەموو جیهان لە سەری ئەرۆن, هەتا ئەوەی ئەڵیاکازانیش قوتابیەکانی بەم شێوە پەروەردە دەکا. لە هەموو لایەک هەتا برلین لە سەر ئەو رێبازە ئەچون. ئێستا نازانم! بەڵام ئێمە ئەتوانین بۆ بوعدی تەکنیک قوتابی هونەری دراما لە سەر جولەی کوردی پەروەردە بکەین. جولانەوەی کوردی بە پێی بوونی ناوچەکە, لایەنی سایکۆلۆژی و بارە سوسیولوژیەکەی کە مرۆڤی کورد تێدا ژیاوی دەست نیشان دەکا! ئەکتەری کورد پێویستی بەوەیە! زۆر جاری واهە بووە, وتویانە بۆ دەستتان زۆر ئەجوڵێنن؟ ئێمە وادروست بووە کە زیاتر دەست ئەجولێنین, جاری وایە لە بری زمانیش پێش زمان دەست ئەجولێت و یا لە رۆیشتنمان قاچمان بڵاو ئەکەینەوە ناوچەکان وابووە کە وا بروا. ئەو جولانەوە وەکو هەموو لایەنێکی ژیانی چیایی جیاوازە, ئەو گورج و گۆلیە ئەتوانین بە

کاری بێنین و لیکۆلینەوەی لـە سـەر بکرێ, لـە سـەر جولانـەوەی لـە لـەشی مرۆڤی کورد. زۆرشتی جیاوازمان هەیە، وەکو جەنابت فەرموت ئێمە زۆر راهاتووی سـەر کورسـی دانیـشتن نین, ئەو چوار مەشقی دانیشتنە رەنگە کەسێکی کە نەتوانێ, بەلام ئێمە ئەتوانین, بـە مانـگ و بە ساڵ ئاوا چوار مەشقی دانیشین یەکی تر رەنگە توشی کۆمەلێک فەقەرات بێ نەتوانێت. کە دیراسەی کۆمەڵگایەک ئەکەین, ئەلێین لە هەموو لایەنەکانی ئاوایـە, لایـەنـی جولانـەوەشـی وایە! بەلام تا ئێستا کەم تەرخەمی هەبووە, هیچ لێکۆلینەوەیەکی زانـستی و تۆژینـەوەیـەک لە سەر جولانەوە وسایکۆلۆژی جولانەوە, چ لای ئەکتەری کورد چ لای مرۆڤی کورد نەکراوە.

سەباح بە حەقیقەت ئەگەر ملاحـزەیـەکی شوانی کـورد لـە ناوچـەکـانی شـاخـاوی بکـەیـن, شێوەی دەنگ هەڵبڕینی لە بۆ بانگکردن کە دڵێ هۆ فلان هیچ هۆیەکی نیـە بـە بـێ ئـەوەی وا دەستی گۆچانەکەی هەڵنەبڕێ,لە بەر ئەوەی مەنتەقەکە شـاخاویە, لـە یـەک دورن, کـە فیلمـی سینەمایی دەبینی کە بانگی یەکێکی دەکا ئەوا دەکا ( بە دەست نیـشانی دەدا), لـە بـەر ئـەوەی لە و راستایەوە دەیەوێ دەنگەکەی بگەیێنێتە, ئەو زەلامەی کە بەرانبەری دێ! رەنگە ئەوشتانە وەکو تاقیکردنەوەی مەشق کردنی شانۆیی وەک شارەزایی هـەر دەرهێنـەرێک و ژیـانی خـۆی لەو ناوچەیە کە تێدا ژییاوە, کە لە نـاو مـاڵ پـەیدای کـردوە, یـان لـە وانـەی کـە لـەوی بـە تەمەنترن گرتی،توانێبێتی بیگەیێنێتە مەکتەب و مەشقی پێبکات! بەلام وەکو لـە بدایـەتیـشەوە باسم کرد ئێمە نەگەیشتونەتە قوناغی دانانی نـەزەریـات! لـە بـەر ئـەوەی ئـەو فرسـەتـەمـان نەبووە هەر تاقیکردنەوەیەک, تەسویق بکەین وەکو نەزەریە, وەکو خسوسیەتێکی خـاس لـە ئیشکردندا!. ئەکتەری مە هونەرمەندی شانۆیی مە بروا ناکم تا ئێستا لـە ژیـانی موتـەفـەوق بوبیتن لە بۆ مەجالی ئیشکردنی شانۆیی! رەنگە ئیشێکی تری هەبووە و مـەسـەلـەی عیشقی شانۆیی شتێکی سانەوی بووە! وەکو عیشق ممارسەی کردیە. وەکو لیپرسراویک بـەرانبـەر بـە میللەتەکەی ممارسەی کردیە, ئەوە وای لێکردیـە کـە دایمـەن زۆر سـەریـع بـێ ونـەتـوانێ بـە هەنگاوەکانیدا بچێتەوە لە بۆ تاقیکردنەوە یخۆی! بە تەسوری من لیکۆلینـەوەی ئـەو مە سائیلانە بە قوناغی پەرینەوە دادەندرین, لە حەولـدان لـە بـۆ دروسـت کـردنـی شـانـۆ لـە بـۆ بوونی شانۆ وەکو کیانێک, وەکو خسوسیەتێک, وەکو مـورکێکی تایبـەت. وابـزانم ئێـستا خەریکە نزیک دەبێتەوە. لەوە گوتم مەسەلەی راپەرین لە بەر چی هیچ رەنگدانەوەیـەکی وا دیار وبەرز و پرتفاسیلی لای هونەرمەندانی شانۆ نەبووە, لـە بـەر ئـەوەی شـتەکـە ئـەوەنـدە گەوریە ناتواندرێ بە سەر پێ ئەتۆ تناولی بکەی, لە هـەمـان کاتـدا ئـەوەنـدە ئـالـوزە هێـشتا ختوتەکانی لە یەک جیا نەبۆتەوە, حەتتا روخساری تەوای ئەو مەسەلەیە دیار نیە کە ئـەتـۆ بتوانی عەرزی بکەی وەکو مەسەلەیەک! تا ئێستا مە مەسەلەی راپەرین لە بدایەتی رێگـەیـە, وا بزانم لە ناوەراستین نازانین چارە سەر کوو دەبێ, چـارەنـووس کـوو دەبـێ, وەزعمـان چـی دەبێ؟ تەحلیل هەیە شیکردنەوە هەیە لە بۆ ئـەو شتە! خـۆی فیعلـەن مـەوزوعیکی زۆر زۆر خۆشە مەسەلەی لیکدانەوە لە مەسەلەی حەرەکە, مەسەلەی دەنگ لـە کوردەواریدا! ئـەوانـە هەمووی عەلاقەی بەوەوە هەیە وەکو ماموستا ئەحمەد سالار باسی کرد ببیتە پـاڵ پـشتێک لـە بۆ ئەو کەرەستانەی وەکو روالەت وەکو رەسەنایەتی لـە نـاو کوردا هـەیـە! ئـەوانـەش یـەک بگرێتەوە تا نەزەریەی مۆرکی تایبەتی شانۆی کوردی دروست ببێت!.

☹ هـەر وەک ئاشکرایە ماموسـتا ئـەحمـەد سـالار و ماموسـتا سفوەت جـەراح وسـەبـاح عەبدولرەحمان لەو بوارەی کە جەنابت فەرمووت بەرهـەمیـان زۆرە کـە رەنـگ وبـۆ و هـەمـوو شتیکی کوردی تێدایە بۆ نمونە ماموستا ئەحمەد سـالار ئـەو دەمـەی هـەڵـۆ بـەرز ئـەفـرێ, ئـە ودەمەی ئەوین مەزن تر دەبێ, شێوەیەکی تایبەتی, ئەحمەد سالار نالی, شێوەیەکی تایبـەتـی

دۆزیەوە کە پێی دەڵێین شێوەی( احتفالی) بە هەموو ڕەنگ وبۆ و جل وبەرگ و ئاواز و موسیقا و دیکۆر و جولە و هەمووشتێکی ڕەنگ وبۆی کوردەواری پیوە بوو!

**سالار** ئەڵبەتە ئەتوانین شتی چاکتر بکەین چون ئەوە ئێمە دوو التجامان هەیە!

**سەفوەت جەراح** لە عالەما هەر وەکو هەموومان دەزانین مەدرەسەی ستانسیلاوسکی هەیە, برێشت هەیە, ئەوانی تر هەیە و بە ئێرە گەیشتووە ئێمەش وەک قەواعدی ئیشکردن لە قەزیەی شانۆدا لە وانەمان وەرگرتووە. دراساتی ئێمە دراساتیکی عەرەبیە ئەوەی فێری بووین لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان لە بەغدا فێربووین! ماموستایانی ئێمە هەر ئەو ماموستا و قوتابیانە بووینە کە لە دەرەوەی عێراق لە ئاڵمانیا یا لە اتحادی سوفیەتی یا ئەمریکا, ئینگلتەرە خوێندویانە. یانی ئەو نەزەریاتە کە ئەوانە لە گەڵ خۆیان هێناویانە لە قوتابخانە لە ڕێگای دەرسدانەوە بڵاویان کردۆتەوە. هەروەک ماموستا ئەحمەد سالار یەک لە ماموستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو لە سولەیمانی, یانی ئەوە بە ریگای ئەوان دەگەیشتە ئێمە و ئێستاش لە هەولێر لە سولەیمانی لە دهوک بە ڕای من ئەوەی کە دەرس دەڵێتەوە هەموو پەروەردی ئەو ماموستایانە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدان. جا ئەگەر کولیج بێ پەیمانگا بێ دراساتی ئەوان دراساتی ئەجنەبیە, لە دەرەوە هاتووە! یانی هیچ کەسێک نیە لە کوردەکان تا وەکو ئێستا بە مەزندەی من چوبێتە دەرەوە خوێندبێتی و لە سەر ئەساسێکی عیلمانی هاتبێ نەزەریەیەکی تازەی دانابێ. لە سەر حەرەکەی کوردی حەرەکەی شانۆی کوردی حەرەکەی ئاکتەری کورد! هەر وکو ماموستا سەباح باسی کرد تەنزیر نیە لە مەسرەحی کوردیدا! تا کو ئێستا کەس نیە بتوانێ بچێتە دەرەوە و نەوعە دراسەتێک, نەوعە ماجستێرێکی هەبێ لەو شانۆیەدا. لە بەر ئەوە ئێمە پەروەردەی ئینسانی غەیری کوردین لە وناحیەوە!

**سە باح** بەڵام لە گەڵ ئەوەش وەکو لایەنی زانستی شانۆ لە هەموو جیهان وابزانم هەروایە, یانی ئینسانی شانۆیی پێویستە شارەزایی لە هەرچی سەقافەی شانۆی هەیە لە جیهاندا هەبێ, و زۆرجار تەئسیراتشی لە سەر دەبێ, بەڵام دیسان تاقیکردنەوەی تایبەتی هەر هونەرمەندێک لە سیمایکی خاسی خۆیدا هەیە, لە بۆ نمونە شانۆگەریەکانی ماموستا ئەحمەد سالار ئەگەر بێتو زەلامێک تەنیا موتابعەی ڕۆلی ڕۆشنبیری شانۆی کردبێت و ماموستا ئەحمەد سالار نەناسی بە دەنگ گوێی لە شانۆگەرێک بێ, ڕەنگە ئیشارە بکا بڵێ, لە شانۆگەریەکانی ماموستا ئەحمەد سالارە, واتە روخسارێکی تایبەتی لە بۆ ماموستا ئەحمەد سالاری هەیە! ساڵانی 70 کە هاتمە هەولێر بیدایەت بە شانۆگەری جیهانی دەستم پێکرد, پاش ئەوە حەولمدا شانۆی میللی کار بکەم بە پێی تەبیعەتی ژیانم لە ناو کۆمەلگایەکی میللی وەک هەولێرکە هەموو ڕەفتار و سلوکی کەسانی پێوە دیاربێ! تەنها تاقیکردنەوەیەکی ئیقتیباسی بوو. لە تەجروبەی خوێندنی فەننی, فەترەی قوناغەکانی خویندن! تاقیکردنەوەیەک لە شانۆی کوردی,

وەکو فەترەی شانۆی ئەزمونگەری هەبوو کە وەکو مەوجێک هات وکەچی نەیتوانی جێگەی خۆی بکاتەوە بەو شکلەی کە خۆشەویستیەک دروست بکات! حالەتێکی دراسە, حەتتا لە ناو ئێمەش دروست بوو, و دراسەکە لە بۆ ئەوی بوو کە وا بتوانین تا حەدیک سوود لە شانۆی ئەزمونگەری وەرگرین, کورد تاقیکردنەوەی هەموو جیهان بکاتە کەرەستە لە بۆ خۆی! دەست نیشان کردنی شێوەیەکی عیلمی زۆر پێویستە, چونکە ئەتو لە قوناغی دروستکردنی شانۆ بی, لە قوناغی دروستکردنی جماوری شانۆی بی, ئەگەر نەتوانی جماورێکی شانۆیی وا دروست بکەی کە پردیک لە بین شانۆ و بەینی جماور هەبێتن, کەواتە ئەتۆ تەنها ممارسەی هونەرەکەت دەکەی لە بۆ خۆت و لە بۆ خودی خۆت, وەکو تاقیکردنەوەیکی عیلمی! ئەوەی

که من بیستومه, زۆر لەو برادەرە هونەرمەندانەی کە چوون لە دەرەوە خوێندنیان تەواو کردووە تێزیان لە سەر تاقیکردنەوەکانی مە پێشکەش کردوە! بەڵام دراساتیان نەگەیشتۆتە دەست ئێمە, بەس دڵنیام کە وا موئەلەفات هەیە, وەکو تیز! ئەو قوتابیانە کە دەرچووینە و لە دەرەوە خوێندنیان تەواو کردیە, لە سەر ئەساسی تاقیکردنەوەی ئەو هونەرمەندانەی شانۆیە کە لە کوردستان بە فیعلی ژیاون!

جەراح موزوعێکی تر دەقی شانۆ, ئەگەر بێتو ئێستا یەک لە هونەرمەندەکانی سولەیمانی یا هەولێر دەقێکی شانۆی ئاڵمانی هەڵبژێرێ بییەوێ دەری بێنێ بۆ شانۆ, ئەگەر بێتو تەدریباتی ئەکتەرەکانی بکا یانی ئەو شەخسیاتانەی کە لەو دەقەدا هەیە, لەو شانۆگەریەدا هەیە, ئەتوانێ بە حەرەکە و هەستی دەرونی ناو ئەکتەرەکانی بیرو هەستی کوردایەتی خۆی لە شانۆگەرییکەدا نیشان بدا. بەڵام تۆ دەقێکی کوردەواریت هەیە بە دەرون هەر یەکە, لێرە ئینسانێکی کورد لە گەڵ ئینسانێکی ئاڵمانی یا ئینگلیسی یا روسی دەرون عەینی دەرونە هەست عەینی هەستە بەس فەرق و جیاوازی لە حەرەکەدا هەیە, دانیشتن و هەستان و بیرکردنەوە, هاوارکردن و گۆرانی گوتن و هەڵپەرکێ و ئەو شتانە! تێکست خۆی فەرز دەکا مومەسیل بە چ شێوەیەک بە چ نەوعێک بە چ هەستێک هەڵبستێ و دانیشێ حەرەکەت بکا لە سەر شانۆ یا نا؟ شانۆگەریەکی ماموستا ئەحمەد کە باسی توراسی کوردەواری دەکا و باسی فوڵکلوری کوردی دەکا و ئەمن بەمەوێ بە شێوەیەکی ئوروپی دەریبێنم شکلی عامی شانۆگەریەکە خۆی فەرز دەکا بە چ شێوەیەک دەری بێنی!

سە باح لە روی دراساتەوە, وەکو دراسات راستە هەر دەقێک خاسەتەن دەقی جیهانی پێویستی بە دابین کردنی هەموو هەل و مەرجەکانی هەیە کە وا جیهانی بوونەکەی یا وەکو بڵێین ئەو میللەتەی ئەو شانۆگەریەی تێدا دروست بووە نیشان بدا, بەڵام کورد بە عام شانۆی کوردی بە عام زۆر روی لە هەڵبژاردنی دەقی عالەمی نەکردیە, ئەگەر کردبێشی, بەو ئلتجاهە کردویە کە ئەو دەقە تا چ رادەیەک گونجاوە لە گەڵ وەزع و کێشەی کورد و مەسەلە نەتەوایەتیەکە و ئەو موشکلە کۆمەڵایەتیانە کە لە ناو کوردەواری دا هەیە, لە بۆ نمونە ماموستا ئەحمەد سالار لە کاتی خۆی باڵتۆی پێشکەش کرد, راستە دەقێکی عالەمیە بەڵام لە روی ئەجوات و عەلاقات, پێوەندی شەخسیاتەکان هەست دەکەی کە زۆر نزیکە لە خۆمان. هەست دەکەی ئەوەی کە لە ناو دڵمانە و دەمانەوێ بیڵێین ,ئەو کێشەی کە لامان هەیە, دەتوانێ چاولێبکەی! ئەمن لە کاتی خۆی چڵپاوم هەڵبژارد بە هەمان شێوە تەناولم کرد, راستە دەقێکی عالەمیە بەڵام ماکسیم گۆرکی لە بەر ئەوەی فیعلەن ئەو خواست و ئەو حەز و تەرحەی کە پێویستە لای مە دروست ببێتن هەبووە. لە بەر ئەوە هەڵمبژاردوە. نازانم ئەمن تا ئێستا ئەوەی کە موتابعەم کردبێ, لە هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لە سولەیمانی پێشکەش کرابێ, لە دهۆک پێشکەش کرایە, لە هەولێر پێشکەش کرایە بەدەگمەن دەقێکی تاقیکردنەوەی شانۆییم بینیوە کە بەس بۆ تاقیکردنەوە هەڵبژاردرابێ. تەنەها لەو مەرحەلە نەبێ کە ئەزمونگەری دەیویست, مەوجێک, دەستەڵاتێک بنوینن یان باڵی بە سەر وەزعەکەدا بکێشێ, دەنا زۆر زیرەکانە هەموو ئەوانەی کە لە شانۆ ئیشیان کردووە لە دەق هەڵبژاردن توانیویانە سەرکە وتووبن!

برایم من لیستێکی شانۆنامەی کوردیم دیت هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەو ساڵانەی دوایە, بەشی زۆری دقی وەرگێڕدراو بوو!

سەباح بە حەقیقەت شانۆگەری کوردی هیچ وەختێک لە بەر ئەوەی خۆی خاوەنی دەستەڵاتی خۆی نەبووە رێگەی نەدراوەتێ بە سەهولەت بە ئاسانی چاپ بکرێ! بەڵام دەزگا چاپەمەنیەکان هەروەکو هەڵخلەتاندنێک زوو هەر لە بەر ئەوەی بڵێن وا ئێمە رێگامان دایە

ئەو میللەتە بە زمانی خۆی دەدوێ, ممارسەی هونەرەکەی خۆی دەکا, ئەو شتە تەرجومانەیان چاپ کردوە و بە سانایش گەیشتوتە دەرەوە! ئەمن پێم وایە  شانۆگەری تەرجەمە  زۆر کەمە لە کوردستان بە تایبەتی لەو قوناغە  زۆر زۆر کە مە و من نەمبیستوە!

☹ حە زدەکەم ئیشارە بکەم خۆم لە پەیمانگا دەرس ئەڵێمەوە, موشکلەیەکی هەرە گەورە بە لای قوتابیەکان نەبوونی کتێبە, هیچ کتێبیک نیە تەرجمو کرابێ بە کوردی, هەیە نیە چەند کتێبیکە دەروازەی درامای ماموستا ئەحمەد سالار کە خۆم ئێستا کردومە بە دەرسی قوتابیان کە ئەیخوێنن, قوتابی شانۆ پێویستی بە کتێبیکە کە بیخوێنی زیاتر شت فێربێ, نیە موشکیلەیەکی هەرە گەورەیە تا کو ئێستا! زۆر کەم زۆر کەم لە عەرەبیەوە کراوە بە کوردی, بەڵێ عەرەبی زۆرە!!

تە واو

هوتیل شیرین هەولێر1994,3,30

